# كتيّب

جەلیل کاکەوەیس

# کتێب

## خوێندنەوەی بیست تێکستی هەمەجۆر

٢٠١١

**لیژنەی سەرپەرشتیاری چاپ**

**بورهان ئەحمەد**

**حەمە سەعید زەنگنە**

**سەباح ئیسماعیل**

**نەوزاد عەلی شێخانی**

**ناوی کتێب: کتێب**

**بابەت: خوێندنەوەی بیست تێکستی هەمەجۆر**

**نووسەر: جەلیل کاکەوەیس**

**دەرهێنانی هونەری: ئاکار جەلیل کاکەوەیس**

**لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد– لقی کەرکووک ژمارە (١٣١)**

**چاپخانە: کارۆ**

**چاپی یەکەم– ٢٠١١**

**تیراژ: (٥٠٠) دانە**

# ناوەرۆک


پێشەکی/ ل٦

گەمەکانی "کا" لە رۆمانی بەفردا/ ل١١

شلۆمۆ کوردە و من و رۆژگار/ ل٢١

نیازی چۆلەکە سپییەکە/ ل٢٩

سۆفی و سۆفیگەرێتی/ ل٣٧

زمانی کورد/ ل٤٥

یادەوەری جەستە ـ ئاژاوەی هەستەکان ـ سەرجێیەکی رەوتەنی/ ل٦١

یەزدان دۆخت خانەدانی هەولێری/ ل٦٩

ساباتێک لە مێژەلۆک/ ل٧٧

پێنجەمین کتێب/ ل٨٥

رشتەی مرواری/ ل٩٣

کازانتزاکیسی لێکترازاو/ ل١٠١

جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد/ ل١٠٩

نوری سەعید پیاوی دەوڵەت و مرۆڤ/ ل١١٧

بەهاری رەش/ ل١٢٥

سەعید قەزاز و دەوری لە سیاسەتی عێراقدا تا ساڵی ١٩٥٩/ ل١٣٣

بەرەو رۆژ/ ل١٤١

ئاشتی کوردستان یان (ئارامیی دڵ)/ ل١٤٩

بەردەژن!!/ ل١٥٧

خواوەندی ئەلەموت/ ل١٦٥

# پێشەکی

ئەم کتێبە کە ناوەکەیشی هەر (کتێب)ە، بریتییە لە خوێندنەوەی بیست تێکستی هەمەجۆر و لە هەفتەنامەی (رووبەری داهێنان)دا وەك گۆشەیەك دوو هەفتە جارێك بڵاوبوونەتەوە.

کۆکردنەوەی ئەو نووسینانە لە دووتوێی کتێبێکدا لەلایەکەوە بۆ لایەنی مەعنەوی خۆم لە پەرتەوازەیی رزگارم کردوون و لەلایەکی ترەوە پێموایە لە میانەی کۆمەڵێ دەقی جیاوازەوە کە هەریەکەیان سەر بە ئایدیا و بۆچوونێکی جیاوازە دەگەینە کەلتوورە جیاوازەکان، گەرچی هەندێ لەو دەقانە نووسەری غەیرە کورد دای هێناون، بەڵام لەدوور یان نزیك

پەیوەندییان بە ئێمەی کوردەوە هەیە، ئاوهاش دەکرێ لە میانەی هەندێ لەم دەقانەوە کەلتووری خۆمان بەسەر بکەینەوە، کە خۆمان لە عاستیاندا دەسەوسان و بێ دیدگا بووین، رەنگە بە خەمخۆرییەوە جارێکی دیکە بەو بۆشییانەدا بچینەوە و بتوانین بە شێوەیەکی نوێباوتر کەلتووری خۆمان بخوێنینەوە، یان دەستمان لە سەرەداوی ونبووی زۆر گیر ببێت.

من لە خوێندنەوەی ئەو تێکســتانەدا نەهاتــووم لەجیاتی خوێنەر بەو تێکستانەدا بچمەوە، یان لەبری ئەوان بڕیاری رەخنەیی بدەم، بەڵکو ئەم کارە بۆچـــوون و دیدی تایبەتی خۆمە و وەك خوێنەرێك رێك مامەڵەم لەگەڵ هەریەکەیاندا کردووە، ئەم کارەشم لەو بڕوایەوە کردووە کە هەموو خوێندنەوەیەك بریتییە لە دووبارە دارشتنەوەی دەق، چونکە لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا بۆچوونی نوێ ســـەرهەڵدەدات، جا ئیدی دژە بۆچوون بێـــت، یان بەدیوێکی تردا تەبـــا و هەماهەنگ بێت. گومانم نییە کە خوێندنەوەی هەر دەقێك لەو دەقانە چ بۆ خۆم و چ بۆ خوێنەری تریش دوا خوێندنەوە و ســـەنگی مەحەك نین، چونکە ئەوساش و ئەمێستاش پێموایە چڕکردنەوەی نێوەڕۆکی کتێبێك لە گۆشەیەکدا لەهەق هەموو لایەنەکانی هزری و ئیســـتاتیکی نایات و رەنگە تەنها بتوانێت لایەنە گەوهەرییەکان پەنجەنوما بکات.

هەر لەم بڕوایەشـــەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە بۆچوونی من نابنە جێگـــرەوەی یەکجارەکی خوێنەرێکی دی، بەڵکو بە هەویام دەرگایەکم لەســـەر ئەم دەقانە بۆ گفتوگۆ کردبێتەوە، چونکە بڕوام وایە نەوەیەك پێگەیشـــتووە خۆی ئارەزووی ئەزموون کردنی هەیە و دەیهەوێ خۆی

بوارەکان تاقی بکاتەوە و بە تەنها خوێندنەویەك داناکەوێت و تامەزرۆی ناشکێت.

لە هەڵبژاردنی تێکستەکاندا یەکێتی بابەت رەچاو نەکراوە، واتا لەسەر یەك جۆر ژانری وەك رۆمان، یان چیرۆك، یان یادەوەری، یاخود مێژوو هەڵوەستە کرابێت، بەڵکو خوێندنەوە بۆ بابەتگەلێ کراوە بە تایبەتی ئەو بوارانەی گێڕانەوەیان تێدا بەکارهێنراوە، بۆیەخوێنەر لەم خوێندنەوانەدا هەست بە فرەلایەنی و فرە رەهەندی کارەکە دەکات، پێموایە ئەم کارەش دەرگایەك لەســـەر (رەخنەی رەخنە) دەکاتەوە و بەمەش دیالۆگێك لە نێوان خاوەن دەقەکان، یاخود خودی دەقەکە و خوێندووەکان دروســـت دەبێت، ئاوهاش لەلایەکەوە ئەو تێکستە لەبیرکراوانە لەسەر رەفە تۆزلێ نیشتووەکان دێنینە خـــوارەوە و جارێکی دی گیانیان وەبەردا دەکەین، لەلایەکی دیکەوە بەو کەلتوورەدا دەچینەوە کەخۆمان وەك مێژوویەك پێیدا تێپەڕبووین و لەبیرمان کردووە. لەهەردوو بارەکەشـــدا شتێکی نوێ دەدۆزینەوە کە پەیوەندی بە دەرەتانی ئەمێستا و ئاییندەمانەوە هەیە.

لەمیانەی خوێندنەوەی ئەو بیســـت دەقـــەوە وەك خوێنەرێك نەك وەك رەخنەگرێك ئەوەم لا دروست بوو کە ئێمە لەم دە پانزە ساڵەی دواییدا تەنها کتێب چاپ دەکەین و کتێبخانەی ماڵەکانمانیان پێ قەڵەباڵغ دەکەین و نایان خوێنینەوە، پێموایە گەر لە دنیای دەرەوەی رەخنەی ئەکادیمیش بێت خوێنەری ئاسایی دەتوانێت لە رێگەی خوێندنەوەوە قسەیەکی دەربارەی ئەو دەقانەهەبێت، ئاوهاش نەخشـــە رێگایەك بۆ نەوەکانی داهاتوومان دەکێشین، بە پێچەوانەی ئەمەش ساڵگارێکی دی بەشێکی گەورەی

کتێبخانەی کوردی وەك ئەرشیفێکی لەبیرکراو قەتیس دەکرێ، ئاوهاش قۆناغەکانی رۆشنبیریمان هیچ بەندیوارییەکیان لەنێواندا نامێنێت.
ئەوانەی وتران بیروبۆچوونی منی خوێنەرە و هیوادارم نووسەرانی هەموو دەقەکانم رەنج بەخەسار نەکردبێت.

**جەلیل کاکەوەیس**
**٢٠١١/٥/١٤**

# گەمەکانی "کا"
# لە رۆمانی بەفردا

## گەمەکانی "کا" لە رۆمانی بەفردا

بەفر رۆمانێکی تری "ئۆرهان پامۆك"ی رۆماننووسی تورکەو خەڵاتی نۆبڵی ٢٠٠٦ ی پێ بەخشراوە. ئەم رۆمانە ٤٤٤ لاپەڕەیە و "عەبدولقادر ئیللی" کردویەتی بە عەرەبی و لە بڵاوکراوەکانی "الجمل"ە.

رۆمانی بەفر ئاوها دەست پێدەکات: "ئەو پیاوەی کە راستەوخۆ لە پشت شوفێری پاسەکە دانیشتبوو، بیری لە کپی بەفرەکە دەکردەوە.

دەڵێت: گەر کپی بەفرەکە کە لە ناخەوە بیری لێدەکردەوە، ببوایەتە سەرەتای چامەیەك".

ئەمە ســـەرەتای ئەو سەفەرەیە کە شاکەسی رۆمانەکە "کەریم ئالاقوش

ئۆغلۆ" لە ئەستەمبوڵەوە بەرەو شاری قارس دەست پێدەکات.
"کەریـــم" حەزی بەناوەکەی خۆی نییـــە، بۆیە هەردوو پیتی "ك" و "ا" لە ناوەکەی خۆی هەڵێنجاوە و لە رۆمانەکەدا بە "کا" دەناســـرێ. "کا" هەڵاتوویەکی تورکە و ماوەی دوانزە ساڵ لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا گیرســـاوەتەوە. پاشان دەگەڕێتەوە تورکیا و لەسەر پێشنیاری بەرپرسی رۆژنامەی "جمهوریەت" وەك پەیامنێرێك بۆ نووسینی ریپۆرتاژێك بەرەو شاری قارس دەچێت. گەمەکانی "کا" لە ماوەی سێ رۆژی بەفراوی شاری قارس بەپێی پلانێکی نەخشە بۆکێشراو نییە و بۆ مەبەستی ئەو گەمەیەش وەك رۆژنامە نووسێك رووی نەکردووەتە شاری قارس، بەڵکو شارەکە خۆی لەو دەمەدا بە ململانێی نێوان عەلمانییەکانی دەسەڵاتی تورك و ئیســـلامی سیاسی و کوردە نەتەوەییەکان و گروپە چەپەکان و چالاکییەکانی پارتی کاری کوردستان بارگاوی بووە. شارەکە خۆی لەو رۆژە ســـارد و بەفراوییانەدا لە دۆخی گڕگرتندا بووە و هەر ئەوەندەی بەس بووە "کا" بە هۆی پەیوەندییە خێراو هەمەلایەنەکانییەوە لە ماوەی ســـێ رۆژی مانەوەی لەو شارەدا فوو لە ئاگری کۆنە قینەکانی ئەو هەموو لایەن و گروپەی نێو شارەکە بکات. ریپۆرتاژێکی رۆژنامەنووسی دەربارەی هەڵبژاردنی سەرۆکی شارەوانی قارس و دیاردەی خۆکوشتنی ئافرەتان وردە وردە لەبیر دەچنەوە "کا" لەناکاو دەبێتە میانگیرێکی نێوان لایەنەکان و هاوکات کوشـــتارو خوێنرشتن و مایەی گومان. ئەم لایەن بۆ مەبەستی خۆی و لەپای بەرژەوەندی تایبەتی خۆی "کا" رادەسپێرێ بۆلای لایەنێکی دیکە و هەردوولاش لێی بە گومانن. ئەمیش لەو دۆخە مەترسیدارەدا زۆربەی ئەرکەکان جێبەجێ دەکات و بە دزی چاوی پۆلیس

و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە بەرەو ئوتێلی "بەفر پاڵاس" دزە دەکات و لەوێ بە جەستەیەکی شەکەت و دەروونێکی نائارامەوە دەخرێتە باوەشی ئیبکی بێوەژن و جوان. کۆنە قینی لایەنەکان لە میانی نمایشکردنی شانۆییەکی بەنـــاو ئەزموونگەرییەوە دەتەقێنەوە و تەلەفزیۆنی ناوخۆیی شـــاریش پەخشی دەکات. شانۆییەکە ناوی دەنرێ 'کودەتا"، کودەتای عەلمانی و عەسکەرتارەکان بەسەر ئیسلامی سیاسی و کوردە نەتەوەییەکانی شاری قارس. نمایشەکە لە میانەی ئەکتەرێکی ئافرەتەوەیە، کە لەسەر شانۆکە سەرپۆشەکەی خۆی دادەکەنێت و دەی سووتێنێت. هەر لەم سەروبەندەدا سەرکردەیەکی ئیسلامی بەناوی 'کەحلی" دەستگیر دەکرێ و گەمەکاران جارێکی دی 'کا" دێننە نێو گەمەی خۆیانەوە و رای دەســـپێرن کە لە زیندان چاوی بە کەحلی بکەوێت و پێی بڵێت کە رزگاربوونی گیانی بەندە بەوەی داوا لە "قەدیفە" بکات لەسەر شانۆکە سەرپۆشەکەی خۆی فڕێ بدات.

"قەدیفە" ئافرەتێکی ئیســـلامییە و ژێراوژێر پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کەحلی هەیە. 'کا" هەموو راسپاردەکان جێبەجێ دەکات، بەڵام کەحلی لە زیندان لە ســـێدارە دەدرێ. 'کا" لە ماوەی ئەو ســـێ رۆژە بارگاوییەی شـــاری "قارس" ئەرکە سەرەکییەکەی خۆی کە نووسینی ریپۆرتاژێکە دەربارەی هەڵبژاردنی ســـەرۆکی شـــارەوانی و دیاردەی خۆکوشتنی ئافرەتان، فەرامۆش دەکات و بۆ هەر رووداوێکی ئەو سێ رۆژە چامەیەك دەنووسێت، ئیدی ژمارەی شیعرەکان دەگەنە نۆزدە پارچە شـــیعرو هەر یەکەیان رووداوێکی ئەو رۆژەمان بـــۆ دەگێرنەوە و دەبنە سەردێری هەر چل و چوار بەشەکەی رۆمانی بەفر.

سیمای دەرەوەی ڕۆمانی "بەفر"ی پامۆك پڕە لە زاراوە باوەکانی سەردەمەکەمان، وەك: دەسەڵاتی عەلمانی و ئیسلامی سیاسی و پارتی کاری کورد و کوردە نەتەوەییەکان و چەپەکان و گەنجی بێکارو کێشەی ئافرەتان و ...هتد.

ئەمزاراوانەش ڕۆژانە خەڵکی بەئاگاو بەعەوامیشەوە ڕۆژانە لە میدیاکانەوە دەیان ژنەون. جگە لەمانەش لە میانەی گێڕانەوەدا مێژوویەکی تاڵی ئەو شارە لە بیرکراوە بیردەخاتەوە وەك کۆمەڵکوژی ئەرمەن و قڕکردنی کورد کە لە (٤٤٪) شارەکە پێك دێنن. جگە لەمانەش سیمای کۆنی شارەکەمان لەمەڕ بیناسازی رووسەکان و ئەرمەنەکانەوە بیر دەخاتەوە کە ئێستا بەدەستی عەلمانی تورکەوە شوێنەوارو کەلاوەکانیان ماوەتەوە. کە رۆڵی "کا" وەك شاکەسێك کۆتایی دێت، ئەویش لە رۆژی چوارەمدا گەمەکارەکانی کودەتا بۆ سڕپۆشکردنی نهێنیەکان بە شەمەندەفەرێك "کا" رەوانەی ئەستەمبۆل دەکەنەوە. جا لێرەدا رۆڵی کەسێتییەکی دیکە دەردەکەوێت کە ئەویش نووسەری رۆمانی بەفر خۆیەتی و لە چەندین شوێن ناوی راستەقینەی خۆی "ئۆرهان" دەبات.

ئەم کەسێتیە "نووسەر" بە مەبەستی نووسینی رۆمانێك دووی رووداوی ئەو سێ رۆژە بارگاویەی شاری قارس دەکەوێت کە بەر لە چوار ساڵ "کا" تێدا گەمەیەکی لابەلا و بێمەبەستی کردووە. هاتنی نووسەریش بۆ شاری قارس لە هەمان وەرزی شوباتی بەفریاریندایە. سۆراغی ئەو پارچە شیعرانە دەکات کە کاتی خۆی "کا" لە دەفتەرێکی سەوزدا نووسیبوونی، دەچێتە هەمان ئەو ژوورەی کە "کا" لە ئوتێل بەفرپالاس تێدا نیشتەجێ ببوو، بۆنی پاشماوەی کارە سێکسیەکانی کا و ئێبك دەکات و

چاوی بە ئێبکی بێوەژن و جوان دەکەوێت و دەیهەوێ وەك "کا" پێی بڵێت "خۆشـــم دەوێی". سەردانی ئەو شوێنە دەکات کە شانۆیی کودەتای لێ نمایش کراو شوێنەواری ئەو پەڵە خوێنانە دەبینێت کە بە هۆی کوشتنی زائیم لەلایەن قەدیفەوە لەســـەر تەختەی شانۆکە بەجێ مابوو. ئیدی نووسەر دەیهەوێ کت و مت ببێتە کا و رووداوەکان لە رێگەی خەیاڵی رۆماننوسیەوە دووبارە بکاتەوە.

رۆمانی بەفر تەکنیکێکی نوێباوی تێدا بەکارهێنراوە، گەر خوێنەر وریا نەبێت، رەنگە لە نێوان شاکەس "کا" و نووسەر خۆی تێکەڵییەك دروست ببێت، بۆیە پێم وایە رۆمانی بەفر سەرەڕای هونەری رۆمان خوێنەریش دەکاتە هاوبەشێکی گێڕانەوەکە، چونکە زۆربەی رووداوەکان لە میانەی زاراوەی باوی سەردەمەکانەوە یان رەگێکیان لە مێژوودا هەیە و خۆمان ئاگاداریانین، یان رۆژانە لە سەردەمی ئێستاماندا لە رێگەی میدیاکانەوە لامان دووبارە دەبنەوە و دەیان بیســـتین، بۆیە دەشێ رووداوی رۆمانەکە لە شوێنێکدا نەوەستێت و هەر بەردەوام بێت. رەنگە ئەمەش وای کردبێت کـــە رۆمانی بەفر لە رواڵەتدا لـــە ئەفتۆبیۆگرافیایەك بچێت، بەڵام تەکنیککاری و هونەری چنینی رۆمانەکە لەم بارە دوورمان دەخاتەوە لە کۆتایی رۆمانەکەدا هەســـت دەکەین دەقێکـــی رۆمانی ناوازەمان خوێندووەتەوە و شێوازەکەشی هیچ لە کۆدی داڤنشی دان براون و عەتری باتریك زوســـکیند کەمتر نییە، چونکە ئەم جۆرە رۆمانە هاوچەرخانە سەرەڕای هاوشێوە پۆلیسی و هەواڵگرییەکەیان سەردەمەکەی ئێستامان دەدەوێنن.

لە پەراوێزی خوێندنەوەی ئەم رۆمانەدا دەمهەوێ بپرسم: بۆچی لیژنەی

خەڵاتی نۆبڵ ئەو هەموو ڕەنج و داهێنانەی "یەشار کەمال"ی فەرامۆش کردو خەڵاتی نۆبڵی بە "ئۆرهان پامۆك"ی نووسەری ڕۆمانی بەفر بەخشی؟ گەر وەڵامەکە ئەوە بێت کە لە پشت ئەمەوە گەمەیەکی سیاسی هەیە و تورکیاش دەستێکی تێدا هەیە، چونکە "یەشار کەمال" کوردە و ئورهان پامۆك تورکە! خۆ هەردوو نووسەر بە زمانی تورکی داهێنانیان کردووە، ڕەنگە هەردووکیشیان بەلای دەسەڵاتی تورکیاوە ئەوەندە نازهەڵگیراو نەبن، بەڵام پێم وایە دنیای داهێنانی ئەو دوو نووسەرە زۆر لەیەك دوورن، هەرچی "یەشار کەمال"ە کاری لەنێو کەلتوورێکی ئەفسووناوی کردووە و هاوشانی نووسەرە گەورەکانی وەك مارکێز و کازانتزاکیە، بەڵام ئۆرهان پامۆك ڕووداوە گەرمەکانی سەردەمی ئێستای کردووەتە داهێنان و هەر ئەمەش سەرنجی لیژنەی نۆبڵی ڕاکێشاوە.

"یەشار کەمال" گەر یەك دوو ڕۆمانی بوێرانەی بۆ کێشەی ڕەوای نەتەوەکەی خۆی لە چوارچێوە بە جیهانیبوونەکەی تەرخان بکردایە، ڕەنگە زووتر سەرنجی لیژنەی نۆبڵی ڕابکێشایە، چونکە ئەو تا ئێستا لە بواری داهێناندا تەنها خزمەتی ئەدەبی تورکی کردووە و هاوکات دنیایەك داب و نەریت و کەلتوری نەتەوەیی کوردی گوێزایەوە نێو دەقی تورکی. خۆ ئەگەر "شوکر مستەفا" و دواتر "ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و عەبدوڵڵا حەسەن زادە" بەرهەمەکانی ئەو کەڵە نووسەرەیان بە کوردی نەکردایە، ئەوا ئێمەش لە کارەکانی بێ ئاگا دەبووین.

"یەشار کەمال" یەکێکە لە داهێنەرە گەورەکانی دنیا و هەموومان دەزانین لیژنەی خەڵاتی نۆبڵ غەدری لێکردووە، بەڵام پێوانە جیهانییەکەی خەڵاتەکەش لە گەمەی سیاسی و ململانێی کیشوەرەکان دوور نییە،

پێم وایە هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەمجارەش نۆرەبڕی لە "یەشار کەمال" بکرێ و بدرێتە "ئۆرهان پامۆک".

**تێبینی: "ئۆرهان پامۆک" لە ساڵی ١٩٥٢ لە شاری ئەستەمبۆڵ لە تورکیا لە دایك بووە. لە قوتابخانەی ئەمریکی ئەندازەی بیناسازی و راگەیاندنی خوێندووە. ماوەیەکی زۆر لە ئەمریکا ژیاوە و ئێستا لە ئەستەمبوڵ دەژی. یەکێکە لەو نووسەرانەی ئەمڕۆی تورکیا کە زۆر خوێنەری هەیە.**

# شلۆمۆ کوردە و
# من و رۆژگار

## شلۆمۆ کوردە و من و رۆژگار

رۆمـــان ئەو توخمە ناوازەیەی ئەدەبیاتـــە، کە لە نێو جەرگەی هەموو سەردەمەکانەوە، لە حەشـــارگە هەرە تاریکەکانەوە، حەکایەتێکمان بیر دەخاتەوە، کە لە عاست رووداوەکانیدا، هۆپێکمان دەمێنێت.
ئیـــدی لەنێو کۆمەڵێ پرســـیاری لە مۆڵەق وەســـتاوی وەڵام نەدراوە قەتیســـمان دەکات، کەچی پاش چەند گرێسالێك رۆماننووسێکی وەك "سەمیر نەقاش" سەرهەڵدەدات و وەڵامی بەشێك لە پرسیارەکانمان دەداتەوە و رۆمانێك لە چەشـــنی "شلۆمۆ کوردە و من و رۆژگار" بە زمانێکی چڕ و ناراستەوخۆ لە دوو توێی (٣٦٠) لەپەڕەدا کە لە ژمارەی هەموو

رۆژەکانی ســـاڵێك نزیکە، بەرهەم دێنێت، هەر رۆژێکیش هێندە قورس خـــۆی دەنوێنێت، بە جۆری بنیام باوەڕ نـــاکات، کە رۆژگاری هێندە سەخت و دژوار بە سەر مرۆڤایەتیدا تێپەڕی بێت و بەرگەشی گرتبێت، بە تایبەتی کاتێ لە عاســـت ئەم دیالۆگەی ژن و مێردێکدا هەڵوەستە دەکەین.

- ســـەفییە، بۆنی گۆشتی کوڵاو دەکەم ئەم گۆشتەت لە کوێ هێنا سەفییە؟

- ئەمە گۆشتی سەرمەدە هەی خەرفاو سەرمەدی کوڕمان هەی شێتە!

- سەرمەد؟ کوڕە خۆشەویست و ئازیزەکەمان .!؟ سەرمەد مرد و لاشە نازدارەکەی لەســـەر ئاگر دەکوڵێت؟ ئەرێ ژنەکە رەوایە ئاوها لە کوڕە ئازیزەکەمان بکەیت؟!

- بێدەنگ خەڵەفاو، شـــێتە! ئـــەی رەوایە زیندوویـــەك مردوو بێت و مردوویەکی لە بەر دەستدا بێت و لێی حەرام بێت بیخوات؟

- ئەی نەت بیستووە زیندوو لە مردوو لە پێشترە؟

- دەی کەواتە خێرا پارچەیەکم لە سەرمەدی ئازیز بۆ بهێنە تا بەرەنگاری برسێتییە نەفرەتیەکەی پێ بکەم.

رەنگە مێژووی مرۆڤایەتی دەیان دیمەنی تراژیدی لە وێستگەی خۆیدا دیتبێت، کەچی دوای ماوەیەك بیر چوونەتەوە، بەڵام لەنکاو "ســـەمیر نەقاشـــ"ێك لێیان وە ئاگا دێت و بە حوکمی خەیاڵ و لە کارەســـاتە راستەقینەکە گەرموگوڕتر لە دوو توێی رۆمانێکی وەك "شلۆمۆ کوردی و من و رۆژگار" پێمان دەڵێت: ئێمە و هەموو مرۆڤایەتی پاشماوەی ئەو کارەساتانەین و بەسەر خۆمانی ناهێنین، وەچەیەکی چاوقایمی نموونەی

ئـــەو ژن و مێردەین، جەنگ قات و قڕی ناوادەی کۆمەڵایەتی وڵاتان بێ پەرژین و حەوشە دەکات و هەموو حەرامێکی تێدا حەڵاڵ دەبێت.
شلۆمۆ کوردە شاکەسی ئەم ڕۆمانە بە ئایین جولەکە و نەتەوە کورد بە ئاوەژووی ئەو واتە واتەی کە گوایا جوولەکە دەســـت نوقاو و ڕژدن، لە جەنگی یەکەمدا لە شاری ساباڵاخ "مهاباد" هەرچی سامانێکی هەبووە بێ جیاوازی کردن لە نێوان ئایین و نەتەوە و تیرە لە برسسیانی ئەو شارەی خەرج کردووە تا خۆی خستووەتە سەرساجی عەلی و هاتووەتە ریزی هەرە برسیانەوە بۆ پاراستنی سەروماڵی خەڵکی لە ستەمکاری سوپای رووس و عوسمانی شەوی داوەتە دەم ڕۆژەوە، " لە شەڕ و پەلامارە بەراییەکانی سەر ساباڵاخ بە کوردی بە میر عەلیم گوت: دڵنیابە هەموو ماڵەکەتم بۆ گواستەوە و هیچی لێ کەم نەبووەتەوە! ناڵە ئەسپێکیش لە ماڵەکەت نەدزراوە!"
لە ئەنجامی ئەم فیداکارییە دا شلۆمۆ کوردە تووشی سزای بەرپرسێکی قاجاری دەبێتەوە "لە نێوان دوو مەرگدا یەکێکیان هەڵبژێرە، مەرگی بە شوولی تەڕ و مەرگی بە دوو ئەوەندە لێدان بە داری وشك".
ڕۆمانی "شـــلۆمۆ کوردە و من و ڕۆژگار" بە زمانی عارەبی نووسراوە و نووسەر زمانێکی بارگاوی بە هێما و ئاماژەی بەکار هێناوە، تا ئەو ڕادەیەی لە هەڵبژاردنی دەبڕیندا وشـــەی فەرهەنگی ئەو تۆی بەکار بردووە کە لە زمانی شـــیعریی شاعیرانی وەك موتەنەبی و بوحتوری نزیکی خستووەتەوە ناو بە ناویش بەپێی پێویستبوونی دیالۆگ دەربڕینی عیبرییانە سەرهەڵدەدەن و نەبوونەتە خەوش و بارگرانی بە سەر دەقەکەوە چونکە تێگەیشـــتنیان هەســـتەم نییە. هەموو ئەمانەش بە گوێرەی

کارەساتباری روودا و و گەرموگوڕی گێڕانەوە وایان کردووە وشە و ڕەستەی ئەم ڕۆمانە کڵپە بسێنن و دنیایەکی ڕەوانبێژیی چەندین سەرە پێکبهێنن و لە گوزارشتێك پتر هەڵبگرن.
کەسە تەوەرەییەکانی ئەم ڕۆمانە شلۆمۆ کوردە ڕۆژگار من ی نووسەرن هەر یەکێ لە مانەش چەندین سەرە داوی پەیوەندی لێکترازان و پێکەوە تاڵی و شیرین نۆشین دەدات بە تایبەتی شلۆمۆ کوردە کەسانی ئەو ڕۆمانە دەدوێنێت کە هەمیشە لە ژیاندا وەك سێبەر بە دوویەوە بوون.
کاتێ مرۆڤ هەست بە مرۆڤبوونی خۆی دەکات ئیدی سنوورەکانی ئایین و نەتەوە و ئایدۆلۆژیا و هەموو جۆرە لایەنگرییەك تێدەپەڕێنێت و دەبەزێنێت و دەبێتە بەشێك لە ئێش و ئازاری ئەوانی تر کەچی ستەم و زۆرداری و چەوسانەوەی نەتەوەیی هەر کاتێ ببنە فشار بەسەر ئەوانی دیکەوە ئەوا پەرچەکردار و لێکترازانی لێ دەکەوێتەوە. سەبی جولەکە لە لایەن ئاشوورییەکانەوە پەرتەوازەی کردن و گرێیەکی دەروونی لەلا دروست کردن، یان ئەو ستەمەی نازییەکان لە جوولەکەیان کرد و ڕووداوێکی وەك هۆلۆکۆستی لێکەوتەوە، هەموو ئەمانەش بوون بە بەڵگە و جوولەکە بە چاوی مرۆڤایەتیدا دەداتەوە، بەڵام کاتێ ئازا ر و چەوساندنەوە دەبێتە کەرەسەی ڕۆمانێك ئەوا ڕووداوەکان لە خانەی دیکۆمێنتی و مێژوویی دەکەون و دەبنە بەشێك لە هەست و بیرکردنەوەی گشتی و ئێمە لێکدانەوەی دیکەی بۆ دەکەین.
لەم ڕۆمانەدا جوولەکە و کورد وەك یەك نەتەوە تەماشا کراون هەرچەندە لە ئاییندا جیاوازن لێرە لەم ڕۆمانەدا بەشێکی دانەبڕاون لە ئازارەکانی مرۆڤایەتی بۆیە لە هەر شوێنێك بووبن دوو لایەنگرییان لە ناخدا هەبوو

لایەنگرییەك بۆ ئەو شـــوێنەی تێیدا ژیان کە وەك نیشـــتمانی خۆیان سەیریان کردووە لایەنگریی دووەم خەونێك بووە هەمیشە ئاواتی هێنانەدی بووە ئەویش دەوڵەتی سەرفرازی بووە.

رۆماننووس لە زمانی شلۆمۆ کوردەوە لەو رۆژگارەدا کزە لە جەرگییەوە هەڵدەستێت لە سوێی سابڵاخ دەڵێت"

ئەو رۆژگارەی شاری سابڵاخ چوون پێڵاوێك گاوێ سوپای روسیای قەیســـەری لە پێی کردووە و کاتێ پیاوە نەخۆشـــەکە (عوسمانی) لە پێی دەکرد" کەواتە سابڵاخێك بە موسڵمان و جوولەکەو دیانەوە وەك یەك بچەوسێنەوە و ئازار بچێژن ئیدی چۆن لە یادەوەری هەموویاندا وەك یەك نامێنێتەوە.

سەرنج: ئەم کتێبەم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و ئێستا لەژێر چاپدایە

**٢٠١١/٦/١٦**

## نیازی
## چۆلەکە سپییەکە

## نیازی چۆلەکە سپییەکە

ئەزموونی ئەدەبی هەر نووسەرێك بریتییە لە چڕکردنەوە و خەست کردنەوەی کۆی ئەو کردە و کۆشانەی کە بە درێژایی تەمەنی نووسین گەڵاڵە دەبێت، لە ماوەی ئەو تەمەنەشدا لە دەوانی ئەوەدایە، کە دنیایەك بگۆڕێت و لە جێگەیدا، دنیایەکی دیکەی پڕ بەختەوەری و جوانی بۆ مرۆڤایەتی بخولڤێنێت. لەم دنیا گۆڕینەدا نووسەر لە هەنگاوی یەکەمیدا هەوڵی وەدەست هێنانی سەربەستییەکی خودی دەدات، تا بتوانێت لە سایەی ئەو خۆ رەهاکردنە ئەوەی دەیهەوێ بیڵێت لەلای خۆی قەتیسی نەکات و بیگەیەنێتە ئەوانی تر. لێ ئەوەندەش هەیە زۆربەی بیرمەندان و

نووسەران بە درێژایی مێژوو ئۆخەیان لەو سەربەستییە نەکردووە، چونکە "هیچ سەربەستییەکی تاکەکەسی لە دنیادا نییە، تەنها دنیای شێتان ئەوەی پێ ڕەوا بینراوە!".

لێرەوە دەگەڕێینەوە لای محەمەد شوکری نووسەری لێهاتووی مەغریبی و کتێبەکەی کە ناوی ناوە(نیازی چۆلەکە سپییەکە). دەبینین لە هەڵبژاردنی ناوی کتێبەکەیدا وشەی (چۆلەکە)ی خواستووە و بۆ ئەزموونی ئەدەبی خۆی بەکاری هێناوە. دیارە لەم وشەیەشی ڕەهاتر شك نەبردووە کە خۆی لە دنیای باڵندان نزیك کردووەتەوە، تا بیر و ئەندێشەی خۆی چوون باڵندەیەك ڕەها بکات و لە شەقەی باڵ بدات و هیچ سنوور و لەمپەرێك لەبەردەم خۆی نەهێڵێت. دیارە محەمەد شوکری هەروای کردووە، ئەوەی بەرهەمی ئەم چیرۆکنووس و ڕۆماننووسەی خوێندبێتەوە هەستی بەوە کردووە، کە وشەی بێ سڵ کردنەوە وەك خۆی بەکار هێناوە و گوێی بە شەرماوەری و حەڵاڵی و حەرامی و دابی کۆمەڵایەتی نەداوە، بۆیە تا رادەیەکی زۆر ئەو سەربەستییە خودییەی بەخۆ بەخشیوە و شتە شاراوە و دەمامککراوەکانی بە قەرز هەڵنەگرتووە و لە شوێنی خۆیاندا بەکاری بردوون.

سڵ نەکردنەوەی محەمەد شوکری لە سنووری خودی خۆی نەوەستاوە، بەڵکو چیرۆك و ڕۆمانەکانی بوونەتە هاندەرێك بۆ ڕەهاکردنی بیری کەسانی دیکە. ئەم خەسێتەش وای لێکردووە زۆر بخوێنێتەوە و هاوکات ڕەخنەش بگرێت. لە زۆر شوێنی ئەم کتێبەدا وتەی گەورە نووسەرانی تێهەڵکێشی بیرو بۆچوونەکانی خۆی کردووە. ئەوەتا لە زمانی سارتەرەوە بێژێت: "جان جاك ڕۆسۆ بەر لەوەی پەیامەکەی خۆی بدۆزێتەوە، مەبەستی

ئەوە بووە لەبەر چاوی خەڵکی خۆی بە خانەدان و ئەسڵزادە پیشان بدات". مەبەستیش لێرەدا ئەوەیە نووسەر، یان زۆربەی نووسەر و بیرمەندان بەرلەوەی هەوڵی چاکسازی مرۆڤایەتی بدەن، خۆشەویستییەکیان تێدایە، بۆیە زۆرجار کەسێتییان بە زەقی لە نووسینەکانیاندا رەنگ دەداتەوە.

کاتێ کتێبی "نیازی چۆلەکە سپییەکە" دەخوێنینەوە، هەست دەکەین محەمەد شوکری بە خوێندنەوەی زۆربەی کتێبە چاپکراوەکانی کۆن و نوێ راگەیشتووە، چونکە لەو سەدان سەرچاوەیەی کە لەم کتێبەدا ئاماژەی پێدەدات، یان رەخنەی لە نووسەری کتێبەکە گرتووە، یان ستایشی کردووە و ئێرەیی پێ بردووە، بەم ئاوهایەش داهێنەر و ناداهێنەری لێك جیا کردووەتەوە، "مرۆڤی داهێنەر کە خۆی پتر وابەستەی ئەم بوونەوارەیە، هەموو رۆژێ هاوارێکی ناقایلبوونی نوێ دەخاتە سەر هاوارە مرۆییە تۆمارکراوەکان، لێ مەخابن هێشتا هاوارەکەی نەگەیشتۆتە شوێنی خۆی و ئامانجی ئەو داهێنەرەش نەهاتۆتەدی".

محەمەد شوکری لەم کتێبەدا تا ئەزموونی زیاتر بێت، نیگەرانتر دەبێت، تا لە چەمکەکانی یەقین نزیك ببێتەوە، ئەوەندە شتەکانی لامایەپووچ دەبێت، "مرۆڤ تا لە راستی بوونی خۆی بگات، ئەوەندە لە خۆی بێزار و وەڕس دەبێت". لەوەش گەیشتووە مرۆڤی داهێنەر لە هەوڵی ئەوەدایە دۆخێکی تایبەت بەخۆی دروست بکات، چاوی لەوە نییە لەسەر رەنج و کەلتووری دەرەوەی خۆی داهێنان بکات، لەمەشدا سوورە لەسەر ئەوەی کە "مرۆڤ لەسەر ئەوە پێدادەگرێت کە رۆژگار و سەردەمی خۆی هەبێت، تا نەخرێتە سەر جێماوە و شتە کەڵەکەبووەکانی مرۆڤایەتی". بۆ جێگیرکردنی ئەم چەمکەش لە زمانی گۆتەوە دەڵێت "گوزارشت و

دەربڕینەکانی من چەشنی گوزارشتی بوونی منە".

لە دنیای نێو "نیازی چۆلەکە سپییەکە"دا جگە لە بیر و بیرمەندیی و ڕەخنەگرتن، ئەفسوونی ژانرەکانی ئەدەبیاتیش دەخوێنینەوە و لە باسی شیعردا بڕێ لە سێبەری بیر و بۆچوونەکانی ئەفلاتوون بەسەر محەمەد شـــوکرییەوە دیارن، لەوەدا ئەفلاتوون پێی وابوو شیعر و شاعیران لاوان بەدخوو دەکەن و سەرمەســـتییان دەکەن، بەمەش ئەرکە ڕاستەقینەکەی خۆیان فەرامۆش دەکەن، دەبینین محەمەد شوکری تا ڕادەیەك شاعیران و خەڵکی بە گشـــتی لە دوو خانەی جیاواز دادەنێت، زمانی شاعیران بە زمانی شـــەیتان و جادووکاران دادەنێت و زمانی خەڵکیش بە زمانی فریشتە، "شیعر بە زمانی شەیتان و ئەفسوونکاران دەدوێت، لێ زۆربەی خەڵك جگە لە وتەی فریشتەکان حەزیان لە شتی دیکە نییە!".

محەمەد شـــوکری چوون چۆلەیەکی ڕەها بە نێو دنیای ئەفسووناوی شیعردا لە شەقەی باڵ دەدات و بەرەو ئەو دیوی شتە نادیارەکانمان دەبات، لەوێ جارێکی دی لەگەڵ دنیای شیعردا ئاشتمان دەکاتەوە و تۆمەتی ناجۆری دەربارەی شـــیعر دەڕەوێنێتەوە و لە ڕێگەی شیعرەوە نوقلانەی خەونەکانمان بۆ لێدەدات، "ڕیتمی شیعر هۆگری ئەو شتانەمان دەکات، کە هۆگرنین. کاتێ خاوەنی دڵێکی ماندوو بین هیچ شـــتێك خەونمان پێ نابینێت، تەنها شـــیعر نەبێت، چونکە مرۆڤ لە کۆتاییدا جگە لە خەونەکانی و شیعر چ شتێك شك نابات. کاتێکیش منداڵیمان لەدەست دەدەین، ئەوە هەر شیعرە بۆمان دەگێڕێتەوە".

لە کۆی ئەوانەی وتران دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە محەمەد شوکری لە زۆربەی نووسینەکانی و لەم کتێبەشدا بە دووی ئەو سەربەستییەدا وێڵ و

عەوداڵە کە لە منداڵیدا لێی بێبەش بووە، ئەوێك لەبەر بێ داڵدەیی و بێ دەرەتانی بەشێکی تەمەنی منداڵی و هەرزەکاری شەوی لە قاوەخانەکان و شوێنە حەرام کراوەکان رۆژ کردبێتەوە، ئیدی چۆن لە هەموو قۆناغەکانی نووسین و داهێنانەکانیدا رۆحی نابێتە چۆلەکەیەکی چکۆلە و بەدووی رەهایی و سەربەســـتیدا عەوداڵ نابێت، بەدووی ئەو تەمەنە ناسکەدا ناگەڕێت کە لە تەمەنی منداڵی و لاوێتیدا لێی بێبەش بووە.

# سۆفی و
# سۆفیگەریێتی

## سۆفی و سۆفیگەریّتی

به دریّژایی میّژووی ئیسلام له پەنای قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پیّغەمبەرەوە(د.خ) له نیّو زانایانی ئیسلامی و غەیرە ئیسلامی لیّکدانەوە و بۆچوونی جۆراوجۆر پەیدا بوون. له پەراویّزی ئەم لیّکدانەوانەش گروپ و تاقمی جیاجیا دروست بوون، بەتایبەتی دوای دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامی، ئیدی گەیشتۆتە رادەی ئەوەی بەناوی ئایینی ئیسلامەوە بیــــرو بۆچوونی جیاجیا و هەندیّ جـــار دوور له میتۆدەکانی ئایینی ئیسلام، کە کرۆکیی قورئانی پیرۆزە، سەر هەڵبدەن. لەم جیاوازی بیر و بۆچوونانە ئایینزاکان پەیدا بوون و له ئایینزاکانیشەوە کۆنە ناکۆکییەکانی

نێوان بنەماڵەکانی لێکەوتەوە. ئایینی ئیسلام بوو بەو بیانووەی کە بۆ مەبەست، دەوڵەتی نەتەوەیی و ئیمپراتۆریەتی نەتەوەییش سەردەمێك لەسەردەمەکان بەکارهێنرا و ئەمێستاش لە هەندێ شوێنی جوگرافیای ئیسلامی بەردەوامی هەیە و بە جۆرێکی دی بانگەشەی بۆ دەکرێ، وەك ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی و عارەبی. ئیدی لەم بانگەشانەدا هەر یەکە و لە پەنای ئایینی ئیسلامەوە هەوڵیانداوە و هەوڵ دەدەن شکۆمەندی جارانیان بگێڕنەوە. هەر لە منداڵدانی ئەم بانگەشانەوە ئیسلامی سیاسی سەری هەڵداوە و توند و تیژیشی لێکەوتووەتەوە.

لە سۆنگەی جیاوازای بیرو بۆچوونی زانا و فەقیهەکانی ئیسلامەوە دەربارەی پێناسەی ئیسلام و میتۆدەکانی بەدرێژاریی ئەو مێژووە لە ڕێگەی سەرچاوەکانەوە دەنگ و باسی سۆفییەکانیشمان پێگەیشتووە، کە بێگومان ئەمانیش بەشێکن لە هەمان بازنە و هەمان جیاوازی بیر و بۆچوون. ئیدی لێرەوە دەگەڕێینەوە لای شاعیری هەڵکەوتوو (لەتیف هەڵمەت) و کتێبەکەی (سۆفی و سۆفیگەرێتی) و ناو نیشانە لاوەکییەکەی (کاریگەری هزر و ئید و کلتوورە نا ئیسلامییەکان لەسەر سۆفی و سۆفیگەرێتی ئیسلامی)، کە لە کتێبێکی (٢٧٠) لاپەڕەییدا بە پشت بەستن بە دەیان سەرچاوەی ئیسلامی و غەیرە ئیسلامی کەرەسەیەکی یەکجار دەوڵەمەندی خستۆتە بەردەستمان.

نووسەر بەر لە هەر شتێك کۆمەڵێ بیرو بۆچوونی نوێباو دەربارەی سۆفی و سۆفیگەرییێتی دەورووژێنێت، لەوانە سەرچاوەی سۆفیگەرێتی بە تەنها ناباتەوە سەر ئایینی ئیسلام. بەڵکو ئایینەکانی تریش سەرچاوەی سۆفیگەرێتین. وەك بوودایی و زەردەشتی و هی تریش، ئەوەی خۆی

واتەنی سوورە لەسەری جیاکردنەوەی شەریعەت و تەریقەت، ئەهلی شەریعەتیش ئەوانەن، کە خوداناسی لەبەر رۆشنایی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ) دا دەکەن و بە موو لێی لانادەن، کەچی ئەهلی تەریقەت بەو شێوەیە پابەندنین و دەتوانین بڵێین دوو کەسێتین، کەسێکیان لە ترسی دەسەڵات بە رواڵەت پابەندن، لە هەمان کەسدا کەسێتییەکی متبوو هەیە و پابەند نییە، جا ئەمەیان بۆ خۆپاراستن لە دەسەڵات وتنەکانی خۆی بە هێما و جەفەنگکاری دادەپۆشێت.

بۆچوون و پێداگرتنی سێیەمی لەتیف هەڵمەت ئەوەیە کە لە ئەدەبی کوردیدا نە شیعری سۆفیگەرێتی هەیە و نە شاعیری سۆفی و سۆفی مەشەرەب هەیە. ئەوانەشی کە تا ئێستا بە سۆفیمان زانیون وەك بابا تاهیری هەمەدانی و مەحوی و کێ و کێی تر ئەوانە بە هیچ جۆرێ سۆفی نین، بەڵکو موسڵمانی وابەستەن بە شەریعەتی ئیسلامەوە.

ئەو بیرو بۆچوونانەی نووسەر بۆ زۆربەی خوێنەران شتێکی تازەن، چونکە سۆفی بە چەمکە گشتییەکەی لای خەڵکی ئەوەی دەگەیاند کە سۆفی چ بە کردار و رەفتار یان بە وتن ئەو کەسەیە کە بە تەواوی پشتی لە دنیا کردووە و بۆ خودا پەرستی خۆی تەرخان کردووە، بەڵام بە پێی ئەو سەرچاوانەی نووسەر ئاماژەی بۆ کردن "رەگی سۆفیگەرێتی بە گشتی دەگەڕێتەوە بۆ رەبەنکاری مەسیحی و ریازیاتی هیندی". نووسەر ئەم بۆچوونەی لە کتێبی "المذاهب الصوفیه ومدارسها"ی عبدالکریم عبالغنی قاسم هێناوەتەوە. لە لاپەڕە (٢١٠)دا نووسەر بۆ جیاکردنەوەی هەردوو چەمکی "زهد و تصوف" ئاماژە بە کتێبی "موازین الصوفیه فی ضوء الکتاب و السنه" ی ابو عبدالرحمن علی بن السید

الوصیفی دەکات . لێرەدا ئەوە روون دەبێتەوە کە "زهد" خوداناسییەکی تەواوە و پشت بەستنە بەشەریعەت، بەڵام سۆفێتی داهێنراوێکی دژە شەریعەتە.

لەو سۆفیانەی کە نووسەر باسیان دەکات "حەلاج و حافزی شیرازی و ئیبن عەرەبی و جەلالەدینی رۆمی و ئەبوبەکری شبلی و رابیعەی عەدەویە و فەریدە دینی عەتار و ...هتد" ئەمانەش سەر قافڵەی سۆفیەکانی جیهانی ئیسلامین و لەپای بیرو را و بۆچوونەکانی خۆیاندا ئازاریان چەشتووە و هەندێکیان گیانیان لە پای بۆچوونەکانیان بەخشی. ئەوەی ئێمە لێرە مەبەستمانە لە پاڵ پێش چاو خستنی ئەم کتێبەدا نەبوونی شیعری سۆفیگەرێتی و شاعیری سۆفییە لە ئەدەبی کوردیدا، چونکە ئەو سەرچاوە کوردییانەی کە لە مەوبەر پێداگرییان لەسەر شیعری سۆفیگەری لە ئەدەبی کوردیدا کردووە، وەك باباتاهیری هەمەدانی و مەحوی و مەولانا خالیدی نەقشبەندی ئەمێستا لەم کتێبەدا هەڵوەشاوەتەوە، ئێ هەڵوەشاندنەوەکەش هەروا لەخۆڕا نەهاتووە، چونکە نووسەر دەیان سەرچاوەی باوەڕپێکراوی وەك بەڵگەی سەلمێنەر بەکار هێناوە.

لێرەدا گەر من وەك خوێنەری ئەم کتێبە قسەیەکی دیکەم هەبێت، ئەویش ئەوەیە کاتێ سۆفی یاخود شاعیری سۆفیگەر دەگاتە بڕوای یەکلاکەرەوە و یەقین، ئیدی خۆی بە بەشێك لە زاتی خودا دەبینێتەوە و لێرەشەوە رەوایەتی بە خۆی دەدات کە چەند و چوونێك لەگەڵ پەروەردگاری ئافرێنەر بکات. دەربارەی نەبوونی شاعیری سۆفی لە ئەدەبی کوردیدا من وای بۆ دەچم کە بابە تاهیری هەمەدانی لە چوارینی:

**گەر دەستم رەسەد بەر چەرخی گەردوون**
**ئەزئان پرسم ئین چوونەست و ئان چوون**
**یەکی را دادەیی سەد ناز و نیعمەت**
**یەکی دەر قورس جو ئالودووە دەرخوون**

پێم وایە لەم چوارینەدا بابا تاهیر جۆرە ناڕەزاییەکی دەربڕیوە و ئەمەش خەسێتێکە لە خەسێتەکانی سۆفی.

جگە لەو شـــتانەی باس کران. دەبینین شـــاعیرانی کورد لێرە و لەوێ بەلاقرتێوە باسی سۆفییان کردووە، ئەوەتا پیرەمێردی شاعیر لە شیعری "وڕێنەی مەستی"دا دەڵێت:

وشکە سۆفی یەکان بەهەشتیان ئەوێ
بۆ ئەوەی حۆری و کۆشکیان بەرکەوێ

دیارە ئەمەش نموونەیەکە لە باوەڕی شـــاعیرانی کورد کە وابەستەی شەریعەت بوون و توانجیان لە وشکە سۆفی و شێخی تەریقەت گرتووە.

# زمانی کورد

## زمانی کورد

مامۆستا مەسعود محەمەد هەر لە سەرەتاوە رەوتی نووسینەکانی رووەو ئەوە بووە، کە بیرێکی کوردانە دابمەزرێنێت و لە هەناوی قەوماوی کوردەوە کەلتورێك بەسەر بکاتەوە و کاری لەسەر بکات، جگە لە خەسێتە رۆژهەلاتییەکەی مۆرکی کوردەواری، تەواوی پێوە دیار بێت، لێرەشەوە لە دەرگای بیر و بۆچوونی هەمە چەشنەی داوە و لە میانەی وتار و نووسینەوە گفتۆگۆیەکی ناراستەوخۆی لەگەڵ بیرمەندانی دنیادا سازداوە. ئەو بیرو هزرانەی تاووتوێ کردووە، کە لەگەڵ دۆخی کۆمەلایەتی و ئابووری و رۆشنبیری و سیاسی کوردا ناتەبا بوون و

ڕووبەرێکی فراوانی لە نووسینەکانی بۆ مەسەلە نەتەوایەتی و چنایەتی و بیری هاوردە تەرخان کردووە. بەرپەرچی ئەو هزرانەشی داوەتەوە کە بە کۆمەڵی کوردەواری نامۆن، لە مەشدا ڕۆحی کوردی کردووەتە هەوێنی بیری خۆی و دەوانی داوە کە دژە بۆچوونی خۆی قایل بکات.

مامۆستا مەسعود محەمەد لەیەك بواری هزردا کاری نەکردووە، بەڵکو لە ژینگەی کوردەوە پەلی بۆ سروشت و سامانی نەتەوەیی و جوگرافیا و ئەدەب و زمانیش، هاویشتووە. یەکێ لەو کتێبانەی کە لە بنچینەدا بە زمانی عارەبی بەناوی (لسان الکورد) نووسیوێتی، هەوڵی دواە غەیرە کوردیـــش لە مێژوو و ڕەچەڵەکی زمانی کورد بگەن. ئەم کتێبە حەکیم کاکەوەیس بە زمانێکی پاراو و تارادەیەك لە زمانی مەسعود محەمەد نزیك کردوویەتی بە کوردی و (لسان الکورد)ی کردووە بە (زمانی کورد).

لێرە قسەمان لەسەر وەرگێڕانەکەنییە، چونکە پێم وایە دەرەقەتی هاتووە و دەرفەتێکی بۆ خوێنەری کوردیش هەڵخستووە کە بیر و بۆچوونی نووسەر بە زمانی خۆی بخوێنێتەوە.

نووســـەر لەم کتێبەدا ڕووی دەمی لە خوێنەری عارەبەو هەوڵی داوە لە بنەبانی مێژووەوە پێدابێت و هەڵەکانی ناو ئەو مێژووەش ڕاست بکاتەوە و زمانی کورد بە بێ ڕەگ و پەرگەما نەزانن و نەیبەنەوە سەر زمانانی دیکەو بە بێچووە زاری زمانی فارسانی بزانن. بۆ بەرمات خۆشکردنیش باسی ئەو کۆچ و ڕەوانە دەکات، کە (لقی ئێرانی لە خێڵە ئارییەکان بەرەو باشوور و باشووری ڕۆژئاوا لەو دوو ڕێیانەدا ڕووی دا کە بەر لە زیاتر لە هەزار ساڵ پێش لە دایکبوونی مەسیح ڕووی داوە و یەکێکیان بووە هندی و ئەوی دی بووە ئێرانی). لێرە نووسەر لەسەر ژینگەی نوێی ئەو نەتەوانە

و زمانە نوێیەکەیان پێداگری دەکات و سەرەداوێکی دەست دەکەوێت و لە میدییەکانەوە دەســـت پێدەکات، کە هەم کورد بە ڕەچەڵەك لەوانن و هەم زمانەکەش لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە ماکەکەی ئاوێستای زەردەشتە و نووسەر لە رووی دەنگسازییەوە دەیباتەوە سەر ئاوێستا. لەوەش گرنگتر ئەوەیە، کە (هێزی زمان لەگەڵ هێزی ئەو میللەتەدا کە قســـەی پێ دەکات هاوســـەنگە و سەرچاوەی هێزێکی دەسەڵات و ئایینە). کەواتە خۆڕاگرتنی زمان بەرانبەر وەیشوومەکانی رۆژگار لە سایەی قەوارەیەکی سیاسی و دەسەڵاتی ئایینیەوەیە، ئینجا هۆکارەکانی دیکەی وەك دۆخی کۆمەڵایەتی و داب و نەریت و خەمخۆری کەسانی ئاخێوەری پاسەوانی دەکەن.

نووسەر ئاماژە بەو کارەساتانە دەدات کە بە سەر ئاڤێستا دا هاتوون، لەوانە "هەوڵی ئەسکەندەری مەکدۆنی بوو لە دەوروبەری ساڵی ٣٣١پ.ز. بۆ فەوتاندنی، ئەوەش دوای سەرکەوتنی بەسەر هەخامەنشینەکاندا، چونکە دەست بەســـەر کتێبخانەی شاهەنشاهیدا گرت، کە هەموو بەشەکانی ئاڤێستای تێدا پارێزراو بوو".

ئەو کتێبە ســـەرچاوەیەکی گرنگ و بـــە نرخە بۆ زمانەوانان و بواری زمانناســـی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرنجی وردتر هەڵدەگرێت، هیچ نەبێت دەرگای گفتوگۆی لەســـەر بکرێتـــەوە و دوای دوو چاپی بە عارەبی و بە کوردی خوێنەر لە ناوەرۆکەکەی ئاگادار بکرێتەوە، چونکە لەم سەردەمی فرەچاپیدا لێشاوێك کتێب بە بێ خوێندنەوە تێدەپەڕن و لە سووچێکی کتێبخانەکاندا مت دەبن.

پێم باشە لەناونیشانی کتێبەکەدا (زمانی کورد) سەرنجەکان پیشان بدەم.

ڕەنگە لە ڕووی ڕاستی و هەڵەیی ئەم ناونیشانە قسەیەکی بنبڕکەر و گردەبڕ نەبێت و بۆچوونەکان جیاواز بن، لێ لە ڕووی لۆژێك و قۆناغەکانی پەرەسەندنی زمان و لە باری کۆن و نوێیی دەربڕینەوە بۆم هەیە بڵێم: زمان ئەو لەپە گۆشتەی ناو بۆشایی زارە و ئامرازی گۆکردنی دەنگ و ئاخاوتنە و لە ڕێگای ئەم ئامرازەوە خواست ویستەکان دەگەنە ئەوانی دی. لە سایەی ئەم ئامرازەیشەوە هەندێ دەربڕینی ڕەوانبێژی داهێنراوە، وەك (بەستەزمان — زمان بەستراو، زمانی بەبڕین بچێت - دەم نەوەستراو، زمان نەبڕم سەرت، دەبڕیت سەرم - خۆ بەقەڵبەدادان، ..هتد)
جگە لەمەش زاراوەی (لاڵ) بە کەسێکی بە زگماك قسەنەکردوو یان بەهۆیەکەوە چالاکی ئەم ئامرازە دەوەستێت، پەنا بۆ ئاماژە و هێما دەبردرێت و کەسەکەش وەك کەم ئەندامێك تەماشا دەکرێ، کەواتە لە هەموو بارێکدا (زمان — لسان — بە عارەبی) ئاماژەیە بۆ شتێکی بەرجەستە و ئەندامێکی جەستەیە و لە خانەی زمانناسیدا مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێ.

بەرانبەر زمانی ئەندام و بەرجەستە، زمانی واتایی هەیە و داهێنراوێکی دەست کردە و بۆ لێك حاڵی بوون و هزر گۆڕینەوە، لێرەوە ئەمیان دەچێتە خانەی زانستەکانەوە و بە پێی گەشەسەندنی ئاوەزی مرۆڤ لقی لێ بووەتەوە، مێژووی زمان، دەنگسازی، واتا ناسی، ڕێزمان و وردەواڵەکانی ڕێزمانی وەك پیت و وشە و ڕستە و پەرەگراف ...هتد.
کەواتە وشەی (زمان) پێویستە لە هەردووباری بەرجەستەیی و واتایی لێك جیابکرێنەوە. واتا بەرجەستەکەی سنووردارە، وەك زمانی مرۆڤ و زمانی ئاژەڵ و...هتد، بەڵام واتا واتاییەکەی بەربڵاو و بێ سنوورە،

زمانی کورد و عارەبی و هندی و زمانی کیمیاو فیزیاو جیۆگرافیا و.. هتد.

مامۆستا مەسعود محەمەد ئەم جیاوازییەی نەکردووە و رەنگە هەستیشی پێ کردبێت، بەڵام پتر مامەڵەی لەگەڵ کلتووری کۆنی عارەبیدا کردووە. لە لاپەڕە (٣٣)دا لە باســـی ئەو پێشگر و پاشگرانەی، کە ناو دەکەن بەناوی واتایـــی { (نەمرایەتی، نەمرەتی) بە واتای نەمریی. (ئە)ی وشەی یەکەم بۆ نەفیە و لە دووەمدا (نە)و بەرانبەرێتی و (مر) لە هەر دووکیاندا مردنە و (ئەمر، نەمر) دەبنە مردن }. لێرەدا تەنها نکوولّیم لە (مر) هەیە، چونکە (مر) رەگی چاوگە و (مردن) چاوگە، چونکە وەك مامۆستا دەڵێت راستە (مر) لە چاوگی (مردن) وەرگیراوە، بەڵام ناوی واتایی لە رێگەی رەگی چاوگەوە دروست دەبێت، نەك خودی چاوگ، وەك (زانایی، نەمریی)، کە یەکەمیان لە رەگی (زان) و پاشگری (ایی) دروســـت بووە و دووەمیان لە پێشگری (نە) و رەگی (مر) و پاشگری (یی) چێ بووە. ئەوەش هەیە، هەر چاوگێك بێ دەستکاری واتای ناوی مەعنەوی هەڵدەگرێت.

# ئەڵوەن و
# ئەفسانە

## ئەڵوەن و ئەفسانە

رۆمان یەکێکە لە ژانرە ناوازەکانی ئەدەبیات و دەوڵەمەندترین بەرهەمی شارستانیێتی مرۆڤایەتییە و پێ بەپێی داهێنانە تازەکانی مرۆڤ خۆی نوێ دەکاتەوە و سوود لە هزری نوێ و داهێنانی نوێ و تەکنۆلۆژیا و هەموو لقە زانستییەکان وەردەگرێت و هاوکات لەنگەری بە رۆمانبوونی خۆیشی دەپارێزێت و مەرجە بنچینەییەکانی خۆی لە دەست نادات. ئەمانە هەموو لە کارامەیی و دەسەڵاتی رۆماننووسدا رەنگ دەدەنەوە، ئیدی رۆماننووس سەر بە هەر ژینگە و جیۆگرافیا و ئایدیایەك بێت، رۆمانەکەیشی کە زادەی هزری ئەوە لە هەمان

زەمینەوە رەگ دادەکوتێت و سەرەنجامیش هەمان مۆرك لە خۆ دەگرێت و رەنگە بە ئاسانی لە میانەی ئەو مۆرکەوە ناسنامەی رۆمان و رۆماننووسەکەیش بناسرێتەوە، بەڵام لە هەموو بارێکدا رۆمان بەشێکە لە داهێنانی مرۆڤایەتی بە گشتی.

ساڵانێك لێرەو لەوێ دەوترا رۆمانی کوردی لەگەڵ رۆمانی جیهانی دا بەراورد ناکرێ، پاساوەکەش لەوە پتر نەبوو کە ئێمە هەمیشە هەستمان بە کەمی کردووە و چاو لە دەست بووین و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەو هەستە نەڕەویوەتەوە و خەریکی حازر خۆریین! پێم وایە ئەو پاساو و بیانووانە لە بەردەم رۆمانی کوردی نەماون، چونکە هەم سەردەمەکە ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هاتووە و هەم نووسەرانی میللەتەکەشمان دنیادیتەتر و زۆر گەڕتر و بە ئەزموونتر بوون و هەم ژمارەی رۆمانی میللەتەکەیشمان بێ ئەندازە بە چاو جارانەوە زۆر بوون، بۆیە رەوایەتییەك بە ئێمەی خوێنەر دەدرێ کە هەڵوەستە و رەخنەمان دەربارەی کردەی رۆمانی خۆمان هەبێت، چونکە لە هەموو بارێکدا گەر رۆمان رۆمان بێت، ئەوا پەیوەندی بە ژینگە و دۆخە ژیارییەکانی خۆمانەوە هەیە، رەنگە بڕێ جار هەڵە و بۆشاییەکانی نێو مێژوو و ئێستاشمان بۆ پەنجەنووما بکات.

بە گوێرەی ئەو تاقەت و بڕستەی هەمە و گوێ تەقێی چاپ کراوەکان بووم، ئەم هەموو کتێبەی کە ئەمڕۆ چاپ دەبن، بەتایبەتی رۆمان مەگەر بە دەگمەن لایەکیان لێ بکرێتەوە و بابایەکی رەخنەگر لە چەند ساتێکی خۆی ببوورێت و هەڵوەستەیەکیان لەسەر بکات، ئاوهاش رۆژێك دادێت دەبینە خاوەنی کتێبخانەیەکی سەرمۆر و

نەخوێنراوە و دەست لێ نەدراو. وای لە بێ ئازووقەیی نەوەی ئاییندە! ئاخر خودای گەورەش کە بەندەکانی سوپاسـی دەکەن، دڵنیام پێی خۆشە، چ جای نووسەرێك دوای شەونخوونی و خاکەسارییەکی زۆر رەنج بە خەسار دەبێت.

باس و خواس زۆرن و دەردە کورد زۆرتر، باشتر وایە هۆ بدەمەوە سەر رۆمانی (ئەڵوەن و ئەفسانە)کەی مامۆستا جەعفەر (فازیل کەریم ئەحمەد). ئەم کتێبە بە گوێرەی ئەو دانەیەی لای منە تا ئێستا دووجار چاپ کراوە، لێ من هیچ نووسینێکم دەربارەی نەخوێندووەتەوە، یان من بێ ئاگام! رەنگە ئەم لوێچە نووسـینەی منیش دادێکی نەدا، چونکە کێ دەڵێت ئەمیش دەخوێنرێتەوە؟!

هەر لە دەست پێکی (ئەڵوەن و ئەفسـانە)وە، خوێنەر سەرەداوێکی دەسـت دەکەوێت، سەرەداوی دابڕانی کەسێك لە زێد و باوانی خۆی و لە ئەمێستای نووسینی رۆمانەکەدا ئەڵهای گەڕانەوە دەکات، بە پەرۆشـەوە دەیهەوێ بگەڕێتەوە بۆ (شارێك چاوەڕوانی دوا چرکەی چاوەڕوانییـە، من لە ئامێزیدا بزر بم، یان ئەو لە ئامێزمدا بزر بێت. دایك و سـاوا، ماوەیەك لە یەکتر دابڕان، دیسانەوە بە دیداری یەکتر شاد بوونەوە.).

دوای لاپەڕەیەك، گێڕەرەوە بێ پێچ و پەنا ناسنامەی خۆی ئاشکرا دەکات و پێمان دەڵێت: گێڕەرەوەی خەیاڵکردە لە هزری خۆتان دەربکەن، ئەوە منم، منی (فازیل کەریم ئەحمەد) سەربردەیەکی راستەقینەی خۆمتـان بۆ دەگێڕمەوە، منی خانەقینی و هەڵبڕاو لە زێدی خۆم، دوای چەندین سـاڵ خەبات و ئاوارەیی هەنـدەران، وا بە پەرۆش و

ئەڵهاوە دەگەڕێمەوە.

کاتێ بە تانی بەشەکانی دیکەی ئەم ڕۆمانەدا دەچین، جارێکی تر گێڕەرەوەیەکی خەیاڵکردەمان لێ پەیدا دەبێت و خاوەنی کتێبەکەمان بیر دەباتەوە.

ئـــەو گێڕەرەوەیە لە بنەبانی مێژووەوە خانەقیمـــان بۆ دەور دەکاتەوە، ســـەربردەی داگیرکارانی عوسمانی و رووس و ئینگلیزەکان زیندوو دەکاتەوە، هەر لەم ســـووچەوە کەســـایەتییە دیارەکان و دیاردە هەمە جۆرەکانی ئەو رۆژگارەی شارەکەمان بە شێوەزاری خۆیان و دەمودووی ناوچەیی بۆ دەگێڕێتەوە.

لە (ئەڵوەن و ئەفســـانە)دا بەرانبەر پرسیارگەلێك تا رادەیەك دۆش دادەمێنیـــن: ئاخۆ ئەڵوەن و ئەفســـانە رۆمانە؟! گەر رۆمانە، ئەی کوا شاکەس و کەســـی تەوەرەیی رۆمانەکە، کە توانیبێتی تێکڕای پێکهاتەی رۆمانەکە، بە کەســـە لاوەکییەکان و شوێنکات و رووداو و ئەوانی تر بـــە دەوری خۆیدا هەڵبچنێت و کۆیان بکاتەوە؟! گەر ئەفتیۆ بیۆگرافیایە و ژیاننامەی خۆی دەگێڕێتەوە، ئەوە کەســـی سەرەکی هەیە و بە جێناوی کەسی یەکەم دەدوێت و سەربردەی خۆی لە مێژوویەکی دیاری کراودا دەگێڕێتەوە؟ یان ســـەربردە و مێژووی شارێکە و هەموو چین و توێژەکان لە گێڕانەوەکەدا بەشدار دەبن؟ یان کۆمەڵە دیمەنێکی کۆلاژکراوە و بەشێوەی ساتیر و گاڵتەئامێز هەڵس و کەوتی کەسەکانمان پیشان دەدات و بزە دەخاتە سەر لێومان؟

ئەڵوەن و ئەفســـانە گەر وەڵامی یەکێك لەو پرسیارانەی تێدا بێت، ئەوە جۆری خوێندنەوەی خوێنەر بـــە لایەکی دا دەخات، بەڵام من

وەك خوێنەرێك ئەوەی بۆ من گرنگ بوو، کە دەستم بەخوێندنەوەی کرد، تا کۆتایی نەمتوانی دەستی لێ هەڵبگرم. ئەمەش خاڵێکی گەشی کاری رۆماننووسییە. ئاوهاش رۆمانێکە بەدەر لەوانی تر خاوەنی سرووتی خۆیەتی و شێوازەکەیشی جیاوازە، یان دەتوانین بێژین تەکنیکی باوی رۆمانی فەرامۆش کردووە و لە دیوێکی دیکەوە و لە میانەی رەوتار و زمانی کەسە پەرش و بڵاوەکانەوە پەلکێشمان دەکات.

**یادەوەری جەستە ـ**
**ئاژاوەی هەستەکان ـ**
**سەرجێیەکی رەوتەنی**

## یادەوەری جەستە ـ ئاژاوەی هەستەکان ـ سەرجێیەکی رەوتەنی

بنیادەم لە میانەی خوێندنەوەوە سەری لە بیر و ئەندێشەی مرۆڤ سوڕدەمێنێت، بەتایبەتی دنیای خەیاڵ و بیرکردنەوەی نووسەران و ئەندێشەداران چۆن لەم سەرزەوییەدا لەگەڵ جیاوازی رەنگ و رەگەز و ئاین و نەتەوە و بیرو بۆچوونیان ئەوەندە لە خاڵی هاوبەشدا یەك دەگرنەوە!؟ ئاخر شکست لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا هەبێت، دەبینین هاوشێوەی هەمان شکست لە شوێنێکی دیکەش هەیە، مرۆڤی رەنج بە خەسار لە هەر شوێنێك بن چوونیەکن، ماف خۆر و ماف خوراو سەر بە هەر تیرە و رەگەزێك بن، دژ یەکن. هەموو ئەمانە

ڕەنگە لای خەڵکی خواسـایی لە خودی خۆیان ئاساییتربن، بگرە هەستیشیان پێناکەن، لیَ لای خەڵکی هەستەوەر و ئەندێشەدار دەبنە خولیا و نیگەرانییەك، ڕەنگە ببنە شاکاری گەورە و بە شێوازی جیا جیا نمایش بکرێن، ئەگینا دەردە مرۆییەکان لە هەر شوێنێك و لەسەر هەر بستە زەوییەکی ئەم جیهانە ڕوو بدەن، چونیەکن. تاقە جیاوازییەك لە نێوان ئەم دووانەییانە تەنها زمانە. خۆ ئەگەر کۆی بەرهەمی ئەو ئەندێشانە وەربگێڕینە سەر زمانێکی دیاری کراوی نەتەوەیەك، ڕەنگە خولیا و واتاکان یەك مەبەست دەربىڕن، یاخود تا ڕادەی لێکچوون لێك نزیك بن.

ململانێـی دووانەییەکانی مرۆڤایەتی بەزەقی لە نێو دەقی ڕۆماندا دەکەونە ململانیَ. ئەوە ڕۆماننووسە بەر لە هەموو کەسێك هەست بە لاسەنگی دیاردەکان دەکات و ماسکی سەر ڕوخسارە دزێوەکان لادەبات و ڕووی ڕاستەقینەی شتەکان دەردەخات.

ئەحلام موستەغانمی یەکێکە لەو ڕۆماننووسە ئەندێشەدارانەی وڵاتی جەزایر و لە ڕۆمانی سـێ بەرگەی (یادەوەری جەسـتە ـ ئاژاوەی هەستەکان ـ سەرجێیەکی ڕەوتەنی) باسی شۆڕشی گەلەکەی خۆی دژی فەرەنسای ئەوسا دەکات. قۆناغی سەردەمی شۆڕش بە پیرۆزی خەبات و قوربانیدان پیشـان دەدات و قۆناغی دوای سـەرکەوتنی شۆڕش بە هەرەس هێنانی بەها پیرۆزەکانی شۆڕش. بە شێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ و بریَ جار ڕاستەوخۆ پێمان دەڵێت شۆڕش لە خودی خۆی و ڕۆڵەکانی خۆی هەڵگەڕاوەتەوە. ڕەنگە هەموو مەبەسـتی ئەحلام موستەغانمی لەم پەندە کوردییەدا چڕ ببێتەوە 'کیَ کردی و

کێ خواردی!".

ئەم رۆمانە بە سێ ناونیشانی جیاواز و لە سێ بەرگ پێکهاتووە و لە میانەی گێڕانەوەیەکی هونەریدا کەسانی نێو رۆمانەکە بە پێی کات و شوێن رووداوەکان لە یەکتر وەردەگرن و رادەستی ئەوی دی دەکەن و هەر خۆیان دەبن بە گێڕەرەوە و رۆڵی رۆماننووس زۆرجار ون دەبێت، چونکە کەسەکان خۆیان سەربردەی خۆیان و کەسانی دی دەگێڕنەوە و لەگەڵ کێشەو ململانێ جۆربەجۆرەکان ئاوێتە دەبن و رووداوێك دەخولقێنن. رۆماننووس ئەمەی بە جۆرێك کردووە برێ جار ناوی گێڕەرەوەکان تێکەڵ دەبن و ناوی یەکتر هەڵدەگرن، ئەوەتا (خالید تۆپاڵ)ی کەم ئەندامی سەردەمی شۆڕش دەستی بە ئابڕووی خۆیەوە گرتووە و پەیامی پیرۆزی سەردەمی شۆڕشی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە و کوناوکون لەگەڵ خۆیدا دەی گێڕێت و لەگەڵ ئەو دەستە و گرووپانە هەڵناکات، کە بە بێ رەنج کێشان هاتوونەتە سەر بەرهەم و خوانی ئامادەکراوەی شۆڕش. خالید تۆپاڵ دۆخەکەی پێ هەرس ناکرێت و وڵات جێدەهێڵێت و لە شوێنی گیرسانەوەی رووەدکاتە دنیای وێنەکێشان. تابلۆکانی بریتین لەو پردە هەڵواسراوانەی کە لە دوای شۆڕش دروست کراون، کە هێماو ئاماژەن بۆ کێشە هەڵواسراوەکانی وڵات.

بۆ رێ بزری بەدەم رووداوەکانەوە ناوی خالید تۆپاڵ دەبێتە (زەیات) و هاوکات کەسێکی دی هەمان ناوی خالید تۆپاڵ هەڵدەگرێت، بەڵام ئەمیان وێنەگری رۆژنامەنووسییە. هەردوو خالید تۆپاڵ عەشقێکی ئەفسووناوی و بێهودە لەگەڵ (حەیات)ی کچە شەهیدی شۆڕش

(تاهیر مەولا) دەکەن.

حەیات رۆژنامەنووسە و رووداوەکانی بەرگی یەکەمی رۆمانەکە دەگێڕێتەوە. رووداوەکانی بەرگی دووەم خالید تۆپاڵی وێنەکێش دەی گێڕێتەوە، کەچی لە بەرگی سێیەمدا رووداوەکان دەکەونە دەست خالید تۆپاڵی وێنەگری رۆژنامەنووسی.

ئەم فرە دەنگییە لەم رۆمانەدا لە میانەی تەکنیکێکی ناوازەدا لە لایەکەوە شێوازێکی نوێباوی رۆمانمان پیشان دەدات، لە لایەکی دیکەوە نووسەر لەنێوەڕۆکی رۆمانێکدا پێمان دەڵێت: بەروبوومی شۆڕش و رەنج و قوربانیدانی خەڵکی ئەو کەسانە لە بەری ناحەسێنەوە کە رەنجیان بۆ کێشاوە، بەڵکو بەرهەمەکەی بۆ کەسانی هەلپەرست و بێ بار و مشەخۆر دەبێت. ئەوانەش کە دەست لە هەموو ژیانی خۆیان هەڵدەگرن و دەبنە سووتەمەنی، یان لەو پێناوەدا دەمرن، یان لەسەر خاکی خۆیان ئاوارە و دەربەدەر و نامۆ دەبن، یان تەریوەی وڵاتان دەبن، ئینجا دوای مردنیان لاشەکانیان بە قەرزی دۆستان بۆ وڵات دەهێنرێنەوە، یان لە شوێنێکی نادیار ئاوەگڵ دەکرێن.

لە پەراوێزی خوێندنەوەی ئەم رۆمانە، کۆمەڵێ شت و دیاردەی ئەمێستا و رابردووی شۆڕشەکانی خۆمانم هاتەوە یاد، کە چەند لەگەڵ نێوەڕۆکی ئەم رۆمانەدا یەك دەگرنەوە و کت و مت لەیەك دەچن. ئەو ساتانەم هاتەوە یاد کە ساڵی ١٩٧٤ لە بۆردوومانێکی فڕۆکەدا لە ناوچەی سەنگاو لاوێك لەو بۆردوومانەدا لاقێکی قرتا، کە وەهۆش هاتەوە و بە کارەساتەکەی خۆی زانی، وتی "لاقم و خۆمیش بە قوربانی شۆڕشی کوردستان بین !".

نازانم ئەو لاوە مـــاوە یان نا، بەڵام بێگومانم گەر لە ژیاندا مابێت، لە دۆخی خالید تۆپاڵی ئەم رۆمانە باشتر نییە، چونکە بەرهەمی شۆڕشـــەکەی ئێمەش زۆربەی ئەو کەسانە لەبەری حەساونەتەوە لە دوور و نزیك رەنجیان بۆ نەکێشاوە، بگرە نەیاریشی بوون.

**یەزدان دۆخت**
**خانەدانی هەولێری**

## یەزدان دۆخت ـ خانەدانی هەولێری

هەر میللەتێك لە پاڵ دابین کردنی هەموو پێداویستییە ژیانییەکان پێویستی بە دابین کردنی خۆراکێکی گیانی هەیە، کە ئەویش کتێب و دنیای خوێندنەوەیــــە، چونکە هەر نەوەیەك لە نۆرەی خۆیدا و لە سەردەمی خۆیدا دەتوانێت لەرێگای خوێندنەوەوە هزری خۆی مشت و ماڵ بکات و دواجار ببێتە پاسەوانێکی راستەقینەی زمان و کەلتوور و داب و نەریتی میللەتی خۆی و هاوکات هەست بەو مەترسییانە بکات، کە بەشــــێوەی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ روو لە نەتەوە دەکەن. پێم وایە باشــــترین رێگە بۆ ئامادەکردنی ئەو نەوە بەرگریکارە ئەوەیە

لەهەموو کتێبخانەیەك ڕێبەرێکی تایبەت هەبێت، گەر بە چەند دێڕێکی کەمیش بێت پێناسەی هەر کتێبێکی ناو ئەو کتێبخانەیە بکات، تایبێتە هاندەرێك بۆ خوێندنەوەی هەر کتێبێك، دیارە ئەم کارەش لەدوای ئەوە دێت کە کەرەسەی تەواو لە بارەی هەموو لایەنەکانی وڵاتەوە دابین کرابێت، وەك مێژووی کۆن و نوێی میللەتەکەمان، جوگرافیای راستەقینەی وڵاتمان، هەروەها لایەنە کەلتوورییەکان و ناساندنی کۆمەڵگای کوردی لە هەموو قۆناغە مێژووییەکاندا، دیارە تا ئێستا شتێکی وا دابین نەکراوە، ئەمە جگە لەوەی، کە تێکڕای کۆمەڵی کوردەواری نە ڕابردووی خۆی و نە داب و نەریتی خۆی و نە سرووتی ئایینی کۆن و نوێی خۆی بەباشی نازانێت، ئەمەش وای کردووە کە خوێندەواری کورد شارەزای هەموو لایەنێکی میللەتانی دیکە بێت و نیو ئەوەندە شارەزای شتە نزیکەکانی خۆی نەبێت، یان ئەوەندەی شارەزای داب و نەریت و ئاو و هەوای دوورترین کیشوەرە، نیو ئەوەندە شارەزای میللەت و جوگرافیای وڵاتەکەی خۆی نییە.

سەرباری هەموو ئەوانە ئەمێستا کوردستان وەك خانوویەکی بێ حەوشە و دەرگا بووەتە مۆڵگای کۆمپانیای هەمەجۆر و داب و نەریتی لایدە و چاپەمەنی هەمە چیزەی وا، کە ڕەنگە بۆ شێواندنی نەوەی نوێی ئێمە بکرێ و ئێمە لێی بێ ئاگاین. خۆ مەبەستی من دەرگا لە خۆ داخستن نییە، تا لە خۆمان پتر کەسێکی دیکە نەبینین، نەخێر ئێمە پێویستمان بە کرانەوە هەیە، بەڵام دوای خۆناسین. ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە پتر کاری چاپەمەنی و هونەرییەکانە، ڕەنگە هەندێ لە چاپەمەنییەکان بۆ مەبەستی مژدەبەری، یان سیخوڕی، یان

حەڵاڵ کردنی سێکس، یان ئەو فیلم و زنجیرە دۆبلاژکراوانەی، کە لە دەوروبەری خۆمان ساز دەکرێن و هەندێ جار بە جلوبەرگی کوردییەوە و بە نێوەرۆکێکی دوور لە تام و بۆنی خۆمان پێمان دەفرۆشنەوە، یان خۆمان بە دوایاندا عەودالین و لێیان دەکڕینەوە.

مەبەستم لەم بەتاندا چوونە وشیارکردنەوەی ئەم نەوەیەی ئێستایە، کە نە زەبری رۆژگاری دیوە و نە خۆیشـــی هەوڵی داوە بەراوردێك لە نێوان ئێستا و رابردوودا بکات، تا ئایندەیەکی گەش بۆ خۆی بنیات بنێت. هیچ نەبێت لەرێگەی خوێندنەوەوە ئەو بەراوردە بکات. یەکێ لەو کتێبانەی کە پەنجا و حەوت ساڵ لەمەوبەر چاپکراوە، رۆمانی مێژوویی (یەزدان دۆخت)ی قەشـــە (سلیمان سائیغ)ە. هەر چەندە بەرایی رووداوەکانی ئەو رۆمانە بۆ پێش زایین، واتا ئاخر و ئۆخری ســـاڵەکانی پێش لە دایك بوونی مەسیح دەگەڕێتەوە، بەڵام نووسەر درێژە بە رووداوەکان دەدات و سەردەمی بانگەوازی ئایینی مەسیحی و دوای مەسیحیش دەگێڕێتەوە.

کرۆکـــی رووداوەکان بـــۆ ســـەردەمی ئیمپراتۆریەتی ساســـانی و فەرمانڕەوایی شاپووری دووەم دەگەڕێتەوە، کە دەسەڵاتەکەی هەموو عێراقی عەجەمی ئەوسای دەگرتەوە، کە تا رۆخەکانی رۆژهەڵاتی روباری فورات بڕی دەکرد. رووداوەکانی ئەم رۆمانە ململانێی نێوان دوو ئیمپراتۆریەتی ساسانی و رۆمانی پیشان دەدات، لە پاڵ ململانێی سەربازی و فراوانخوازی هەردوولادا، ململانێی ئایینی مەزدی — زەردەشـــتی و ئایینی مەسیحایی دەگاتە ئەو پەڕی. جگە لەم دوو ململانێیە، دەبینین لایەنی ئەڤینیش هەوێنێکی دیکەی ئەم رۆمانەیە،

که له نێوان یەزداندۆخت و سەرکردەی ساسانی (ساسان)دا بووه.
شاکەســـی ئەم رۆمانه تۆمارییه(یەزداندۆخت)ه. یەزدان واتا خودا. دۆخت، که رەنگه (دختر)ی فارسی بێت واتا کچ. واتای وشەکەش دەبێته کچی خوداوەند. نووســـەر بۆ پەرەسەندنی رووداوی رۆمانەکه دوو جەمســـەری ململانێی دروست کردووه، هێزی چاکەخوازی لەم کەســـانەدا کۆ کردووەتەوه (یەزداندۆخت، ساسان، جانا و باحووس و بەهمای و قەرەداغ)، بەڵام هێزی خراپەکار و بەدنیهادی له کەسێتی (شاپووری دووەم و ئەلموبید و مەنسی) بەرجەستە کردووه.
له نێوان ئەم دوو هێزه ململانێکارەدا هێزی ئەڤین و خۆشەویستی به ناکامی دەمێنێتەوه، دەبینین هەر دوو دڵدار و دلبەر دوای دابڕانێکی زۆر لـــه زیندان یەك دەگرنەوه، کەچی هەر لـــه دوای یەکەم دیدار بۆ سبەینێ ساسان له ســـێداره دەدرێ، ئیدی یەزداندۆخت لاشەی خۆشەویســـتەکەی بەرەو (اربل — هەولێـــر) دەگوێزێتەوه و له نێو حەوشەی کۆشکەکەی باوکی دەی نێژێت و ئیدی لەوەولا خۆی بۆ خوداپەرستی تەرخان دەکات.
لەم رۆمانه مێژوویی و تۆمارییەدا له پاڵ ململانێی ئایینە کۆنەکان، ناوی مێژوویی شوێنەکانیش دەخوێنینەوه، که ئێستا ناوی دیکەیان هەیه، وەك شـــاری هەولێری ئێستا به (اربل) ناوی هاتووه، هەروەها کەرکوکی ئێستا ناوی ئەوســـای (کەرخ سلوخ) یان (کەرخ سولق) بووه. هەروەها ناوی رووباری خاسەی کەرکوك لەو سەردەمەدا (بێس جەرمای) بووه. شـــاری عەمارەی باشـــووری رۆژهەڵاتی عێراق کوردنشـــین بووه و ناوی (جابولتا) یان (جابولقا) بووه، رەنگه هەر

ئەم ناوە کۆنەش بێت لای شـــێخ ڕەزای تاڵەبانی شاعیر وەك ناوێکی خەیاڵکردە لە دێڕە شیعرە بەناوبانگەکەیدا بەکاری هێناوە:

سێ ئیسم هەن بێ موسەمما هەر وەکو ئابی بەقا
تەیری عونقا، شاری جابولقا، پڵاوی خانەقا

ڕۆمانی یەزداندۆخت بە گشتی لە ڕووی هونەرکارییەوە گێڕانەوەیەکی ســـەرومڕییە و هونەری ڕۆمانی تازەی تێدا بەکار نەهێنراوە، بۆیە دەچێتە خانەی ڕۆمانی مێژوویی، یان تۆمارییەوە.

# ساباتێک
# لە مێژەڵۆک

## ساباتێک لە مێژەڵۆک

ڕۆمان زۆر جار دەبێتە شـــایەتحاڵی سەردەمی خۆی، کەچی بڕێ جار دەق دەبێتە قوربانی فتوای ئەدەبی و میدیای سەردەم و گرووپ و گرووپـــکاری. پێموایە یەکێ لەو دەقە شـــایەتحاڵانەش ڕۆمانی (ساباتێك لە مێژەڵۆك)ی محەمەد ڕەشید فەتاحە، کە شایانی ئەوەیە بخوێنرێتەوە، چونکە لە ڕووداوە بینراوەکانی دەوروبەری خۆمان بابەت و کەرەسەی ڕۆمانێکی دروست کردووە، کە ڕەنگە هەموومان دوور یا نزیك پریشکی ئەو ڕووداوانەمان بەرکەوتبێت، بەڵام لە دڵی خۆماندا هێشتوومانەتەوە.

شوێنی ڕووداوەکانی (ساباتێك لە مێژەڵۆك) یان سابات و کەپری مێو، کۆشك و سەرایەکی گەورەیە و لەنێو باخێکی بەهاتوباتە، کاتیش سەردەمی حوکمڕانی سەدام و دوای سەدامیش دەگرێتەوە، ڕووداوەکانیش هەر ئەو کارەسات و قەوماوانەن کە هەموومان بە چاوی خۆمان بینیومانن و تا ڕۆژی ئەمڕۆ لە یادەوەریماندا ماونەتەوە و کاریگەرییان لەسەر زۆربەمان ماوە، وەك کوشتار و گرتن و شوێن بزرکردن و ڕاگوێزانی خەڵکی گوندەکان بەرەو ئۆردوگاکان و ناوێکی ترسناکی وەك ئەمنە سوورەکە و برسی کردن و هەتك کردنی ئابڕووی خەڵك.. هتد.

ئەم ڕۆمانە لە ڕووی هونەرییەوە من بەش بەحاڵی خۆم وەك خوێنەرێك بۆشاییەکی ئەوتۆم تێدا نەبینی کە بووبێتە بارگرانییەك بەسەر دەقەکەوە. کەسەکانی نێو ئەم ڕۆمانە بە سەرەکی و لاوەکییانەوە هەریەکە و دوور لە دەسەڵاتی گێڕانەوەی نووسەر لە نۆرەی خۆیاندا قسە دەکەن و خۆیان بە خوێنەر دەناسێنن، ئەمەش یەکێك لە تەکنیکە سەرکەوتووەکانی هەر ڕۆمانێك. سەرباری ئەمەش بۆ هاوسەنگی ڕەوتی ڕۆمانەکە دژەکانی نێو ڕۆمانەکە پەنجەنوما کراون و هەردوو بەرەی خێرخواز و شەڕانگێز لە یەکتر جوودا کراونەتەوە، ئەمەش لە کۆتایی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت و هەر دوو بەرەکە لە زەینی خوێنەردا بە ڕوونی بە ڕەفتار و کرداریانەوە وێنا دەبن، بەرەیەکیان ئێسکقورس و قێزەون و بەرەکەی دی ئێسك سووك و تارادەیەك پیرۆز. ڕۆمان یەکێکە لەو توخمە ئەدەبییانەی کە زمان وەك پۆشاکێك زۆربەی خەوشەکانی دادەپۆشێت، جا بۆیە نەك هەر پێویستی بە

زمانێکی ڕەوانە، بەڵکو دەبێت ئەو زمانە بە هێما و دەلالەت و ڕەگەزە جۆربەجۆرەکانی ڕەوانبێژی بارگاوی بێت. چونکە دەربڕینێکی وەك (دوکەڵی پەنگ خواردووی دەفەی ســـینگی بەبا بدات) لەگەڵ ئەزموونی دووروودرێژی نووسەردا ناتەبایە، بۆیە بە جۆرە تەقێیەکەوە دەڵێم (دەفەی ســـینگ) ڕووکاری دەرەوەی سینگ دەگرێتەوە نەك ناوەوەی، ئیێ دوکەڵیش لە ناوەوە پەنگ دەخواتەوە، نەك دەرەوە.

بەرە دژەکانی نێـــو ئەم ڕۆمانە لەم دووە پێك دێن، بەرەی چاکەخواز بریتین لە (میرۆ، کۆیاد، ئەحمەدی شوفێر، باوکی کۆیاد، شمشاد.. هتد)، بەرەی شەڕانگێز و نەفرەت لێکراو ئەمانەن: (تووران، عەزرەتی، داودی میچ، حەکیمی میقات، دکتۆر لێبۆك، سەمەدی ئەتك، بەداو، شەرافەت.. هتد).

شاکەسی ئەم ڕۆمانە (تووران)ە کە لە نێو کۆشك و نێوەندی دەسەڵات بە (شەبەنگ خاتوون) ناسراوە. هەموو کەسە لاوەکییەکانی دی لە دوور و نزیك لە سەرتاسەری دەقەکەدا پەیوەندییەکیان بە (تووران)ی شاکەســـەوە هەیە و بە پێی ڕەوتی ڕووداوەکان و قۆناغە جیاجیاکانی تەمەنی تووران سەر هەڵدەدەن و سیمای خۆیان نمایش دەکەن.

توورانی شـــاکەس بەپێی دۆخی هەر قۆناغێکی تەمەنی تووشی گرێکوێرەیەکی دەروونی دەبێت تا ئەو ڕادەیەی لە قۆناغی ترۆپکی دەسەڵاتدا وەك کەسێکی سادیزم چێژ لە ئازاردان و ئەشکەنجەدانی دژەکانی خـــۆی وەردەگرێت، تەنانەت پلانی لەنێوبردنی مێردەکەی خۆیشـــی (عەزرەتی) دادەڕێژێت، کە بـــە مێردەگولە ناوی دەبات. سەرەداوی گرێ دەروونییەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەمەی وەك کچە

لادێییەك حەز لە (میرۆ)ی شۆڕشگێڕ و پێشمەرگە دەكات و تەنانەت پاكیزەیی و كچێنی خۆیشی پێدەبەخشێت، كە میرۆ شەهید دەبێت، ئیدی ئەمی بە ئاكام نەگەیشتوو رۆژ لە دوای رۆژ بەرەو هەڵخلیسكان دەڕوات. لە دوای راگوێزانیان بەرەو ئۆردوگا شوو بە (عەزرەتی)ی چەكدار و جاشی رژێم دەكات، پاشان كە (سەمەد ئەتك)ی برای لە ئەمنە سوورەكە بەند دەكرێ بۆ رزگاركردنی براكەی جەستەی خۆی رادەستی بەرێوەبەری ئەمنە سوورەكە دەكات. تووران لەم قۆناغانەدا (میرۆ)ی خۆشەویســـتی هەر لەبیر ناچێت، بۆیە هەندێك وێنەی میرۆ لەبەرچاوی تووران لەو كەســـانەدا بەرجەستە دەبێت كە هاوبیر و هاوهەڵوێستی میرۆن. ئەوەتا كەسێكی وەك (كۆیاد)ی دەستگیر كردووە و لە كۆشـــكەكەی خۆیدا ئازار و ئەشـــكەنجەی دەدا، بەو ئومێدەش لەناوی نادات بەڵكو كۆیـــاد لە بیروباوەڕی خۆی ژێوان بێتەوە و بە یادی میرۆوە دەستەمۆی بكات و حەزە دێرینەكەی خۆی لەودا دابمركێنێتەوە.

تووران خوو دەداتە خواردنەوە و قوماركردنیش، شەو و رۆژ لە رێگەی پیاوەكانییەوە دەكەوێتە تاقیبی هاوبیرەكانی میرۆی خۆشەویستی، تەنانـــەت بۆ دامركاندنەوەی حەزە دێرینەكەی رێگە بە (هەڵوەدا)ی باخەوان و (رەوشـــەن)ی كارەكەر دەدات كە لە پەنا و پەسێری دار و درەختەكان راز و نیازی دڵداری خۆیان بكەن و ئەمیش لە شوێنێكی نادیارەوە خۆی لێدادەگرتن و چێژی لە رەفتاری ئەو دووە وەردەگرت. ئەم گرێ دەروونییە وا لە تووران دەكات كە تووشی دووفاقی و چەندین فاقی كەسێتی ببێت و گومان لە هەموو شتێكی دەوروبەری خۆی

بکات، ئیدی لە روانگەی خۆیەوە دەڕوانێتە کەسە نزیکەکانی خۆیشی و لێیان بە گومانە (هەموو تاکێکی دەسرۆیشتووی نێو کۆشك لە نێو قەوارەی خۆیدا کەسێکی دی حەشارداوە، بە خۆیان بزانن یا نەزانن، لە یەك کاتدا ئەهریمەن و ئاهورامزدان). بۆیە تووران ئەو کەسەیە کە هەموو شتەکانی ئێستا لە رابردووی شکست خواردووی خۆیەوە دەبینێت، بۆیە سیمای میرۆی لە دەستچوو لەو کەسانەدا دەبینێت کە هاوهەڵوێستی ئەوسای میرۆن و دژی ئەمێستای خۆین. نزیکەکان و دەستوپەیوەندەکەی خۆیشی بە بوودەڵەیی دەبینێت و دەردەکانی تیمار ناکەن، بۆیە ئەمانیش هەر لە بۆنەکاندا هاودەمین، ئەگینا لە ناخەوە بە نەیاریان دەزانێت.

# پێنجەمین کتێب

## پێنجەمین کتێب

جەبار جەمال غەریب لە رۆمانی "پێنجەم کتێب"دا لە بەرگی پشتەوەی کتێبەکە دەڵێت "من بۆ کەسێکی تایبەت نانووسم، بەڵام بۆ خوێنەرێکی تایبەت دەنووسم کە سەرکێشەو حەز بە زمان و فانتازیا و خەیاڵی جیاواز دەکات.." بەم پەرەگرافە زەینی خوێنەری بە هۆڵەوە بوو گورج دەکاتەوە، تا خۆی بۆ خوێندنەوەی دەقێکی نائاسایی ئامادە بکات، دەقێک خەیاڵێکی دیکە لای ئەو خوێنەرە دروست بکات و ببێتە بەردەوامی ئەندێشەکانی نێو دەقەکە و لەشێوەی پرسیار و بڕێ جار هەست کردن بە بۆشایی ناو دەقەکە، ببێتە تەواو کەر، یان دەقێکی

دیکەی نەنووسراو. هەر ئەو پەرەگرافە سڵ کردنەوە و خۆ دوور گرتنێك لای خوێنەری لاموبالات دروست دەکات، رەنگە بەخوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەکی دەقەکە وەڕس ببێت.

کــە رۆمانی پێنجەمین کتێب دەخوێنینـــەوە لە میانەی زمانێکی بارگاوی بە واتا و هێما سەختی شێوازەکەمان بیر دەچێتەوە و بەنێو مێژوویەکی پەردە پۆش کراو و خوێناویدا تێدەپەڕین، مێژووی رووداوە جەرگبڕەکانی کوردستان و کارەساتی کۆمەڵکوژییەکەی ئەرمەنییەکان لە باکووری کوردستان و سەردەمی تورکە عوسمانییەکان.

هەموو رووداوەکانیش لە کەســێکی شاکەسی ئەم رۆمانە (کاکۆی ژەنیاری موراد بــەگ لە دایکێکی ئەرمەنی و باوکێکی کورد لە وڵاتێکی لێرە دوور لە دایك ببوو)، چڕ دەبێتەوە. رۆڵەی کوردێك گەر بە هۆی زەبر و زەنگ و تەنگەتاوی و لە وڵات دابڕان نەبێت، بۆچی لەوڵاتەکــەی خۆی لە دایك نابێت و لە (وڵاتێکی دوور — ئەورووپا) لە دایك دەبێت؟!

لە خوێندنەوەی ئەم رۆمانەدا رووبەرووی فانتازیایەك دەبین، وا هەست دەکەین بە نێو چەندین حەکایەتی ئەفســانەیی و فیلمی کارتۆن و ئەفســانە کۆنەکاندا تێدەپەڕین و هاوکات بەو وڵاتە بەستەڵەکانەدا سەفەرمان پێدەکات کە تەنها لە میانەی فیلمەوە بینیومانن. هەروەها کاتـــێ بە وردی ئەم رۆمانە دەخوێنینەوە، زۆربەی ئەو حەکایەتە لە بیرچووانەمان دێتەوە یاد کە لێرە و لەوێ بیستوومانن و وا ئێستا لەم دەقەدا بە شێوەیەکی دیکە بەرهەم هێنراوەنەتەوە.

کات لەم رۆمانەدا بەشێوە مێژووییە راستەقینەکەی (سەدەیەك و یەك

ساڵی تەواو)ە، واتا لەکاتی رووداني قەوماوەکەوە تا کۆتایی نووسینی رۆمانەکە بەم شێوەیەیە {٢٠٠٨ - ١٠١= ١٩٠٧}.
مێژووی ١٩٠٧ لەمێژووی رووداوی کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکانەوە نزیکە کە لەسایەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم رووی داوە. ئەم مێژووە هاوکاتیشە لەگەڵ سەرهەڵدانی بزوتنەوەی کورد و ئەرمەن، دکتۆر کەمال مەزهەر لە باسێکی مێژووییدا ئەم مەسەلەیەی وروژاندوە وا جەبار جەمال غەریب لە دەقێکی نایابی رۆماندا لە بابەتە مێژووەکە دووری خستۆتەوە و دەقێکی ئەدەبی لێ بەرهەم هێناوە.
لە رۆمانی (پێنجەمین کتێب)دا دوو شوێن رووداوەکان لەخۆ دەگرن، شوێنی راستەقینەی رووداوەکان (کوردستان) بە هەموو ئەو کارەساتانەی دژی ئەرمەنییەکان کراون. شوێنی دووەم (ئەوروپا)یە کە پاشماوەی ئەرمەنیە رزگار بووەکانی لە کوشتارەکە تێدا نیشتەجێ بووە وەچەیان خستووەتەوە، یەکێ لەو وەچانەش (کاکۆی ژەنیاری موراد بەگ)ە.
یەکێ لە سەرچاوەی رووداوەکان ئەو وێنانەیە کە لەسەردەمی رووداوەکاندا بە کامێرای جێمس پۆل براون گیراون کە رەنگە گەشتیار، یان رۆژهەڵاتناس بێت و چەندین جار چاوی بە (سەرۆك) رەنگە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بێت، کەوتووە. سەرچاوەی دووەمی رووداوی ئەم رۆمانە ئەو کەلوپەلانەی ئارتووش ئارسەن سیراتووس، یان ئارتوش کوردە کە دایکی (کاکۆ)ی شاکەسە، کە بریتین لە (سندوقێکی تەختە) و (دەفتەرێکی بەرگ چەرم). کە لەم دەفتەرەدا هەموو قەوماوەکانی تۆمارکراون و بە خوێندنەوەی هەر لاپەڕەیەکی ژیانی

کاکۆ دەبێتە دۆزەخ. ئەو دۆزەخەی کە تورکەکان بۆ ئەرمەنییەکانیان هەڵخست و ناویان نا (نەفرەتی تورك). ئەوەتا لە لاپەڕەی یەکەمی دەفتەرەکەدا نووسراوە: "ئەی ئەرمەنی لە هەر جێگایەك هەی پێ بە خۆڵەمێشدا مەنێ، دەشێ گریانێك لە ناخیدا نوستبێ".
ئەو خۆڵەمیشە خۆڵەمێشی لاشەی ئەرمەنییەکانە کە لە نێو دۆزەخەکەی تورك سووتێنران.
سەرچاوەی سێیەمی ڕووداوەکان (ناز جەواهێرخان)ە کە ژنی شەرەفەدینی جیهانگیری نەوەی سەید حوسێنی جیهانگیرە و لە گوندێکی چەپەکی کوردستان خانەخوێی کاکۆیە. ناز جەواهێرخان حەکایەت و سەربردەی وێنەکەی سەید حوسێنی جیهانگیر و پەلاماردانی تورکەکان و سووتانی گوندەکەیان بە دەستی تورکەکان بۆ کاکۆ دەگێڕێتەوە.
کاکۆی پەروەردەی ئەورووپا لە میانەی ئەو دەفتەرە بەرگ چەرمەی لای دایکی کە هەموو ڕووداوەکانی تێدا تۆمار کراوە، دەکەوێتە سەر کەڵکەڵەی ڕەگی ڕووداوەکان و لە ئەورووپاوە بەرەو کوردستان سەفەر دەکات و دیهەوێ باڵ بگرێت و بەرەو خۆر (ڕۆژهەڵات) بفڕێت "هۆ دایکی ئازیزم ئەو باڵانەم لەناو خەونەکانی تۆ قەرز کردووە و بەرەو سەرزەمینی ڕووداوەکان دەڕۆم...".
کاکۆ ئاشنایەتی لەگەڵ ئەو کوڕ و کچە ئەرمەنییانە پەیدا دەکات کە وەچە و نەوەی ئەو ئەرمەنییانەن کە دوای کۆمەڵکوژییەکە بە دنیادا پەرت بوون، یەکێ لەو کچانە (کارۆلین)ە و شەیدای شوێن پێهەڵگرتنی کاکۆ بووە، بەڵام کاکۆ دڵی لە وڵاتی بەستەڵەك هەڵکەنراوە و دوای

ڕووداوەکانی مێژوویەکی ونبوو کەوتووە "کارۆلین من دەبێ تەنها بم..".
تەنهایی ئەو تەنهایی ناو مێژووە پڕ خوێنەکەی باوکی و دایکێتی، ئەو دایکەی هەرگیز شوێنی ڕووداوەکانی نەبینیوە و تەنها لە ڕێگەی دەفتەرە بەرگ چەرمەکەوە ژیانی بووەتە دۆزەخ و دۆزەخەکە باوکی کاکۆ (ژەنیاری موراد بەگی سەنگ شیر) و کاکۆشی تێدا دەسووتێت و ژیانی خێزانییان دەشێوێنێت، بۆیە کاکۆ بەرەو دنیایەکی دی، دنیای ڕووداوەکان سەفەر دەکات.
کاتێکیش دەگەینە سەر ئەم پەرەگرافە "نەنکم دەبینم بەدوای منداڵە دوو ساڵانەکەیدا دەگری، دەبینم ڕێچکەی هەزاران ئەرمەنی دەبینم بە ڕووتی و برینداری تێدەپەڕن" یەکسەر دەگەینە وێستگەیەکی ئاشکرای ڕۆمانەکە و ڕەنگە ئەم دەربڕینە کۆدێك بێت و هەموو سیحرەکانی ڕۆمانەکەی پێ بکرێتەوە، چونکە لەمیانەی ئەم پەرەگرافەوە ئەو دیمەن و زانیارییانەمان دێتە بەرچاو کە لە دەرەوەی ئەم دەقە، دەیزانین، دیمەنی ئەو قەسابانەمان دێتەوە یاد کە چۆن بە خۆیان و کێردەکانی دەستیانەوە لەمبەرو لەوبەری ڕێگاکان وەستاون و چاوەڕێی مل پەڕاندنی ئەرمەنییە بێ دیفاعەکان دەکەن.
وەك هێمایەك بۆ پاراستنی قەوماوەکان (بنەماڵەی باخەوانەکان) نەوە لەدوای نەوە ڕووداوەکان دەپارێزن (باخەوانەکان بێ ئەوەی ڕستەیەك، وشەیەك لەو حەکایەتە بپەڕێنن، دەیلێنەوە)، هێمایەکی گرنگی تر (باڵندی تۆس)ە، کە کاکۆ دوای دەکەوێت، باڵندەیەکی ئەفسانەیی و بە (باڵندەی ڕزگاری) نـاوی هاتووە. دەکرێ بڵێین ئەو باڵندەیە لەدەرەوەی سنووری قەوماوەکان پەڕوباڵی دەرکردووە و بەرەو ناو

سنووری ڕووداوەكان دەفڕێت، واتا هەستی ڕزگار بوون دەكرێ لە ئاوارەیی گەشە بكات و بەرەو زێدی خۆی كڵپە بسەنێت.
من وەك خوێنەرێك تەنها چاوم بڕیوەتە (كاكۆ)ی شاكەسی ئەو ڕۆمانە ئەگینا كەسەكانی دیكە و ئەو هەموو ناونیشانە زۆرەی ناو ڕۆمانەكە هەر یەكەیان پێویستیان بە هەڵوەستەی تەواو هەیە، چونكە هەر یەكەیان خاوەنی ئاماژە و واتای خۆیانن و لە گۆشەیەكی وەك ئەوەی ئێرە هەر ئەوەندە هەڵدەگرێت بڵێم ئەم ڕۆمانە بە ڕاستی شایانی ئەوەیە بخوێندرێتەوە، چونكە بە شێوازێك نووسراوە هەموو مەرجەكانی ڕۆمانی سەركەوتووی تێدایە، ئەوەشی لە من ون بووە بالە نووسینی ڕەخنەگرێك ڕەنگ بداتەوە.

# رشتەی مرواری

## رشتەی مرواری

لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر مۆدیلٚ و دیاردەیەکی نوێی دنیا و دەرکەوتنی ریتمێکی ناباو ئێمەش لە شوێنی خۆمانەوە لە بوونی خۆمان دەکەوینە گومانـــەوە، برێ جار دۆخەکە وامان لێـــدەکات ئەوەندە لە کلتوور و دوێنێی خۆمان تەوەللا دەبین، خەریکە بگاتە ئەوەی بڕیامان دابێت لەسەر رەگ و پەرگەمای خۆمان نەمێنین و بمانەوێ دووبارە لەسەر خاکێکـــی تر و ئاو و هەوایەکی تـــر رەگ دابکوتین، ئاوهاش بیر لەوە بکەینەوە لە خاڵی سەرەتاوە دەست پێ بکەین و ئەوەی لەمەولا بەرهەمی دێنین تەواو دەستنێژی خۆمان بێت و بۆ یەکجاری لە ژێر

باری قورسی رابردوو بە تەکانێك خۆمان رزگار بکەین. دیارە گەر ئەمە بیر کردنەوەی ئێستامان بێت، ئەوا باریکترین هەودای پێکەوە بەستن لە نێوان نەوەکاندا نامێنێت و ئەنجامیش دوای چەند گرێسالێك دەبینین ئێمە خەڵکێکین رەگمان لەهیچ خاکێکدا نییە و تا ئێستا لە بازنەیەکی بەتاڵدا خولاوینەتەوە، نە بەردی بناغەیەکمان دیارە و نە شوێن دەست و پەنجەی پێشەنگێك بە بینای بوونمانەوە هەیە. بەم سەرکێشی و لە خۆ رازی بوونە وەك ئێستا ئاسا لە هەموو بوارەکاندا لە مۆڵەق دەوەستین و هیچ شتێك نابێت دەستی پێوە بگرین.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە سەرکۆنە کردن نییە و خەیاڵێکی رۆمانسییانەی بەرەو دواوەش نییە، بانگەشەی کۆنە خوازیش نییە، بەڵکو پێکەوە گرێدانی رابردوو و ئێستا و ئایندەیە، تا ئەوەی دوێنێ کراوە ئەمڕۆ بە ستایلێکی دیکە و کەرەسە و تەکنیکێکی نوێتر بابەتێکی زۆر جیاوازتری لەسەر رۆبنرێ و بە هیچ شێوەیەك لاسایی کردنەوەی ئەوەی دوێنێ نەبێت، بەڵام وەك ماکی ناسنامە گەرەکە رەگی لەوە دانەبڕابێت. هەروەها ئەوەی سبەینێ دایدەهێنین کۆپی کراوێکی کت و متی ئەوەی ئەمڕۆ نەبێت.

لێرەوە بە مەبەستی پێکەوە بەستنی نەوەکان دەگەڕێینەوە لای یەکێ لە پێشەنگە هەرە دیارەکانی دنیای هزر و ئەدەبیاتمان و لە یەکێ لە وێستگەکانی سەفەرەکەی مامۆستا "عەلائەدین سەجادی" هەڵوەستە دەکەین و "رشتەی مرواری" دەخوێنینەوە، کە لە ماوەی ١٩٥٦ - ١٩٨٣ هەشت بەرگی لێ چاپ کردووە. پێموایە بۆ ئەو سەردەمەی ئێمەی کورد بە پێزترین کتێب بووە، کە شەرمی کۆمەڵایەتی و دابی

دەق گرتووی سەردەمەکانی شکاندووە و ئەوەی بە خەڵوەتی وتراوە و بە قەولی کوردەواری "رووی مەجلیسی نەبووە" ئەم بوێرانە خستوونییە نێو لاپەڕەی کتێب، سەرباری تانە و تەشەری ئێرە و ئەوێ بە رەوتی خاو ساردنەبووەتەوە تا کۆتایی ژیانی لەسەری بەردەوام بوو.

کە رشتەی مرواری دەخوێنینەوە، دەبینین هەموو هونەرەکانی ساتیر و کۆمیدیا و کاریکاتێر و تەوس و سادەیی و ساویلکەیی مرۆڤی کوردی و فێڵ و ناپاکی مێژوو و جیۆگرافیا و کارەساتەکانی مرۆڤی کوردی لە خۆ گرتووە، سەرباری ئەوەش هونەری حەکایەتخوانی کە توخمێکی هەرە گرنگی چیرۆك و رۆمانی سەردەمەکەمانە رشتەی مرواری بە ستایلەکەی مامۆستا عەلائەدین سەجادی رەچاوی کردووە.

یەکێ لەو وانانەی کە ئەم کتێبە پێمان دەبەخشێت بوێری دەربڕینە لە دەقی ئەدەبیدا، پێمان دەڵێت نابێت دەق شـــەرمن بێت ئەو دیاردانەی کە لە ژیاندا هەن پێویستە وەك خۆیان بەکار بهێنرێن و لە بوونایەتی راستەقینەی خۆیان دانەماڵرێن، مەگەر پێویستبوونی زمان وا بکات لە رێگای هێماوە جێگرەوەیەکی هونەرییانەی دیکەیان بۆ دابهێنێت، خۆ ئەگەر وا نەکرێ ئەوا روحی دیاردەکانی ژیان دەکوژرێ و دەقێکی سیسەمەرۆ بەرهەم دێنین!

ئەو سەربردە و حەکایەتانەی لە رشتەی مرواریدا هەن لەگەڵ سادەییان دا رەنگە بۆ نووسەری بە ئەزموون ببنە سرووش بۆ نووسینی چیرۆك و رۆمان، یان هەوێنی شـــاکاری گەروە، ئـــەی ئەوە نییە "غازی عەبدولڕەحمان قوســـەیبی"ی نووســـەری عارەب لە حیکایەتی نێو خەڵکەوە رۆمانێکی ناوازەی وەك "جنۆکە"ی نووسیوە!

نووســـەر لە لاپەڕەی یەکەمی هەموو بەرگەکانی ڕەشتەی مرواریدا نووسیویەتی 'کورد بە زمانەوە ئەناســـرێ"، هەر لە هەمان لاپەڕەدا دەنووســـێت 'کۆمەڵە ئەدەبێکی هەرە بە نرخە لە فەلســـەفە و بیر و باوەڕی کوردی..." بەر لە هەر شتێ ئەوەی ئەم کتێبە بایەخی پێداوە زمانە، چونکە مانەوەی هەر میللەتێ بەندە بە بوونی زمانەکەیەوە من بە ئاوەژووی ئەو تیۆرییانەی کە بانگەشەی زاڵبوونی گشتی بەسەر تایبەتمەندی و زمان و نەهێشـــتنی سنوور لە نێوان زمانەکاندا بڕوام بە روحی زمانی هەر نەتەوەیەك هەیە، جگە لەوەش ئەو بابەتانەی لە رشتەی مرواری دا هاتوون بمانەوێ یان نا بەشێك لە کەلتووری ئێمە پێکدەهێنن، بۆیە فەرامۆشکردنیان فەرامۆشکردنی ئەو زەمینەیەیە کە هەموومان پێمان لەسەری چەقاندووە. سەرباری هەموو ئەمانەش رشـــتەی مرواری بە زمانێك نووسراوە بە هەموو ماناوە وزە و تینی نەتەوەیەك بە هەموو دیالێکتەکانیەوە پیشان دەدات دەبینین لەمیانەی گێڕانەوەی هەر ســـەربردەیەکدا دیالێکتی یان بێچووە دیالێکتی ئەو ناوچەیەی بەکار هێناوە کەســـەربردەکە تێیـــدا روویداوە، هەموو ئەم دیالێکتانەش لە کۆتاییدا لە نووکی قەڵەکەی مامۆستا عەلائەدین سەجادییەوە رژاونەتە نێو دایکە زمانێکەوە کە هەموومان لە خەمی ئەوەداین پتر گەشە بکات و واتەواتی لەسەر نەمێنێت، بۆیە دەبینین رشتەی مرواری پەلی بۆ هەموو جیۆگرافیای کوردستان هاویشتووە، کەســـەکان لەهەر چوار لای کوردستانەوە، بە ئاریان و زۆزانییەوە، بە پێدەشت و هەڵەت و چیاکانییەوە، بەبێ گرێ بە شێوەزاری ناوچەیی خۆیان دەدوێـــن و هەر هەموویان ناســـنامەیەکی تۆکمە بە دایکە

زمانەکەمان دەبەخشن، خۆ ئەگەر ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی هونەری لە چیرۆك و رۆمان و شانۆنامە و دەقی دیکەی ئەدەبی بەکار بهێندرێ، ئەوا رەهاییەك بە کەسەکان دەدرێ و ئەوەی لە ناخیاندایە وەك خۆی دێتە سەر زار، یانی ئاوهاش دەبینە خاوەنی دەقگەلێ بە ئاسانی لە نێو ئەدەبیاتی جیهانی دەناسرێنەوە و مۆرکە کوردییەکەشیان پێوە دیار بێت و هاوکات لەرەوتی رۆژگار و سەردەمەکانیش دوا ناکەوێت.

# کازانتزاکیسی
# لێکترازاو

## کازانتزاکیسی لێکترازاو

کازانتزاکیسی لێکترازاو کتێبێکە لە نووسینی ئیلینی کازانتزاکیسی هاوسەری بیرمەند و رۆماننووسی گەورەی یۆنانی (نیکۆس کازانتزاکیس) کە من زۆر جار بۆ خۆم وام بە بیردا دێت دوای چەندین سەدەی دوورودرێژ جارێکی دی هەر لە هەمان خاکی یۆناندا دوای سێکوچکەی فەلسەفەی مرۆڤایەتی (سوکرات ـ ئەفلاتوون ـ ئەرستۆ) کازانتزاکیس بە شێوەیەکی تر و بە شێوازێکی جیاوازتر لە ناو جەرگەی ژیانەوە سەرهەڵدەدات و لە میانەی ئەزموونە هەمەچەشنەکانی خۆی و وڵاتەکەی و ئەزموونی گەلانی ترەوە فەلسەفەی راستەقینەی

ژیانمان پیشان دەدات، فەلسەفەیەك نەك خانەیەكی تایبەتی بۆ تەرخان كردبێت و وەك فەیلەســـووفەكانی تر لەسەر میتۆدێك بڕوات و بێت خودی سەفەرە فەلسەفییە دووردوودرێژەكانی بە وڵاتانی دوورونزیك، لەو نامانەی كە بۆ هاوڕێیانی خۆی نووسیونی دەرگایەكی دیكەمان لە ماڵی فەلسەفە بۆ دەكاتەوە كە هەمووومان دەتوانین لەو دەرگایەوە بچینە نێو دنیاكەی كازانتزاكیسەوە.
كتێبی (كازانتزاكیسی لێكترازاو) ئەو وێستگانەی ژیان و بەرهەمی ئەم نووسەرەمان لە ساڵی ١٨٨٣ ـ ١٩٥٧ واتە لە دایكبوونییەوە تا كۆچی دوایی بۆ دەور دەكاتەوە، كە ئیلینی هاوسەری رەنگە ئەم ناوەیشی بۆ ئەم كتێبە لەوەوە هەڵبژاردبێت كە نیكۆس كازانتزاكیس بڕێ جار بۆ ئەودیوی شـــاردراوە و دیوی ئاشكرای ژیان و بوونەوارەكەمان پیشان بدات، لە خودی خۆیشـــی هەڵگەڕاوەتەوە، كازانتزاكییەك بە قەولی ئیلینی (گومانی لە توانای رۆماننووســـی خۆیشی هەبوو، بەڵام دڵنیام ئایینده بە درۆی دەخاتەوە)، ئەم بەدرۆخستنەوەیە راستییەكە و ئیلینی لەوپەڕی دڵنیاییەوە نوقڵانەی بۆ لێدەدات و دەیداتە دەست ئاییندەیەك ناتوانێت نكۆڵی لێ بكات و بە ناچاری ئەســـتۆكەچی دەبێت.
ئیلین باسی ئەو نامانە دەكات كە نیكۆسی هاوسەری بۆی ناردووە، (لە نامەكانیدا هەمیشە بە شیعرەكانمیدا هەڵدەدا، بەڵام دەمزانی دڵم دەداتەوە، هەمـــوو جارێك لەو پێدا هەڵدانەدا ئەم حەكایەتەم دەهاتەوە یـــاد كە خۆی بۆمی گێڕابووەوە: عەلی بای كابرایەكی تورك بوو، دوكانێكی بەهارات فرۆشی هەبوو، كە بیبەر و قەنەفڵ و شتی لەم

بابەتەی دەفرۆشت. لەبەردەم دوکانەکەی دادەنیشت درەنگ درەنگ منداڵێك دەهات و نەختێ بەهاراتـــی لێدەکڕی. ڕۆژێك برادەرێکی سەری لێ دەدات و پێی دەڵێت لە ئەستەمووڵ سەردانی سوڵتانم کرد. سوڵتان بە پەرۆشەوە باسی تۆی دەکرد و وتی کە گەڕایتەوە سڵاوم بە عەلی بای بگەیەنە و چەندین بار بەهاراتی لە منەوە بە دیاری بۆ ببە. عەلی بای هەر گوێی ڕاگرت و لە کۆتاییدا وتی: دەی بڵێ و هەر بڵێ، دەزانم درۆ دەکەیت، بەڵام لەزەت لە قسەکانت وەردەگرم).
نیکۆس کازانتزاکیس وشەی (تورك) سەد بارە و هەزار بارە دەکاتەوە و لە زۆربەی بەرهەمەکانیشیدا بە شێوەیەکی ناجۆر و قێزەون ئامادەگی هەیە، سەرچاوەی ئەم ئامادەگیەش هەر ئەو ستەم و خراپەکارییەیە کە تورك بە گەل و وڵاتی کازانتزاکییان کردووە، ئەوەتا لە نموونەیەکی ساختەکاری ئاوها لە نامەیەکیشیدا تەوسی خۆی هەر پیشان دەدات.
ئیلیـــن دەربـــارەی مرۆڤبوونی نیکۆس و ڕوحە لێـــوان لێوەکەی لە خۆشەویستی مرۆڤ پێمان دەڵێت: "هەر چەندە کازانتزاکیس بە بیر و باوەڕ شیوعی بوو، بەڵام بەکردار پیاوی سیاسەت نەبوو، بۆیە لە هیچ حزب و گروپێکدا کاری نەدەکرد، تەنها بانگەوازەکەی (نێو نەتەوەیی ڕوح) ئەو ناوەی خســـتبووە دووی." کەواتە ڕوحی مرۆڤدۆســـتی ناونیشانی مرۆڤێکی وەك نیکۆس بوو، بەڵام خەڵکی تر لە دەرەوەی خودی خۆی پۆلێنیان دەکرد و نەیانتوانی ئەو نهێنییە گەورەیەی ناو خودی نیکۆس بدۆزنەوە، ئەم مەتەڵە ئێستاش بەردەوامە و لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا و لە دەوروبەری خۆماندا داهێنان و داهێنەر لەکەدار دەکرێن و بە زۆی زۆردارەکی دەیترینجێننە نێو دنیایەکی تەسك و تەنگەبەری

وا کە لە مەزەبی داهێنەردا نەبوونی هەیە و نەجێیشی دەبێتەوە.
گاندی کە لە شوباتی ١٩٤٨ تیرۆر کرا، نیکۆس کازانتزاکیس نامەیەك بۆ (بۆرِی کنۆس)ی هاورِێی دەنووسێت و باسی مەرگی گاندی دەکات "لەو رۆژەوە دنیا بچووك و کرژ بووەتەوە. چوار گوللە ویژدانی گەردوونی پێکا و برینێکی قووڵیان دروست کرد. هیچ سەیر نییە لە دنیایەکی مادیی تێکشکێنەر و بەدرِەوشتی وەك دنیای ئەمرِۆمان قارەمانێکی میانرِەو بەهۆی توندرِەوییەوە بکوژرێ، هەروەك ئەوەی بانگەوازی ئاشـــتی و خۆشەویستی لە سەردەمی خراپەکاریدا رق و کینە بورووژێنێت و بتەقێتەوە".
لیژنەی ئاشتی جیهان لە پەکین ساڵی ١٩٥٧ کە زانییان باری ئابووری و تەندروستی کازانتزاکیس تێکچووە، لە گەڵ بروسکەیەکدا برِێ پارەی باشیان بۆ ناردبوو، بەڵام نیکۆس رووی کردە ئیلینی هاوسەری و وتی "هاورِێیەتی لە هەموو خەڵات و دنیا و نۆبڵیش بەنرخترە، ناتوانین ئەو خەڵاتە وەربگرین، ئێمە ئەو برنجە ناخۆین کە بژێوی ژیانی گەلی چینە، ئەو پارەیە لە رێگەی بانکـــەوە بگێرِەوە و بە پارەی خۆمان رەوانی بکەوە با هیچ لەو برِە پارەیە کەم نەکات". نیکۆس کازانتزاکیس لە هەستەمترین کاتدا هەستە مرۆڤێنییەکەی باڵاتر دەبوو، بۆیە خەمی ئەو خەمێکی گشتی بوو، ئیدی لە وڵاتەکەی خۆیەوە دەستی پێدەکرد و هەموو دنیای دەتەنی.
کە نیکۆس باســـی گەورەیی مـــرۆڤ دەکات ئەوەی بیرناچێت کە سەختی ژینگە دەروون و رەفتاری مرۆڤ دەگۆرِێت و دەگاتە رادەیەك لە سروشتی مرۆڤێنی خۆی هەڵبگەرِێتەوە، ئەوەتا لە نامەیەکی بۆ

ئیلینی هاوسەری کە لە **١٩٤٣/٣/٢٥** نووسیویێتی وای بۆ دەچم کە هەر لەو سەفەرەدا بۆ میسر و هندستان و دواتر بۆ چین و ژاپۆن کردی و کتێبی (باخچەی بەردین)ی لێ بەرهەم هێناوە، ئەزموونی ناوچە بیابانییەکان هەندێ بیری تازەیان پێ بەخشی بێت، ئەوەتا دەڵێت "کاتێ مرۆڤ لە بیاباندا هاورێیەتی ئاژەڵ دەکات، وردە وردە بەرەو نزمبوونەوە و ئاژەڵێتی دەڕوات و ئاژەڵەکەش بەرەو باڵایی دەڕوات". دیارە مرۆڤ لە ناو جەرگەی بیابان لە دنیای ئاوەدانی و مرۆڤ دادەبڕێت و تاقە بوونەوەرێك هەر ئەو ئاژەڵە (وشتر)ەیە کە بەسەر پشتییەوە ڕێگە دەبڕێت و خزمەتی دەکات و ئەو ماوەیە هۆگری دەبێت و لەبەرچاوی باڵا دەبێت.

لە یەکێ لەو نامانەی کە بۆ ئیلینی ناردووە ئاوها باسی شیعر دەکات "هیچ شتێك لە شیعری خراپ، تووڕەهاتر نییە".

نامەکان زۆرن و بۆ ئەم جارە فریای ئەوەندەیان کەوتین، بەڵام هەموویان پەیامن بۆ ئێمەی مرۆڤ.

جەمشید خانی مامم
کە هەمیشە با لەگەڵ
خۆیدا دەیبرد

## جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد

"بەعسییەکان ماوەیەك جەمشید لەنێوان گرتووخانە بەناوبانگ و ترسناکەکانی عیراقدا دەهێنن و دەبەن. پێدەچێت هۆی سەرەکی لاوازبوونی جەمشید خان و لەدەستدانی بۆ کێشی خۆی بگەڕێتەوە بۆ ئەو ماوە دوورودرێژەی ئەشکەنجە و برسێتی کە لە زیندانە جیاوازەکاندا چەشتویەتی.."

ئەو پەرەگرافەی رۆمانەکە کەسێتی جەمشید خانمان دێنێتە بەرچاو کە ئەوەندە لەڕولاواز بووە و کێشی جەستەی سووك بووە هەر بە هەڵکردنی بایەك جەستەی وەك پەڕێکی سووك لەسەر زەوی نامێنێت. ئەم

دۆخە سوریالییە رەنگە بەپێی لێکدانەوە و لۆژیکی کەسێکی ئاسایی لەراستییەوە دوور بێت، بەڵام ئەوەی بۆ داهێنانی ئەدەبیی دەشێ بۆ شتە خواسایییەکان ناشێ، چونکە زمانی ئەدەبیات زمانی خواستن و درکە و لکە رەوانبێژییەکانی ترە و هەموو دەقێکی ئەدەبی پێویستی بە لێکدانەوە و وردبوونەوە هەیە. وابزانم ئەم رۆمانە دوا بەرهەمی چاپکراوی بەختیار عەلییـــە و وەك بەرهەمەکانی دیکـــەی ئەمیش لێوان لێوە لە هێما و خواستەمەنی.

ئەم گۆڕانەی کە لە کێشـــی جەمشـــید خان روودەدات، وەك هەموو دیاردە سەمەرەکانی دیکەی سەردەمی بەعس سەرنجی سیخوڕەکانیان رادەکێشێت و دەیقۆزنەوە و لەجەنگی عێراق ـ ئێران بۆ کاری سیخوڕی لە بەرەکانی جەنگدا بەکاریدەهێنن، تا شوێن و جووڵەی سوپای ئێرانی پێ دیاری بکەن.

"گرنگی مامم بۆ سوپا بەجۆرێك بوو، دەبوو تەنیا لە ساتی هێرش و لە دۆخی زۆر گرنگ و تەنگانەدا بیخەنە کار". لەوساوە کە جەمشید خان کێشی سووك دەبێت ئیدی دوو یاوەری لەگەڵدا بوون تا بە پەتێك یان تەنافێك بەخۆیانەوەی ببەستن، نەبادا با هەڵبکات و لەگەڵ خۆیدا بیبات و ون ببێت. یەکەم جار لە ناو جەرگەی بەندیخانەوە جەمشید با دەیبات و لە زیندان رزگاری دەبێت. دوای ئەوەی سیخوڕەکانی بەعس بەم تەناف بازییەی دەزانن، دەیبەن و لە بەرەکانی جەنگ بەکاری دێنن و لەوێشەوە پەتەکە لە دەستی یاوەرەکانی بەردەبێت و دەکەوێتە دەستی سوپای ئێران و ئەوانیش بۆ هەمان مەبەست بەکاریدێنن و لە یەکێ لە فڕینەکانیدا پەتەکە لە دەستی ئێرانییەکانیش بەردەبێت و جەمشید بە

هەوادا دەفڕێت و بەرەو باکوور با دەیبات و دەکەوێتە دەستی گەریلاکانی پەکەکە و ئەوانیش دەیگەیەننەوە دێی (بارانۆك). بەڵام جەمشید خان دووبارە هەوای فڕین لە کەللەی دەدات و هاوکات لە وڵاتیش بێزار دەبێت دەیهەوێ بەرەو هەندەران بڕوات، ئینجا لەنێوان تورکیا و یۆنان و ئیتالیا بە هۆی فڕینەکانییەوە دەبێتە قاچاخچی مرۆڤ و خەڵکی (کورد) لە تورکیاوە بەرەو ئەو شوێنانە دەبات.. ئیدی هەر فڕینێکی بابەتێکە و ناونیشانێکی هەیە، وەك (جەمشید خان و خودا، سەفەرەکانی جەمشید خان، ئاژانسەکەی جەمشید خان، کۆتاییەکانی جەمشید خان..".

ئەو دوو یاوەرەی لەگەڵیدا بوون و پەتەکەی بە جەمشید خانەوە دەبەسترا، سەرێکی بە دەستی ئەمانەوە بوو، ئەم دووەش هەردووکیان برازای خۆی بوون و لە خوێندن هەڵاتبوون. ئەوەی لێرەدا گرنگە لە هەر فڕینێکی جەمشید خاندا کەوتنێکی بەدوادا دەهات، لەهەر کوتنێکیشدا تووشی بیرچوونەوە دەبوو و یادەوەری لەدەست دەدا. ئاوهاش لەهەر گەمەیەکی فڕیندا گەمەیەکی دیکەی لێدەکەوتەوە، گەمەکانیش هیچیان بەدەست و ئارەزوی خۆی نەبوون، تەنها حەزەکەی بەرزەفڕی بوو، بەرزەفڕییەکەش خستوویەتییە بەرچاوان و بۆ مەبەستی دیکە و پێچەوانەی ئارەزووی خۆی لەلایەن خەڵکانی دیکەوە بەکارهێنراوە.

جەمشـــید خان شاکەسی ئەم رۆمانە وەك کارەکتەرێك کە بەردەوام بێ بەرنامـــە و بیرکردنەوە خۆی داوەتە دەم باوە (دەســـتی چارەنووس)، چارەنووسێکی نادیار، هەمو جارێك تووشی شکست هاتووە و لە هەر فڕینێکیدا کە بەر بووەتەوە سەر زەوی زەبرێکی کاریگەری پێگەیشتووە و یادەوەری خۆی لەدەســـت داوە، واتا فڕین و کەوتنەکانی پێشووی

سڕاوەتەوە و بیری چووەتەوە و جارێکی دی دەستی بە فڕین کردووەتەوە و دووبارە کەوتووتە خوارەوە.

گەر بشێ جەمشید خانی شاکەسی ئەم ڕۆمانە بە کەسێتی کورد بچوێنین، ڕەنگە بەهەڵەدا نەچین، چونکە تێکڕای خەسێتەکانی جەمشید خان لەگەڵ ڕەفتار و مێژووە لێڵەکەی کورد و ئەزموونی شۆڕشەکانی کورددا هاوتەریبە و ئەم مێژووە پڕ شکستە تەواو لە ئەتواری جەمشید خاندا ڕەنگی داوەتەوە. ئەوەی مێژووی کوردی خوێندبێتەوە دەزانێت لە هەموو ئەزموونی جووڵانەوە و شۆڕشەکانیدا سەرەتا بە جۆش و خرۆشەوە بەرزەفڕی کردووە و لە کۆتاییدا شکستی خواردووە، بەڵام کە دەستیشی پێکردووەتەوە و بە دەردەکەی جەمشید خان چووە و هیچ شکستێکی پێش خۆی نەخوێندووەتەوە و بە هەمان ڕێچکەی هەڵەدا ڕۆیشتووە. ئیدی لەنێو کۆمەڵێ گەمەی نێوخۆ و دەرەکی داو و تەنافەکانی لەدەست دەرچووە.

بەختیار عەلی لەم ڕۆمانەدا بەنێو دەقێکدا تێمان دەپەڕێنێت، ڕووداوەکانی لەزەینی هەمووماندا بوونیان هەیە و زۆربەمان لەگەڵ حیکایەتەکایدا ژیاوین، بەڵام ئەو هەمان ئەو واقیعەی تێکهەڵشێلاوە و دنیایەکی دیکەی لەسەر بنیات ناوە، دنیایەك تێکەڵ لە ئەفسانە و دیمەنی سووریالی، ئاوهاش من وەك خوێنەرێك وای بۆ دەچم کە ئەم ڕۆمانە دوو دیوی هەیە، دیوی یەکەم خەیاڵ و فانتازیای نووسەرە بە کۆمەڵێ کۆدی ئاشکراوە کە هەرزوو خوێنەری بەهۆڵەوەبوو دەرگاکانی دەقەکەی پێ دەکاتەوە، دیوی دووەم ئەو ڕووداوانەی نێو ڕۆمانەکەیە کە زۆربەمان تێیدا ژیاوین.

لە رووی زمانەوە، من بۆ خۆم ئەو زمانە بارگاوی و سیحراوییەم لەم رۆمانەدا نەدی و هیچ گەمەکردنێکیشم لە کاتدا هەست پێنەکرد، بەڵکو گێڕانەوەیەکی سەر و مڕ و یەك لە داوی یەك لەم رۆمانەدا بەکارهێنراوە.

دوای خوێندنەوەی رۆمانی (جەمشید خانی مامم هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد)، لە پاشکۆ ئەدەبییەکەی هەفتەنامەی رووبەر (رووبەری داهێنان) ژمارە (٣٢)ی ٢١ی ئەیلوولی ٢٠١٠ چیرۆکی (فڕینی پیاوێك — فڕینی پیدرۆ بە ناکۆتادا)ی چیرۆکنووسی ئەرژەنتینی (ئەنریك ئەندەرسن ئەمبەرت)م خوێندەوە، ئەوەی سەرنجی راکێشام لێکچوونێکی زۆر لە نێوان ئەم دوو دەقەدا هەیە، جەمشید خانی رۆمانەکە لە ئەنجامی ئەشکەنجە و برسێتی زیندان کێشی جەستەی سووك دەبێتەوە، پیدرۆی چیرۆکەکەش بە هەمان شێوە لە ئەنجامی نەخۆشییەوە کێشی جەستەی سووك دەبێتەوە، هەردووکیان بە هۆی سووکی جەستەیانەوە بە هەوادا دەفڕن و هەردووکیان لە کاتی فڕینەکانیاندا بە پەت، یان تەنافێك دەبەسترێنەوە تا لە بۆشایی ئاسماندا ون نەبن. ئەوەندە هەیە سووك بوونی جەستەی جەمشید خان لە رۆمانەکەدا بۆ مەبەستی لێکچواندن بە کەسێتی کورد بەکارهێنراوە. هەرچەندە چیرۆك و رۆمان لە زۆر رووەوە دەچنەوە سەر یەك، بەڵام لە رووی پانتایی و چڕی و شاشی زمانەوە زۆر لە یەکتر دوورن. خۆ ئەگەر لێرەدا زاراوەی رەخنەیی هاودەقی (دەق ئاوێزان) ئەم دوو دەقە بگرێتەوە، ئەوا رەخنەگران دەتوانن جێگەی ئەم زاراوەیە لەنێوان ئەم دوو دەقەدا بکەنەوە، ئەگینا بەجۆرێکی تر لێکدەدرێتەوە.

نوری سەعید

پیاوی دەوڵەت و مرۆڤ

## نوری سەعید پیاوی دەوڵەت و مرۆڤ

مێژوو وەك لقێکی گرنگی زانستە مرۆییەکان گەر دەستی ناحەزانەی تێوەردرا، ئەوا چەندین نەوە غافڵگیر و چەواشـــە دەکات، ئەوەندە هەیە چەواشەکاری هەتا هەتایە بەردەوام نابێت و ڕۆژێ هەر دێت پەردە لەسەر لایەنە تەمومژاوییەکانی هەموو ڕووداوێك هەڵدەدرێتەوە و قەڵەمێکی بوێر و بێلایـــەن پەیدا دەبێت و کون و کەلەبەرەکانی قەوماوەکان دەپشـــکنێت و هەرچی چەپ و گوپ و چەواشـــەکاری هەیە راســـتی دەکاتەوە. بەتایبەتی ڕووداوەکانی مێژووی نوێ بایی ئەوە بەڵگە و دیکۆمێنت و تەنانەت خەڵکی شـــایەتحاڵیش تاك و تەرا ماون کە ئەو مێژووە هەڵانە

راست بکەنەوە.

ئایا مێژوو کێ دەینووسێتەوە؟ ئایا مێژووی میللەتان ئەو کەسانە دەینووسنەوە کە خۆیان بەشێك بوون لە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی سەردەمی خۆیان، یان کەسانێکی هەواداری دەربار و بەرژەوەندخواز بوون و هاوکات دەستێکیشیان لە کەتنەکانی نێو مێژوو هەیە و دەیانەوێ خۆیان دەستپێشخەر بن و رووی دزێوی خۆیان لەو رێگەیەوە بشارنەوە؟ یان کاری تۆمارکردنی رووداوەکانی مێژوو هی کەسانی پسپۆڕ و بوێر و بێلایەنە و بە چاوی ویژدان دەڕوانێتە هەموو رووداوەکان؟ پێموایە راستگۆیی مێژوو ئەو کاتە دەردەکەوێت کە کەسانی دەرەوەی دەسەڵات بینووسنەوە، چونکە ئەوی تریان (سەر بە دەسەڵات) وەك کارەکتەرێکی هەڵسووڕاوی نێو خودی مێژووەکە لە سۆزداری بۆ سەردەمی شکۆمەندی خۆی بێلایەن نابێت، ئەوساش لە حوکمی پەندی (کەس بە دۆی خۆی ناڵێت ترشە) رزگاری نابێت، چونکە کاریگەری غەریزەگەرایی و مرۆڤ و ماکی (من منۆکێ) بەردەوام دەیهەوێ تای تەرازووی رواڵەتی دادپەروەری بە لای خۆیدا قورستر بکات و تەنگژەکانی سەردەمی خۆی وەئەستۆی کەسانی دی بخات و رووسپێتی خۆی دەربخات.

هەندێ ژانری ئەدەبی وەك ژیاننامە و یادەوەری و رۆمانی تۆماری لە شیکردنەوەی رووداوەکانی مێژوو دەبنە یارمەتیدەری مێژوو نووسی بێلایەن، بە مەرجێ مێژوونووس بتوانێت ئەندێشەکاری نێو ئەو دەقانە بکاتەوە بە واقیعی ناو مێژووەکە، چونکە ئەوانەش هەندێ جار ئاوێنەی سەردەمی خۆیانن. ئیدی لێرەوە هۆ دەدەینەوە سەر کتێبی (نوری سەعید ـ مرۆڤ و پیاوی حوکمرانی دەوڵەت). نووسەری ئەم کتێبە (دکتۆرە

عیسمەت ئەلسەعید)ـە و یەکێکە لە ئەندامانی خێزانی نوری سەعید، واتا خێزانی سەباحی کوڕێتی. پێموایە ئەوەی لە بەرایی ئەم نووسینەدا ڕێخۆشکەریم بۆ کرد، تا ڕادەیەك نووسەری ئەم کتێبە دەگرێتەوە، چونکە ماوەیەکی زۆر گەلانی عێراق دانی خێریان بە نوری سەعیددا نەدەنا، بەتایبەتی خەڵکی چەپ و شیوعییەکانی عێراق، بەڵام لەم کتێبەدا بەرپەرچدانەوەیەکی بەرانبەر ئەو بیر و بۆچوونانە پیشان نەداوە و تەنها سۆزی بنەماڵەیی بەسەر بیروبۆچوونەکانیدا زاڵە و بەردەوام حیکمەت و لێوەشاوەیی نوری سەعیدی پیشان داوە، ئەمە جگە لەوەی هەستی عروبەویش بەسەریدا زاڵە و ئەو هەڵوێستە عارەبییانەی نوری سەعیدی پیشان داوە کە بەرانبەر یەکێتی عارەب و کێشەی فەڵەستین هەی بووە و کێشەی نەتەوەکانی دیکەی عێراقی لە ئەتواری نوری پاشا دەرهێناوە، بەتایبەتی کێشە پەتاوییەکەی نەتەوەی کورد.

زۆر جار قسەی سەر زاری خەڵکی بە تۆمارێکی ڕاستگۆیانە دادەنرێ و ئەوەی من دەربارەی نوری سەعید لە خەڵکی عەوامم بیستووە، گوایا نوری سەعید لە سەردەمی حوکمڕانی خۆیدا وتوویەتی (عێراق ئاودەستخانەیەکی گەورەیە و من سەرقاپەکەیم، هەرکاتێ ئەو سەرقاپە لابرا، ئیدی بۆنی دەردەچێت). من ئەم قسەیەم لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی نەبیستووە، بەڵام زۆر لە گوینە وای وتبێت، چونکە گەلانی عێراق بەپێی پێکهاتە ئاڵۆزەکەی مەحاڵە دابین بکرێ، ئێ نوری سەعیدیش بەپێی هەموو سەرچاوە مێژووییەکان و ئەوەی نێو ئەم کتێبە بەردەوام دەستێکی بەدەست وڵاتە زلهێزەکان بەتایبەتی بەریتانیا و دەستەکەی تری بەو وڵاتانەوە گرتبوو کە هاوپەیمانی بوون. هەموو ئەمانەشی لە پای

ڕاگرتنی عێراقدا دەکرد، کەچی لە کۆتاییدا سەرقاپەکە (نوری سەعید) هەر هەڵگیرا.

ئەوەی بەپێی بۆچوونی نووسەری ئەم کتێبە لە کەسێتی نوری سەعیددا دەردەکەوێت لایەنی دەستپاکێتی، چونکە هەرکاتێ عێراق تووشی تەنگژەیەك هاتبا، ئەوا نوری سەعید پەنای بردووەتە بەرئەو وڵاتانەی کە هاوپەیمانی بوون، لەوێدا دەرکەوتووە کە هیچ پاشەکەوتێکی پارەی لە بانکی هیچ وڵاتێکدا نەبووە. تەنانەت یەك خانووی هەبووە ئەویش بە سلفە دروستی کردووە. لە یەکێ لە دروستبوونی وەزارەتەکاندا کە خۆی سەرۆکی حکومەت بووە، داوای کردووە کە مووچەکەی بە قەد مووچەی فەرمانبەرانی وەزارەتەکان بێت، ئەویش (١٥٠) سەد و پەنجا دیناری عێراقی ئەو سەردەمە بووە. یەکێ لە دادپەروەرییەکانی دیکەی نوری سەعید ئەوە بووە ڕێوشوێنی یاسایی لەگەڵ (سەباح)ی کوڕە تاقانەی بەکارهێناوە، گوایا لە ئەنجامی سەرپێچی سەباح لە بواری فڕۆکەوانی وەك سزایەك لە فڕۆکەوانییەوە بەرەو بەڕێوەبەرایەتی هێڵی شەمەندەفەر گواستوویەتییەوە و ئەمەش دادپەروەرییەکە و ڕێك پێچەوانەی حوکمڕانی ئەم سەردەمەی خۆمانە.

یادەوەرییەکانی نێو ئەم کتێبە (٣٧٧) لاپەڕەیە کەسێتی سیاسی و خێزانی و هەڵسوکەوتی ڕۆژانە دەور دەکاتەوە و وەك یەکێ لە دەستەی یەکەمی دامەزرێنەرانی عێراق واتا لە ساڵی ١٩٢١ تا ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ پیشان دەدات، بەڵام ئەوەی لەم کتێبەدا سەرنجی ئێمەی خوێنەری کورد ڕادەکێشێت، هیچ ئاماژەیەکی بەو ئەفسەرە کوردانە نەداوە کە دەستێکیان لە دروستکردنی ئەو عێراقە پینە و پەڕۆیەدا هەبووە، من بەش بە حاڵی

خۆم لەو کارەی ئەفسەرە کوردەکان خۆشحاڵ نیم، چونکە ئەوان دەوڵەت و سوپایەکیان دروست کرد لە نەهامەتی پتر هیچیان بە کورد نەبەخشی. لە نێو ئەفسەرە کوردەکانی ئەو سەردەمە، نووسەر تەنها ئاماژەی بۆ بەکر سدقی کردووە، ئەویشی وەك گێرەشێوێنێك پیشان داوە گوایا سوپای عێراقی لە دەوڵەت جیا کردووەتەوە و لە ١٩٣٦/١٠/٢٩ کودەتایەکی بەرانبەر وەزارەتەکەی هاشمی بەرپا کردووە، بەڵام لە مانگی ئابی ١٩٣٧ لە شاری موسڵ تیرۆر کرا. سەرباری ئەمەش ئاوها باسی بەکر سدقی دەکات (وەك بە روونی دەرکەوت بەکر سدقی نیازی دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی لە ناوچەکەدا هەبوو، چونکە ئەفسەرە عارەبەکانی لە شوێنە هەستیارەکاندا دەگواستەوە و ئەفسەرانی کوردی لە جێگەیان دادەنا. هەروەها ئەوەش روون بووەوە کاتێ قوتابییە نوێیەکان لە قوتابخانە سەربازییەکان وەردەگیران، ڕێژەی وەرگرتنی قوتابییە کوردەکان ٧٠٪ حەفتا بووە).

بە خوێندنەوەی ئەو پەرەگرافەی نووسەر تەزووم پێدا دێت، هەرچەند ئەو مەبەستی دەرخستنی رووی دزێوی بەکر سدقییە، بەڵام من وەك خوێنەرێك هەزار جار دەڵێم ئەفسووس ئێمەی کورد ئەمێستاش خۆمان لەو نیازە خراپانەی ئەوانە ناپارێزین و بە ئامان و زەمان نایەڵین کورسییەکانیان لەق بێت، ئاخر بەکر سدقییەك نەیارانی میللەتەکەمان ئاوها باسی بکەن، ئەی بۆچی ئەکادیمییەکانمان و مێژوونووسەکانمان باسێك یان لێکۆڵینەوەیەکی تێر و تەسەلی پێ رەوا نابینن، چونکە بەکر سدقی خولیای کوردایەتی و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی لە روانگەی دەسەڵاتی سوپایی خۆیەوە دیوە، بەڵام چارەنووس ئەو بوارەی پێ نەدا و ئاواتەکەی نەهاتە دی.

# بەهاری رەش

## بەهاری رەش

«بۆ لێنە گەڕان زووتر بە خۆمان بکەوین؟ بۆ بەر لە وەخت رێگاتان نەداین روو لە شـــارێك بکەین و خۆمانی تێدا بشارینەوە؟ بۆ دەستی وڵاتێکی دیکەتان گرت و هێناتان، ئێستا ئەوەشیان بە بیانوو کردووە و لە رقی ئەوەدا ئاوامان لێ دەکەن؟».

ئەم پەرەگرافـــەی نێو رۆمانی (بەهـــاری رەش)ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، پرسیارگەلێکن ئەوسای قەوماو وەکو لەسەروبەندی ئەنفالدا خەڵکی کەرکوك و دەڤەری گەرمیان دەیان کرد و ئێستاش هەر دەیکەن! ئەو پرسیارە لە کێ دەکرا و کێ بەر لە روودانی کارەساتی ئەنفال و کاتی

ئەنفالەکە رێگەیان لە خەڵکی سڤیلی ئەو ناوچانە دەگرت و نەیاندەهێشت ئاوەدانییەکانیان جێ بهێڵن و روحی خۆیان رزگار بکەن؟ ئەوە حەسرەتێکە و لە دڵی خەڵکی پاشماوەی خەڵکی ئەنفالکراوی میللەتەکەمان دەمێنێتەوە. لەپاش ئەوە لەســـەر ئەم دەربڕینە هەڵوەستەیەکی دی دەکەین «ئەوەی ناوتی نووســـی رانکوچۆغەیەکی حەڵواییني لەبەرا بوو. حەزت نەکرد بتناسێ، رووت وەرچەرخان، هێشتا هەر تەماشات دەکات (دەك روورەش بیت ئەمەت لـــە دڵی خۆتا پێ گوت». گەر خوێنەر بە دیقەتەوە ورد بێتەوە لەم پەرەگرافەدا وەڵامێکی پرســـیارەکانی پەرەگرافی یەکەمی دەســـت دەکەوێت، چونکە ئەم خۆ دواندنە یەکێ لە خۆدواندنەکانی نێو دەقەکەیە، سابیری حاجی جومعەیە و یەکێکە لە گیراو و ئەنفالکراوەکانی دەوروبەری شـــاری دووز، دیارە ئەوەی گرتوویەتی و لە ناو زیندانەکەدا ناوی دەنووسیت «رانکوچۆغەیەکی حەڵواییني لەبەرا بوو..». ئەرێ لە نێو شـــارەکانی کوردەواری ئەو سەردەمە لە خۆفرۆش و وڵات فرۆش و کورد فرۆشی کورد کێ ئەو جۆرە جلەی لەبەر دەکرد؟! دیارە کوردی ئەنفالچی و ئێستاش هەمان رانکوچۆغەی حەڵواییان لەبەردایە و گوڵی مەجلیسی دەسەڵاتن.

نووســـەر لە خەم و کەسەرێکی ترەوە لە شوێنێکی دیکەی دەقەکە رامان دەگرێت و لە خەمی گەرمیان و خەڵکەکەیدایە «ئێژن لە شـــەڕێکدا لە نێوان دوو لایەندا کوژراوەکانیـــان هەمووی گەرمیانی بوون، داخ لەبەر دڵسافی و سادەییەکان..». خوێنەر وا هەست دەکات نووسەر لەم دەقەدا هەموو قورساییەکانی ئەو گەرمیانەی کەوتۆتە سەر شان و گەیشتۆتە ئـــەو بڕوایەی کە با بێت و باران بێت هـــەر لە گەرمیانەکەی ئەو کەم

دەبێتەوە، ئەنفال دەکرێن و دەربەدەر دەکرێن و لە شەڕی ناوخۆشدا کوژراوانی شەڕکەرەکان هەر گەرمیانین، بۆیە لە ناخەوە گازەندەیان لێ دەکات کە ئەوها دڵسافن و پەند وەرناگرن. لە سۆنگەی ئەم دڵسافییەوە بەردێك لە ئاسمان بەر بێتەوە بەر سەری ئەوان دەکەوێت.

بەهاری رەش بە زمانێکی پڕ هاوار و زایەڵە نووســـراوە، لە راستیدا ئەم زمانە بە هاوارە زمانی خەڵکی زوڵم لێ کراو و کۆست کەوتەیە، زمانی ناوچەیەکە بە هەرد و دەشتەکانیەوە، بە درەخت و گیانەوەرەوە شایەدحاڵی رووداوە جەرگ بڕەکانە، ئیدی نووسەر ئەوانی هێناوەتە گۆ، بۆیە زمانی دەقەکەش زمانی لاواندنەوەیە و لە نێو رستەکاندا بەردەوام دووبارە دەبێتەوە.

هەر لە ســـەرەتای دەقەکەوە تا نیوەی رووداوەکان ســـێ کەس بە زەقی هەســـتیان پێ دەکرێت (سابیری حاجی جومعە ـ پێدەچێت سەربازێکی هەڵاتوو بێت، یان لە ترسی سەربازی دووزی جێهێشتبێت و رووی کردبێتە دێهاتەکانی گەرمیان، دووەمیان حەمەغەریبی مام مەنسوورە و خەڵکی یەکێك لە ئاواییەکانی گەرمیانە، سێیەمیان منداڵێکی دوانزەساڵانەیە و ناوی گەرمیانە).

ئەم سێ کەسە کە بەر شاڵاوەکانی ئەنفال دەکەون چەند رۆژێك لە یەکێك لە قوتابخانەکانی دووز لەگەڵ سەدان کەسی دیکەدا بەند دەکرێن.

لـــە گێڕانەوەدا ئەم دەقە فرە دەنگییەکی تێدا بەکارهێنراوە و گێڕانەوەکە لەسەر یەك ریتم ناڕوات، بەڵکو بەپێی پێویست و قافی قسەکان دابەش بوونێك لە نێوان نووســـەر و سابیر و حەمەغەریب و گەرمیانی منداڵدا هەیە، واتە ئەم چوارە گێڕانەوەکە لە یەکتر وەردەگرن و بە پێی قەوارەی رووداوی هەریەکەیان جۆرە گێڕانەوەیەك بەکارهێنراوە، ســـابیری حاجی

جومعە بەو پێیە خوێندەوارە وەسفی ناوچەی گەرمیان و کەلتوورەکەی و ئاو و هەوای ناوچەکە دەکات، لەم دۆخەشدا دەبینین دوێنراو گەرمیانی منداڵە، هەندێ جار تەنیا خۆی دەدوێنێت و بە حەسرەتەوە باسی قەتار و ئای ئای ناوچەکە دەکات، ئینجا گەرمیانی منداڵ و حەمەغەریبیش هەریەکە و لە نۆرەی خۆیاندا هەمان ئەرك هەڵدەگرن، ئەم هونەری دەستاو دەست کردنەی گێڕانەوەیە ڕەهاییەکی بە کەسەکان داوە و متمانەیەك لای خوێنەر دروست دەکات، کە ڕووداوێکی ڕاستەقینە دەخوێنێتەوە.

هەمــــوو گێڕانەوە دەستاودەســـــتەکەش لە نێو پۆلێکـــی قوتابخانە بە زیندانکراوەکـــە ڕوودەدەن، تا ئەو دەمەی هەموو زیندانیکراوەکان بە زیل و ئیڤا بۆ شـــوێنێکی نادیار دەگوازرێنەوە، لێرەدا نووسەر جارێکی دی گێڕانەوەکە بە سابیر دەسپێرێتەوە، لەنێو زیلێکی داپۆشراودا سابیر مەزەندە لێدەدات کە بەرەو کوێیان دەبەن «ئەگەر خۆرەکە کەوتە لای دەستە چەپمەوە و هەر پشتم لە خۆرئاوا مایەوە، ئەوا دیارە بۆ کوێمان دەبەن. نەخێر، ئەگەر ڕووم لە خۆرەکە بوو ئەوە بۆ شاری کەرکوك دەمانبەن».

لێرەدا چارەنووسی نادیار و مەرگەساتی هەزاران کەس لەم خۆدواندنەی سابیرەوە نیگەرانمان دەکات، نیگەرانی چرکەساتی قەوماوەکە، هەر لە نێو زیلەکەوە دنیای ئێســـتای دۆزەخ و ئەوســـای بەهەشت بە خەیاڵی سابیردا گوزەر دەکات «جلەکانم چڵکن و تۆزاوین، لەشم ئاڵۆشی هەیە، ئێستا لەسەر ئاوەســـپی نەبی......». سابیر لە دنیای ڕەهاییەوە لەپڕ دێتەوە نێو دۆزەخی ئێســـتای و نێو زیلەکە «ترۆمبێلەکان وەستان..»، «ساردی ئاوەکە لە پێشدا موچڕکی بە لەشتدا دەهێنا»، «وا هەمدیس کەوتنەڕێ..» ئەم ئاڵوگۆڕی کاتە هەموو لە یەك ساتدا و لە نێو زیلێکی

سەربازیدا تێدەپەڕن و لە ڕێگای خۆدواندنەوە پێکەوە دەبەسترێنەوە.
پێموایە گەر نوسەر نەفەسی درێژتر بووایە و ڕووداوی گرتنی ئەو خەڵکە بێ دیفاعەی گەرمیانی فراوانتر بکردایەتەوە، ئەوسا دەکرا هەر لە ڕێگەی خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەوە ڕووداوی گەورەی دنیامان بیر بکەوتایەتەوە، وەك ڕووداوی هۆڵۆکۆستی جولەکەکانی سەردەمی هیتلەر و نازییەکانی ئەڵمانیای جەنگی جیهانی دووەم.
لەلایەکی ترەوە پاشماوەی ڕووداوەکان کە لە گرتووخانەی نوگرە سەلمان ڕوودەدەن دەبینین خاوبوونەوەیەك لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا هەست پێدەکرێ، چونکە کە باسی سەگە ڕەشەکە و عەجاجی بەڕێوەبەری گرتووخانەکە و مردنی بەندییەکان دەخوێنینەوە هەســـت بە بەتاڵ بوونەوەی ســـحری ڕۆمانەکە دەکەین، چونکە هەمان باس و خواس لە زاری ئەو کەسانەشەوە بیستراون کە لە بەندیخانەی نوگرە سەلمان ڕزگاریان بووە.
کەواتە من پێموایە هێز و بڕســـتی ڕۆمانەکە لە ســـەرەتاوە تا دەگاتە بەندیخانەی نوگرە ســـەلمان بڕ دەکات و لەم ماوەیەدا هەموو سحرێکی ڕۆمان دەخوێنینەوە.

# سەعید قەزاز و دەوری لە سیاسەتی عێراقدا تا ساڵی ١٩٥٩

## سەعید قەزاز و دەوری لە سیاسەتی عێراقدا تا ساڵی 1959

(سەعید قەزاز بە کردەوە سەر بە توێژێکی دەستەبژێری رۆشنبیری میانڕۆ بوو، هەروەها بە باوەڕەوە دژی چینی خاوەن موڵك و دەرەبەگایەتی بووە، ئەمەش لە زۆربەی هەڵوێست و کارەکانیدا رەنگی دایەوە و بوو بە قسە و باسی نێو خەڵکی).

ئەو پەرەگرافە بەشێکە لە بۆچوونی (عەبدولڕەحمان بەیاتی) نووسەری کتێبی (سەعید قەزاز و دەوری لە سیاسەتی عێراقدا). نووسەر لە هەڵسەنگاندنی کەسێتی سەعید قەزازی وەزیری ناوخۆی سەردەمی پاشایەتی ئاماژەی بە زۆر دیکۆمێنت و وتەی کەسانی تر داوە کە

هاوچاخی سەعید قەزاز بوون، ئیدی بە دۆست و نەیارەوە ناویان لەم کتێبەدا تۆمار کراوە.

نووسەر کەسایەتی سەعید قەزازی سەرەڕای کورد بوونی وەك خەمخۆرێکی دڵسۆزی یەکپارچەیی عیراق پیشان داوە و بەردەوام کردەوەکانی لە کێشە عارەبییەکان دەسوێ و وەك خەمخۆرێکی نەتەوەی عارەب پیشانی دەدا، لە کاتێکدا سەعید قەزاز خۆی کوردە و سەر بە نەتەوەیەکە و هەموو دەرگایەکی سەرفرازی لێ داخراوە. ئاخر بۆ منێکی خوێنەری کورد چەند داخێکی گرانە کە لە سەردەمی دەسەڵاتدارێکی کورددا بزوتنەوەیەکی رزگاری خوازی کورد (شۆڕشی بارزانی دووەم) کپ بکرێتەوە، چەند دڵگران دەبم کە لە سەردەمی قەزازدا چوار ئەفسەری کورد لە دوای روخانی کۆماری کوردستان خۆیان رادەستی دەسەڵاتی عێراق بکەنەوە و لە ساڵی ١٩٤٧ لە سێدارە بدرێن. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کاتێ مێژوونووسێکی غەیرە کورد کە باسی کەسایەتییەکی کارای کورد دەکات، گەوهەری مەسەلەکان یەکلا ناکرێنەوە و تا رۆژی ئەمرۆ ئەو کەسایەتییانە لە نێو تەمومژی ململانێی چەپ و میانڕۆ و عەلمانی و ئیسلامی و نەتەوەیی شۆڤێنیزمی غەیرە کورددا ون بوون و تا ئێستا نەزانراوە ئاخۆ ئەو کەسانە سەر بە نەتەوەی خۆیان بوون، یان نەیار!

دکتۆر کەمال مەزهەر کە پێشەکی بۆ ئەم کتێبە نووسیوە دەڵێت «لێکۆڵینەوە لە مێژووی ژیانی کەسێتییەکی وەك سەعید قەزاز کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەتی بۆ لێکۆڵەرێکی تازە پێگەیشتووی وەك دانەری ئەم کتێبە کە بە دەمارگیرییەکی روونەوە بەرانبەر قەزاز دەستی پێکردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی زانیاری و برێ جاریش زانیارییەکە لە دۆخێکی

شێواودایە..».

هەر لەم پێشەکییەدا دکتۆر کەمال مەزهەر دەڵێت «دەمەوێ دان بەوەدا بنێم کە من لە بیروبۆچووندا تەواو لە سەنگەری دژی ئەو بیروباوەڕەم کە سەعید قەزاز پەیڕەوی دەکرد..هتد..» لەم دوو بۆچوونەی دکتۆر کەمال مەزهەردا دوو لایەنی کەسێتی قەزاز پیشان دەدات، لە یەکەمدا ناڕاستەوخۆ لە دووەمدا خۆی لە بەرەی دژی قەزاز دەبینێت. خوێنەر گەر بە وردی لە دووەم رابمێنێت هەست دەکات دکتۆر ئەم بۆچوونەی بە رەهایی نەوتووە و لێرەدا ئەمیش مافی قەزازی خواردووە.

گەر بە پێی بۆچوونی نووسەری کتێبەکە و پێشەکی نووس بڕوانیتە کەسێتی سەعید قەزاز، ئەوا لە دوو گۆشەنیگاوە دەڕوانینە قەزاز، لەلایەکەوە گوێڕایەڵی دەسەڵاتە حوکمڕانییەکەی خۆی و شارستانێتی رۆژاوا بەتایبەتی بەریتانیا بووە، ئاوهاش لەو سەردەمەدا وەك کارەکتەرێکی میانڕۆ پتر ئاوەزولۆژیکی کردووەتە پێوەری حوکمڕانی، لەلایەکی ترەوە بە هۆی وابەستەبوونی وەك کارمەندێکی چەقی دەسەڵات و وەك کوردێك هیچ بەشدارییەکی لە مەسەلە نەتەوایەتییەکانی خۆی دا نەبووە، بگرە نەیاریش بووە. ئاوهاش پیاوێك بووە تەنها وابەستەیی عێراقی بوون و کاری حوکمڕانی بەلای ئەوەوە لە سەرووی چارەنووسی نەتەوەکەی خۆیەوە دیوە، سەرەڕای هەموو ئەمانەش بیری مارکسیزم و شیوعی بە نەیاری خۆی و عێراق زانیوە. هەر لەم سۆنگەیەوە بە کردار و بە وتن چ لە کاتی دەسەڵاتدارێتی و چ لە کاتی دادگایی کردنیدا بە گژ بیری چەپ و مارکسیدا چووە. ئەوەتا دادگای سەربازی دوای کودەتای ساڵی ١٩٥٨ کە ناوی لێ نرا دادگای گەل و فازل عەباس مەهداوی سەرۆکی بوو.

بە پێی دیکۆمێنتەکانی نێو ئەم کتێبە سەعید قەزاز ئەوەندە خۆی بە پاك و بە بێ تاوان زانیوە خۆی تەلیفۆنی بۆ بەرپرسانی شۆڕش کردووە کەی پێویست بکات بۆ لێپرسینەوە ئامادەیە. کاتێ کە گیرا و دادگایی کرا، لە ناو دادگا سووکایەتی پێکراو لە کۆی دانیشتنەکانی دادگاییکردنیدا کۆنووسی دادگاییەکەی گەیشـــتە (٢٤٨) لاپەڕە، ئەمەش درێژترین دادگایی کردنێك بوو کە بۆ پیاوانی سەردەمی پاشایەتی تەرخان کرا. لە یەکێ لە دانیشتنەکانی دادگادا قەزاز وتی «من شانازی بەوەوە دەکەم کە ئیسلامم و ئەرکی یاسایی خۆم جێبەجێ کردووە و دژی شیوعییەت تێکۆشاوم». لە شـــوێنێکی تردا دەڵێت «من توانیم قسەی شایەدەکان بە درۆ بخەمەوە، هیچ تاوانێکم لەسەر سوور نەبووەوە، وا من وەستاوم و دەبینم مردن لێم نزیك بووەتەوە، سێدارە نامترسێنێت، کاتێ بۆ سەر سێدارە سەردەکەوم، زۆر لەو کەسانە دەبینم کە شایانی ژیان نین، کەوتوونەتە ژێر پێمەوە».

بەپێی نێوەڕۆکی ئەم کتێبە ئەو کەســـانەی کە لە زیندان و لە کاتی لە سێدارەدانیدا دیویانە بوێر و ئازا بووە و لە قووڵایی ویژدانەوە بەرپەرچی تۆمەتەکانی داوەتەوە، زۆر کەسیش دادگایی کردنی سەعید قەزازیان بە گاڵتەجاڕی زانیوە، چونکە سەرۆك و ئەندامانی دادگا جنێو و قسەی ســـووکیان پێ وتووە و پەتیان پێ نیشان داوە و هەڕەشەیان لێ کردووە. همفری ترفیلیان باڵیۆزی بەریتانیای ئەو ســـەردەمە دەڵێت «دادگایی کردنی قەزاز لەو پەڕی گاڵتەجاڕیدا زۆرانبازییەك بوو».

ئەوەی بە وردی مێژوو بخوێنێتەوە دەگاتە ئەو راستییەی کەم مێژوونووس راســـتییەکان وەك خۆی تۆمار دەکات، چونکە زۆر جار ئیدیۆلۆژیا و

لایەنداری لە کاری گێڕانەوەی مێژوو ڕەنگی داوەتەوە، هەر بۆیە هەندێ جار ڕووی ڕاستەقینەی ڕووداو تەمومژاوی دەکرێ و کەسی باس لێکراو دەکەوێتە نێو پێچ و پەناکانی لایەنداری و بیروباوەڕی مێژوونووســـەوە. ئاخر هەر یەکێ لە ئێمە مێژووی ڕاستەقینەی میللەتەکەی خۆمانمان بە چەواشە لە قۆناغەکانی خوێندندا پێ نەخوێندرا؟! کەسێتی قەزازیش وەك کوردێك پێموایە پێیوستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتری قەڵەمی مێژوونووسێکی بێ لایەنە، چونکە ئەو لە کاتێکدا لە سێدارە درا ڕووە ڕاستەقینەکەی لە نێوان سیاسەتی بەریتانیای ئەو سەردەمە و شەپۆلی متبوونی بەعسیسزم و هەڵچوونی بێ ئارامییانەی شـــیوعی عێراق دوای ١٩٥٨ تارادەیەك تێکەڵ بووە و شێواوە. لێرەدا قسەیەکی مامۆستا کەریم شارەزام هاتەوە یاد کە وتی: لە ساڵی ١٩٥٣ سەعید قەزاز سەردانی شاری کۆیەی کرد و داوای لە زۆربەی کارمەندانی شارەکە کرد، کە خزمەتی خۆیان بۆ شاری کەرکوك بگوێزنەوە، چونکە کەرکوك لە ژێر فشار و هەڕەشەی بە عارەب کردندایە. کەواتە من پێموایە کەســـێتی سەعید قەزاز پێویستە دووبارە هەڵوەستەی لەسەر بکرێتەوە.

من مێژوونووس نیم، بەڵام پێموایە مێژووی ئێمە لێوانلێوە لە بۆشایی و هەڵە و هەندێ جار غەدر، هەندێ لەو بۆشاییانە هۆیەکەی کەمتەرخەمی مێژوونووسانی کوردە، چونکە تا ئێســـتا هەوڵ نەدراوە هەڵەکان ڕاست بکرێنەوە، وا وردە وردە هەڵەی دیکەشیان دێتە سەر، ئاخر مێژووی کورد هەر لە کاتی زەینەفۆنەوە تا ئێستا بە زۆری غەیرە کورد نووسیوێتی، ئێ ئەوانەش هەندێکیان ڕقی خۆیان هەڵڕشتووە و هەندێکی دیکەیان ئاگای تەواوی لە ڕووداوە تراژیدییەکانی کورد نەبووە، هەندێکی دیکەشیان کوردی

وەك کارەکتەرێکی داردەست بینیوە و هەندێ جار کارەکتەری لێوەشاوەی کوردیان لەسەر نەتەوەی خۆیان حیساب کردووە، یان بە پێچەوانەوە گەر مەیلی کورد بوونی هەبوویێت یان بەدناویان کردووە، یان لە ناویان بردووە. لە خوێندنەوەی کتێبی (سەعید قەزاز و رۆڵی لە سیاسەتی عێراقدا)ی عەبدولڕەحمان بەیاتی کە بە عارەبی نووسیوێتی بە پێی ئەو دیکۆمێنتانەی کە لەم کتێبەدا هاتووە و بە گوێرەی ئەو دادگاییە پڕ لە قینەی لەگەڵیدا کراوە هەست دەکەم سەعید قەزاز وەك دەسەڵاتدارێکی سەردەمی خۆی تەمومژێکی زۆری خراوەتە سەر و تا ئێستا نەڕەویوەتەوە، لەگەڵ ئەوەی لە رواڵەتدا لەبەرەی میللەتەکەی خۆیدا نەبووە، خۆزگە مێژونووسـانی نوێ و بێلایەن بە هەموو لایەنەکانی ژیانیدا دەچوونەوە و سـەر لە نوێ مێژوونووسی تازە و بێلایەن دادگاییان دەکردەوە، تا بێ تاوانی و تاوانباری دەربکەوێت.

# بەرەو رۆژ

## بەرەو رۆژ

دکتۆر مارف خەزنەدار لە پاڵ ئەوەی ئەکادیمییەکی گەورەو ئەدەبیاتناسێکی ناسراوی میللەتەکەمان بوو، هەستێکی کوردانەی بەرزیشی هەبوو. لە سەرەتای حەفتاکاندا یەکێ بوو لەو خاوەن بڕوانامە باڵا و دەگمەنانەی کە چوار ساڵی زانکۆ رەخنەی ئەدەبی و کێش و سەروای پێ دەوتینەوە. لەم رووەوە ئێمەومانان زۆر قەرزاری ئەو پیاوەین و دنیای کتێب و خوێندنەوە و نووسینی لامان خۆشەویست کرد.

دکتۆر مارف خەزنەدار لە چەندین بواری جۆر بەجۆردا سامانێکی ئەدەبی گەورەی بۆ جێهێشتووین، وەك: لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و مێژووی ئەدەب

و چیرۆك و وەرگێڕان و كاری ڕۆژهەڵاتناسی و بواری ڕۆژنامەگەری. ئەوەی من ئاگادار بم چەند كۆمەڵە چیرۆكێكی هەیە و ڕەخنەی كوردی كەمتـــر ئاوڕی لێداوەتەوە. كۆمەڵە چیرۆكـــی (بەرەو ڕۆژ) یەكێكە لە بەرهەمی چیرۆكی ئەم نووسەرە و لە بەرایی كۆمەڵەكەدا بە ناونیشانی (تێبینی پێویست) دەنووسێت «ئەم چیرۆكانە هەندێكیان لە شەستەكانی سەدەی بیســـتەمدا لە وڵاتی ڕوسیای ئەو كاتەی دەسەڵاتی سۆڤیەت تۆماركراون، هەندێكی دیكەیان لە هەشـــتاكانی ئەو سەدەیە لە وڵاتی جەزائیر و هەندێ لە وڵاتانی ئەوروپا بەتایبەتی فەرەنســـا و بەریتانیا و ئەڵمانیا نووسراوەتەوە).

كەواتـــە بەرهەمی نێو ئەم كۆمەڵە چیرۆكە لە شـــوێنی جیاجیا و لە سەردەمی جیاجیادا نووسراون و بێگومان كاریگەری غوربەت و ئەدەبیاتی ئەو وڵاتانە هاندەرێك بوون بۆ نووسینی ئەو چیرۆكانە، بەڵام لە زۆربەی بەرهەمی چیرۆكیدا زێد و وڵاتی خۆی ئامادەیی هەیە.

چیرۆكەكانی نێو ئەم كۆمەڵەیە بەم ناونیشـــانانەن (ئەڵەمانی كوردی، دەروێش كاكەڵڵا، لە سایەی شەریعەتدا، دڵداری قەدەغە نییە، پێشوازی خاوەن شـــكۆ، ئەحە كەچەڵ لە پێش دادگادا، جاشولكەكەم، بە ئامانج گەیشت، بووكە شووشە و....هتد). لە گۆشەیەكی وادا ناكرێ بە وردی لەسەر هەموو چیرۆكەكان هەڵوەستە بكەین و هەر چیرۆكە و لە ڕووی تەكنیككاری چیرۆكەوە بخوێنینەوە، بەڵام وام بە باش زانی بە كورتی لەسەر هەردوو چیرۆكی (ئەڵەمان كوردی) و (بووكە شووشە) بووەستم.

چیرۆكی ئەڵەمان كوردی لە ساڵی ١٩٦٠ دا نووسراوە و ئەو سەردەمەش سەردەمی گوێزانەوەی چیرۆكی كوردییە لە حەكایەتئامێزی و نیمچە فۆلكلۆرەوە بەرەو چیرۆكی هونەریی، چەند چیرۆكنووسێك لەو سەردەمەدا

دەرکەوتن کە گیانێکی تازەیان بە بەر چیرۆکی کوردیدا کرد، وەك مارف بەرزنجی و حســـین عارف و مارف خەزنەدار و چەند چیرۆکنووسێکی تر. چیرۆکی ئەڵەمان کوردی لە جغزی کێشـــەی جوتیار و دەرەبەگ و کێشـــە کۆمەڵایەتییەکان تێپەڕیوە و بەرەو مەسەلەیەکی هەستیاری سیاسی و نێودەوڵەتی هەنگاوی ناوە. دیارە نەهامەتییەکانی بڕانەوەی جەنگی جیهانی دووەم هەر پانزەساڵێك تێپەڕی بوو، بەڵام یادەوەرییەکانی هێشتا لە خەیاڵی چیرۆکنووسدا هەر مابوو، ئەو دەنگۆیانەی کە کورد هیوایەکی رزگاری بە ئەڵمانیای نازی و هیتلەر هەبوو چیرۆکنووس لە کەسێتییەکی نیمچە شێتدا بە ناوی ئەورەحمان حەمەد بەرجەستە کردووە، کە لە نێو خەڵکی بە (ئەڵەمان کوردی) ناسراوە، جووڵەی ئەم کەسێتییەی لە نێو خواستی خەڵکی و ململانێی بەریتانیا و ئەڵەمانیا زۆر هونەرییانە خستۆتە گەڕ. هەر لە میانەی کەســـێتی (ئەڵەمان کوردی)یەوە بیرو بۆچوون و ئاوات و خواستی میللەتی کوردی پیشان داوە، بەوەی کورد بۆ رزگاربوون دەستی لە بەریتانیا شتووە و بە نەیاریشی زانیوە، بەرانبەر بەمەش بۆ رزگاربوون ئومێدێکی بە ئەڵمانیای نازی پەیدا کردووە. ناتوانم دڵنیا بم، بەڵام وای بۆ دەچم کە کەسێتی ئەڵەمان کوردی هەر رەمزی نافیع بێت کە بۆ مەبەستی رزگار بوون سەرکێشییەکی لەگەڵ تیمێکی ئەڵمانەکاندا کرد، چونکە رەمزی نافیع کوڕی شارەکەی نووسەر خۆی بوو، بێگومان پێشتر ئەو هەواڵانەی بیستووە.

نووسەر لە چیرۆکی ئەڵەمان کوردیدا زۆر هونەرییانە رەچاوی شێوە زمانی شـــاری هەولێر و دەوروبەری کردووە، بەتایبەتی لە دیالۆگەکاندا، ئەمە هەست کردنە بە هونەری زمان لە چیرۆکدا «قوربان ئەمن راستەوڕەوان بە ئەنگۆم گۆت کە حەموو چشت چاك دەبی بەو نێزیکانە، پیاوی چاك

ســـەردەکەوی خودا خۆی لە قورئانا فەرموویەتی». لەکاتێکدا دەبینین لە گێڕانەوەدا چیرۆکنووس دەگەڕێتەوە سەر زمانی ئەدەبی و ئەو شێوە ناوچەییە بەکارناهێنێت. لە راستیدا ئەم جۆرە بەکارهێنانەی زمان بۆ ئەو سەردەمە جۆرە پێشەنگایەتییەك بۆ چیرۆکنووس تۆمار دەکات.

چیرۆکـــی دووەم (بووکە شووشـــە) کە دکتۆر مـــارف خەزنەدار وەك چیرۆکنووسێك پتر بەم چیرۆکە و ئەڵەمان کوردی ناسرابوو، بە شێوەیەکی زۆر مۆدێرن و مرۆڤدۆستانە پێشکەشی خۆشەویستێکی دەکات «بۆ ئەو ئادەمزادە ژیر و ســـاکارەی هەمیشە دەیگوت: بۆ پیاو پیاو دەکوژێ! بۆ فابریقەکان لە باتی گوللە و بۆمبا شووشە و گوڵاو دروست ناکەن».

دوا بەدوای ئەم پێشکەشە نووسەر بەرایی چیرۆکەکەی بە پێناسەی ئەدەب و هونەر دەست پێدەکات و ئینجا بە سەرسوڕمانەوە دەڵێت «بووکەشووشەی رەق و تەقی بێ گیان، نازانم چۆن لە مێشکی هونەر وەردا رەنگ دەداتەوە و دەبێتە هۆی هێنانە دی بیر و مانا و وێنەی بەرز!».

چیرۆکنووس لە بووکە شووشەیەکی بێ گیانەوە بەرەو دنیای کاولکاری جەنگی جیهانی دووەممان دەبات و باســـی نەهامەتییەکانی شـــاری لینینگراد نووسەر واتەنی شاری (ســـان پیترس بۆرگ) دەکات. ئەو شارەی بۆ ماوەی چەندساڵێك لەلایەن سوپای ئەڵمانیاوە گەمارۆ درا و خەڵکەکەی سەرباری برسێتی و نەخۆشی و لاشەی مردوو خواردن خۆیان بەدەستەوە نەدا و شارەکەی خۆیان جێنەهێشت.

ئەم چیرۆکە دوو گێڕەرەوە بەرێوەی دەبەن، لە ســـەرەتاوە گێڕەرەوەیەك کە نووســـەر خۆیەتی زەمینەیەك بۆ رووداوەکان خۆش دەکات تا لە (رۆژی ٩ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١) تا (لە سووچێکی باغەکە)ی نزیك ماڵی گێڕەرەوەی یەکەم، گێڕەرەوە لەپڕ کیژێکی تازە پێگەیشتوو دەبێتە ئاشنای.

ئیدی لەمەولا گێڕانەوەی پاشماوەی چیرۆکەکە کە ناوبەناو دیالۆگی هەردوو گێڕەرەوەی تێدەکەوێت، دەکەوێتە دەست کیژە تازە پێگەیشتووەکە. ئەمە پێشبینی رووداوی نەهامەتییەکانی شارەکە دەکات و قارەمانێتی دایکی پیشـــان دەدات و دەڵێت «منی کچی جەنگ. بۆنی لاشـــەی ئادەمزاد کە لە رۆژاوا با بۆی دەهێنایین کاسی کردبووین».

ئەم دەقە کە تا ئێستا بە چیرۆك ناسراوە، بەڵام من پێموایە نۆڤلێتێکی کورتە، چونکە رووداوەکانی و شـــێوەی دامەزراندنی دەقەکە بە بەرییەوە هەیە پتر بکێشـــێت و کەسانی دیکەش بێنە نێو ئەو رووداوانەوە، چونکە بابەتی دەقەکە باسی تێکرای کارەســـاتەکانی ئەو شارە دەکات و لای هەمووشـــمان زانراوە کە ئەو رووداوە یەکێکە لە کارەساتەکانی جەنگی جیهانی دووەم و خۆی لە قەرەی رووداوی هۆلۆکۆســـتی جوولەکەکان دەدات، بەڵام چیرۆك لایەنێکی رووداوەکە دەگێڕێتەوە.

دکتۆر مارف خەزنەدار یەکێکە لەو نووسەرانەی کە شێوازی نووسینەکانی بە ئاسانی دەناسرێتەوە، چ لە لێکۆڵینەوەکانی چ لە نووسینی داهێنراوی. بە زمانێکی ســـتاندارد دەنووسێت و هاوکات زمانەکەیشی بێ گرێ و گۆڵ و تەمو مژە. ئەوەی من پەیم پێ بردووە، هەندێ وشە هەن تایبەتن بە دکتۆر مارفەوە، وەك وشـــەی ئادەمزاد، ناوەوە، گێتی، خوێندەوار لە جیاتی رۆشنبیر، میری و هتد..

جگە لەوانەش باس کران دکتۆر مارف لە تەواوی نووسینەکانیدا هەستێکی نەتەوەیی روون و ئاشکرای هەیە و زۆر وشەی لە قافدا بەرانبەر دوژمنانی کورد بەکار هێناوە وەك (رۆمی رەش) کە مەبەستی ئەو تورکانەیە کوردیان چەوساندووەتەوە.

# ئاشتی کوردستان یان
# (ئارامیی دڵ)

## ئاشتی کوردستان یان (ئارامیی دڵ)

لە دەیەی شەستەکانی سەدەی رابردوو چیرۆکی کوردی لەگەڵ کەمی بەرهەمهێنانیدا لە سەرەتای قۆناغی گوێزانەوەدا بوو، یان سەردەمی سەرهەڵدانی دوو دیاردە بوو لە چیرۆکی کوردیدا، یەکەمیان پەیدابوونی جۆرە تازەگەرییەك لەلایەن چەند چیرۆکنووسێکەوە وەك سەدرەدین عارف و لەتیف حامید و ئەحمەد شاکەلی و حسین عارف و هەندێکی ترەوە کە بوو بە سەرەتایەك بۆ سەرهەڵدانی تەوژمی روانگە. دووەمیان سەرهەڵدانی جۆرە چیرۆکێکی درێژ کە لەوەولا بە نۆڤلێت، یان کورتە رۆمان ناسرا، ئەوانەی کە لەم جۆرە ژانرەدا دەستپێشخەر بوون، ئەمانە بوون: جەمال بابان،

جەمال نەبەز، محەمەد ساڵح سەعید بوون.
ئاشتی کوردستان یەکێکە لە بەرهەمە داهێنراوەکانی ئەو سەردەمەی محەمەد ساڵح سەعید و وەك خۆی لە پێشەکی ئەم کتێبەدا ئاماژەی پێداوە پێدەچێت لە دەستنووسێکی لەنێوچووەوە بە نێوی (ئارامی دڵ) دووبارە بیرۆکەکەی بە ناوی (ئاشتی کوردستان) دارشتبێتەوە و ساڵی ١٩٧١ لە بەغدا چاپی کردووە.
ئاشتی کوردستان وەکو نۆڤلێتێك لە رووی ناوەرۆکەوە هەڵگری سیمای سێ قۆناغی ئیدۆلۆژیای کۆمەڵی کوردەواری و دەوروبەرێتی، قۆناغی ململانێی توندی نێوان چینی فیودالی و چینی جوتیارە کە ئەمەش درێژەپێدەری نێوەرۆکی چیرۆکی چلەکان و پەنجاکانی کوردە و لە هەمان بازنەدا دارێژراوە، قۆناغی دووەم سەرهەڵدانی کودەتا یان شۆڕشی چواردەی تەممووزی (١٩٥٨)ە، کە کۆمەڵی کوردەواری لە نێوان دروشمی جۆربەجۆری (با بژی و با بروخێ)ی ئیدۆلۆژیای چەپڕەو و میانڕەو و راستڕەودا تووشی گێژاوی تێکەڵەبوون بووبوو.
قۆناغی سێیەمیش سەردەمی دامرکانەوەی دروشمەکان سەرهەڵدانی شۆڕش و نەهامەتییەکانێتی. پێموایە هەر خوێنەرێك بە وردی ئەم دەقەی محەمەد ساڵح سەعید بخوێنێتەوە ئەو بەریەککەوتن و ململانێیەی هەر سێ قۆناغەکە بەدی دەکات، بەڵام بیرە گشتییەکەی نۆڤلێتەکە لەسەر بنەمای دیالیکتیکیانەی ئەو سەردەمە رۆنراوە و لایەکیشی بە لای تیۆرەکەی داروینداکردووەتەوە «ئەم سروشتە هەموو جەنگە.. کێ زاڵ ئەبێ؟! ئەوەی نەبەزێ، خۆی نەدا بە دەستەوە. تۆ سەیری ئاسمان و زەوی، هەموو بوونێکی ئەم سەر زەمینە و هەموو جیهان ئەیەوێ مانی خۆی بسەلمێنێت و زەبر و زەنگی خۆی دەربخات.. کەواتە بۆ زەوت

نەکەین و زاڵ نەبین». تا دەگاتە ئەو شوێنەی کە «لاواز و بێهێزەکانیش ئەبێ ملکەچ و لارەمل بن و سەردابنەوێنن بۆ فەرمان و دەسەڵات.».
کەواتە نۆڤلێتی (ئاشتی کوردســـتان) یەکێکە لەو دەقانەی کە خۆی بەرووداو و هەڵوەســـتەکانی ئیدۆلۆژیای سەردەمی خۆی و پێش خۆی بەســـتووەتەوە و بەم پێیەش لە دوو زەمیندا رەگـــی داکوتاوە، زەمینی کۆمەڵگای فیوداڵی کـــوردی و زەمینی بیری راپەڕین و بووژانەوەی هەستی نەتەوەیی، چونکە ئەوانە رایەڵی گێڕانەوەکەی لەسەر بنەمای دژەکان بەسەر دوو دەستەی خراپەکار و چاکەخوازدا دابەش کردووە، بەرەی خراپەکاری لە کەسایەتی کوێخا و رۆستەم و مینەی کوڕی کە ملکەچ و کاسەلێسی دامودەزگای دەوڵەتن بەرجەستە کردووە، بەرەی چاکەخوازیشی لە کەسایەتی مەریوان و هێمن و خەسرەو و مامۆستا رزگار کە سەر بە توێژی رەنجدەر و بەرەی میللەتن پیشـــان داوە. هەروەها لە رووی دابی کۆمەڵایەتی و ئاکار و رەوشـــتەوە دوانەیەکی دیکەی دروست کردووە، بەرەی عاشق و داوێن پاك لە کەسایەتی مەریوان و گوڵەخاندا پیشان داوە، بەرانبەر ئەمانیش کوێخا رۆستەم و مینەی کوڕی بە هێمای داوێن پیسی و بەدرەفتاری پشـــیان داوە. لە نێوان ئەم دوانەییەشدا پیرۆز (پیزە) کچە هەژار و هاوکات روخسار دزێو وەك قوربانییەکی بێ داڵدە و بێ دەسەڵات تێوەدەگلێنێت و کچێنی خۆی بە مینەی کوێخا رۆستەم هەرزان فرۆش دەکات و لەبەرچاوی خەڵکی سووك و ریسوا دەبێت.
نووسەر لەو بڕوایەوە کە ستەمکاری بۆ هەتا هەتایە بۆ ستەمکار ناچێتە ســـەر، بەرەی خراپەکار (کوێخا رۆســـتەم و مینەی کوڕی) دوای ئەو هەموو زوڵم و زۆرەی لە خەڵکی دەکەن لە کۆتاییدا هەرەس دێنن و بەرەی چاکەخوازان سەردەکەوێت. هاوکات نووسەر بە هەمان بڕواوە بە شێوازێکی

ڕۆمانتیکییانە دڵدار و دولبەر (مەریوان و گوڵەخان) دوای حەوت ساڵی زیندانی بە پیلانی مینە، دەگەیەنێتەوە یەکتر و عەشقەکەیان ناکام ناکات و هەمان خۆشی تێکەڵی بۆنەیەکی نەتەوەیی دەکات کە ئەویش شادمانی خەڵکی کوردســـتانە لە ڕۆژی یانزەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ «گوڵە و مەریوان بە گەرمی و بە پەرۆشـــەوە باوەشیان بە یەکدا کردبوو.. چوار لایان لێ گیرا و کەوتنە نێوانی بەزم و ڕەزمەوە.. ناو دێ بوونە قریوەی هەڵپەڕکێ و چەپڵەڕێزان و شـــایی و زەماوەندی راستەقینەی ئاشتی کوردستانی ڕەنگین و خۆشەویست»..

زمان لە نۆڤلێتی ئاشتی کوردستاندا تارادەیەکی زۆر سوار و ڕەوانە، وشە لە نێو ڕستە و پەرەگرافدا بە سەلیقەیەکی کوردانە جێی خۆیان کردووەتەوە، لە هەندێ شوێندا شێوەی ئاخاوتنی ناوچەی شارەزوور بەکارهێنراوە، بەڵام مۆرکی شێوە ئاخاوتنی سلێمانی بەسەر زمانەکەیدا زاڵە. گەر زمانی ئەم نۆڤلێتە لەگەڵ زمانی هەندێ نووسەری ئەم سەردەمەمان بەراورد بکەین، زمانەکەی محەمەد ساڵح سەعید سوارتر و ڕەوانترە.

هەرچەندە ئەم دەقە لەســـەر گێڕانەوەیەکی زنجیرەیـــی ڕۆنراوە، بەڵام گێڕانەوەکە هەندێ تەکنیکی نوێ و کەرەسەی ناباوی تێدا بەکارەێنراوە وەك جۆرە ناراستەوخۆییەك لە دواندن و دیالۆگی کەسەکاندا دیارە. ئەوەتا سەرەتا نۆڤلێتەکە خەســـرەو لەجیاتی نووسەر لە شێوەی خۆدواندنێکی ناراستەوخۆدا وەسفێکی ڕوخسار و جەستەی مام زۆرابی باوکی پیرۆز دەکات «بســـتێك باڵای لە زەوی بەرز نەبۆتەوە.. خڕ و کورت کەچی بەلای ئەستووریدا ئەچێت.. ئەڵێی چەپەرە شڕە دێ و دەڕوات..». دەبوو نووسەر بۆ ناساندنی کەســـێتی (مام زۆراب) ئەم وردەکارییەی پیشان بدایە، بەڵام ئەم ئەرکەی بە کەســـێکی دیکەی نێو نۆڤلێتەکە سپاردووە

ئەمەش هەوڵێکە بەرەو ئەزموونی تازە هەنگاوی ناوە و بۆ کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردوو بە خاڵی گوێزانەوە دادەنرێ لە رەوتی چیرۆک و نۆڤلێتی کوردیدا.

بە گشتی ئەوەی من لەم دەقەدا دەیبینم ئەمانەن:

- بەکارهێنانی زمانێکی وەسفی، وەسفەکەش هەندێك جار راستەوخۆ نووسەر خۆی دەیکات و برێ جار لە رێگەی کەسایەتییەکانەوەیە.
- سەرسەختی لایەنی چاکەخواز بەسەر خراپەکاردا، ئەمیش پتر لە بڕوایەکی ئایینی کوردانەوە هاتووە و دڵدانەوەی خوێنەری تێدا رەچاو کراوە (هەموو شتێ لە بارێکدا دەپسێت، بەڵام ستەمکاری لە ئەستووریدا دەپسێت).
- کەسانی هەژار و بێ پشتوپەنا لە کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتیدا هەمیشە دەبنە قوربانی مەرامی کەسانی دەستڕۆیشتوو و پشت ئەستوور.
- لە رووی دەروونییەوە هەڵسوکەوت و رەفتاری کەسایەتییەکان رەچاو کراوە.
- لەم دەقەدا دەسەڵات پاوەنخوازە و پشتگیری دەستوپێوەندی خۆی بۆ ستەمکاری هان دەدات.

## بەردەژن!!

## بەردەژن!!

زۆر بە کوڵ و دڵ بە خۆم وتووە کتێبی (داغستانی من)ی ڕەسوڵ هەمزە تۆف لە دوو سەرەوە نەوەی ئێمەومانانی گورج کردووەتەوە، لە لایەکەوە خۆشەویستی وڵاتی خۆمانی لا پیرۆزتر کردین و لە سەرێکی دیکەوە زمانی نەتەوەییمانی لا شیرینترکرد، ئەم دوو هەستەمان لە ڕێگەی نووسەری کتێبەکە و وەرگێڕی کتێبەکە عەزیز گەردییەوە دەست کەوت. لێرەشدا وای بۆ دەچم کە نووسەری نۆڤلێتی (بەردە ژن) هەستێکی لەو بابەتەمان لا دروست دەکات.

مەولوود ئیبراهیم حەسەن لە بەرایی نۆڤلێتی (بەردە ژن)دا لە زمانی

جوتیارێکی سادەی گوندەی (عالڵا)وە دەڵێت «نا، نەکەی، هەر شتێکت نووسی، ناوی عالڵای تێبکە.» ئەم وتە گەرموگوڕە لە هەستی جوتیارێکەوە هەڵقوڵاوە و گەیشتووە نووسەر و لەنێو وشە و رستە و هەموو پەرەگرافێکی دەقەکەدا رەنگی داوەتەوە، چونکە زادە و هەڵقوڵاوی ئەو خەڵکەیە کە بە روح بە خاك و زێدەوە نووساون. ئەوەتا نووسەریش بە هەمان جۆشەوە لە حەناس گەرموگوڕی وتەی جوتیارێك هەست بە شەرم و بچووکی خۆی دەکات و وتەیەکی لە مێژینەی عالڵاییەکان بۆ خۆی دەکاتە پەند «باز بە چی دەچوو، ئەگەر چۆلەکەی بەستەزمان نەبووایە».

(بەردەژن!!) ناونیشانی ئەم کورتە رۆمان (نۆڤلێت)ەیە و هەر بۆ خۆی رۆمانێکی ئەفسانەییە و نووسەر هەوێنی بیرۆکەکەی لە داستانی گلگامێشەوە هێناوە کە بە پێی بۆچوونی مێژوونووسان و شوێنەوارناسان داستانەکە هی سەردەمی سومەرییەکانە، جێنشینگەی ئەمانیش لە ناوەڕاست و باشووری عێراقی کۆنە، بەڵام نووسەر لە خۆشەویستی زێد و باوانی خۆی بە خەیاڵ رووداوی داستانەکەی گوێزاوەتەوە بۆ دەڤەری کەندیناوە و قەراج و بەتایبەتیش بۆ گوندی عالڵا. جوتیارانی عالڵا بۆ گەڕان بە دوای کوپە زێردا لە ژێر زەوی ژنێکی رووت و زیندوو دەدۆزنەوە، بەڵام هەر ئەوەندە هەوای سەر زەمینی بەردەکەوێت دەبێتە بەرد، بەڵام ئەو بەردە روخساری مێیانە و ژنێتی هەر پێوە دەمێنێ.

نووسەر لە رێگەی فانتازیایەکی وا کە تێکەڵەیەك بێت لە ئەفسانەی دێرین و ئەفسانەی خەیاڵکردەوە، بە زمانێك نزیك لە حەکایەتەوە، بە ناونیشانێکی وا دەمانباتە ناو دنیایەك کە بۆ خۆی بووەتە ئەفسانەیەکی نوێ، ئەفسانەیەك لەگەڵ پەرۆش و مەیلی خەڵکەکەیدا دەگونجێت و

ڕەنگە بۆ نەوەکانیشیان (عالّلاییەکان) وەك دیکۆمێنتێکی ئەفسانەیی بخوێندرێتەوە.
لەم نۆڤلێتەدا چیرۆکە ئایینیەکان و بە شێك لە حەکایەتەکانی ئەم دنیایە بە ناکۆکی و خۆشەویستی و رق و هەموو دژەکان لای نووسەر چڕ دەبنەوە و لە گوندی عالّلا کۆ دەبنەوە، ئەم پێداگری و خۆشەویستییەی نووسەر بۆ زێدو باوان وای لێدەکات لە ڕێگەی خەیاڵەوە هەموو ئەو ڕووداوانەی کە لەسەرەتای مرۆڤایەتییەوە لە ئاوەز و بیری مرۆڤایەتی جێگر بوون بباتەوە گوندەکەی خۆی. ئەوەتا یەکەم خەڵقەندەی خودا (ئادەم) ئینجا (حەوا) دوای ئاوارە بوونیان لە بەهەشت پێ لەسەر خاکی عالّلا دەچەقێنن و ئاوەدانی دەکەنەوە، حەزرەتی نووح بە خۆ و لە هەموو رەگەزی زیندەوەران (دووانەی نێر و مێ) کەشتیەکەی لەسەر چیای بلّباسان (قەرەچوغ) لەنگەر دەگرێت. گەلگامێش و ئەنکێدوی هاوڕێی هەر لە کەندێناوە و قەراج بەتایبەتی گوندی عالّلا داستانێکی لە بیر نەچوو بۆ مرۆڤایەتی جێدەهێڵن.
نۆڤلێتی (بەردە ژن) ئەو کەسانە بە باشی لێی تێدەگەن، کە قەدەری وڵات و زێد و زمان و مێژووی خۆیان دەزانن و خۆشیان دەوێ، هەروەها ئەو کەسانەش بەها و نرخی دەزانن کە لە مانای بە ئەفسانە کردنی دەق شارەزایی و سەرەدەریەکیان هەیە. هەر ئەم جۆرە لەوە تێدەگەن کە چ پاڵنەرێك وای لە نووسەر کردووە کە دێی عالّلا بکاتە چەقی هەموو دنیا و لە زێد و باوانی ئەوەوە تیرەی بنیادەم بە خۆی و خولیاکانییەوە لەوێوە تەشەنە بکات. مرۆڤایەتی بە هەموو خەسێتی تەبایی و ناتەباییەوە لە شوێنێکی وەك عالّلا کۆببێتەوە، دیارە هەموو دیاردەکانی ژیانیش هەر لە وێ سەر هەڵدەدەن، ئێ نووسەریش ئەمانەی لەوێ پیشان داوە.

لەمەشدا لە دەڤەرێکی بەرینی وەك کەندیناوە و قەراج خۆی واتەنی بە تایبەتی لە دێی عالڵا خانەوادەیەکی هەڵبژاردووە و رووداوی کۆن و نوێی ناوچەکەی بە کلتووری هەمە چەشنەیەوە، هەر لە باوکە ئادەم و حەواوە بەم خانەوادەیەوە دەبەستێتەوە، ئاوهاش وەك چۆن دنیای لە دەڤەرێکی بچکۆڵەدا چڕ کردووەتەوە، مێژووی دەڤەرەکەیشی لە خانەوادەیەکدا چڕ کردووەتەوە. خانەوادەی حاجی حەسەن و کچ و کوڕەکانی: حاجی حەمەدەمین، پلکە مۆتیێ، برایم، خەلیفە ئەحمەد.

هەر یەکە لە مانەش خاوەن بەهرە و شارەزایی خۆیەتی وەك زانیاری کەش و هەوا و کشتکاری و وەبەرهێنانی بەروبوومی ئاژەڵ و تەندروستی بەیتاڵی و ڕێبازی ئایینی و دەروێشی. بەهرە و توانای ئەمان بە ناوچەکە و دنیادا بڵاو دەبێتەوە.

خۆشەویستی خاك و دەڤەری کەندیناوە لە باوکە ئادەمەوە بۆ ئەم بنەماڵەیە دەمێنێتەوە. ئەوەتا ئادەم دوای دەرکردنی لە بەهەشت لەسەر ئەم خاکە دەگیرسێتەوە، ئادەم بە کوڵ و دڵ لە خودا دەپاڕێتەوە «خودایە، ئەگەر تۆ لە سەر گوناهی گەنم خواردنی بە غەزەبی خۆت لە بەهەشتێت وەدەرنام، خودایە بە مەرحەمەتی خۆت کەمێك شێوەی بەهەشت بەم ناوچەیە ببەخشە.»

بۆیە خەڵکی کەندیناوە پێیان وایە کە «خودا پاڕانەوەکەی لێ قبووڵ کرد، خودا بەرەکەتی دا بەم زەوییانە.» ئاوها دەڤەری کەندیناوە دەبێتە وێنەیەکی دیکەی ئەو بەهەشتەی کە ئادەمی لێ وەدەرنرا. ڕەنگە بتوانین بەندیوارییەك لە نێوان ئاوارە بوونی ئادەم و حەوا و ئاوارە بوونی خەڵکی کەندیناوە دروست بکەین، بەڵام ئاوارە بوونەکە دەبێتە دۆخێکی ئەزەلی و هاوکات بۆ ماوەییە، هەرچی ئاوارە بوونی یەکەمە لە سۆنگەی

گوناهێکەوە بوو (خواردنی درەختـــی قەدەغەکراو)، بەڵام ئاوارە بوونی وچەکانی ئادەم (خەڵکی کەندیناوە) لە ســـۆنگەی گوناهێکەوە نییە، هەموو گوناهەکەیان بێ ســـەری و جوانی و بە پیتی خاکەکەیانە، کە خەڵکی غەوارە چاویان تێبڕبوە، ئاخر (ئێستا ئەو جوتیار و سەپان و شوانە بەهشتیانە بێ ئەوەی تاوانێکیان کرد بێت، قەدەغە شکێنییەکیان کرد بێ! بێ ئەوەی لە فەرمانی خودای خۆیان لایان دابێ، ئەوا بۆ جاری دووەم لە بەهەشت دەر دەکرێن!».

کاتێ دێینە سەر بنیاتی دارشتنی ئەم نۆڤڵێتە، دەبینین بنیاتی گێڕانەوە بە پێچەوانەی گێڕانەوەی دەقی دیکە نووســـەر خۆی لە دەســـەڵاتی تاکرەوییانە لاداوە و گێڕانەوەکەی رادەســـتی کۆمەڵە کەســـێك کردووە «خەڵکی کەندینـــاوە و قەراجی، بە تایبەت خەڵکی گوندی عاڵڵای دەگێڕنەوە..»

دەبینین لە ســـەرەتای زۆربەی پەرەگرافەکاندا ئەم جۆرە گێڕانەوەیە بێ کەم و زیاد بەکار هێنراوە، وا هەست دەکەم نووسەر لە شێوازی ئەم جۆرە گێڕانەوەیەشدا سوودی لە هونەرە میللییەکان بینیوە، بە تایبەتی هونەری بەنـــد و لاوك و حەیران. ئەوەتا لە ســـەرەتای دەقەکەدا و لە لاپەڕە (٧) دا ئاوها دەســـت پێدەکات «لەوەتەی دنیـــا دنیایە..!! لەوەتەی مرۆڤ مرۆڤە..!! لەوەتەی زیندووە. رووەك لەسەر ئەم زەوییە پەیدا بووین و چاو دەگێڕن و هەناسە دەدەن و سەوز دەبن...هتد» هەرئەم پەرەگرافە بە بێ زیاد و کەم لە لاپەڕە (٢٨)یشدا دوای پشوویەك لە گێڕانەوە دووبارە دەست پێدەکاتەوە. ئەم ریتمی گێڕانەوەیە بۆ سەرەتا زۆر بە کەمی لە پەخشاندا بەکار دەهێنرێ، بەڵام لـــەم دەقەدا زۆر بە روونی بە کار هێنراوە. جگە لەمەش نووسەر بە زمانێکی نزیك لە زمانی شیعر و بە خەیاڵێکی ئەفسانە

ئامێز میتۆلۆژیا و داب و نەریتی کوردەواری و رووداوە ئاینییەکانی لە یەکەیەکی نەپچڕاودا پێکەوە گرێداوە و خوێنەر وا هەست دەکات تێکڕای قەوماوو روداوەکانی هەموو دنیا لەسەر زەمینی کەندیناوە و قەراج سەریان هەڵداوە، ئەمەش بۆ یەك شت دەگەڕێتەوە ئەویش خۆشەویستی و عەشقی نووسەرە بۆ زێدو باوانی خۆی.
نووسەر لە میانەی گێڕانەوەوە ناو بە ناو لایەك بە لای هاندانی نەوەی ئێستا و ئایندەی ناوچەکەدا دەکاتەوە بۆ کۆبوونەوەی دیاردە و کلتووری باوی ئەو خەڵکە بـــە تایبەتی ئاماژە بە فەرهەنگی جنێوی ناوچەکە دەکات و لەمەشدا راشکاوانە و لە میانەی گفتوگۆی کەسەکاندا جنێوە بێ پەردەکان دەخاتە روو. ئاوهاش من وەك خوێنەرێك پێم وایە نۆڤڵێتی (بەردە ژن) گەر خەیاڵ و فانتازیا و حەکایەتە ئەفسانە ئامێز و گێڕانەوەی وەك ژانرێکی ئەدەبی لێ دەربکەین، ئەوا رەنگە کۆمەڵناس و شوێنەوار ناس و مێژوو نووس و جگرافیناسەکان وەك دەقێکی زانستی تەماشای بکەن، چونکە نووســـەر لە دەقێکی ئەدەبیدا هەموو ئەو زانیارییانەمان دەخاتە بەردەست.

# خواوەندی ئەلەموت
# هەوڵێك بۆ گێڕانەوەی شکۆمەندی

## خواوەندی ئەلەموت
## هەوڵێک بۆ گێڕانەوەی شکۆمەندی

ململانێی مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆی و دەرووبەری هەر لە سەرەتاکانی مێژووەوە تا ئێستا بەردەوامە، ئیدی ئەو ململانێیە لە پای گەیشتن بە ئامانج هەزاران قوربانی و کاولکاریشـــی لێکەوتبێتەوە، ئەوا هەر بەردەوام بووە و هەر بەردەوامیش دەبێت، لێرەوە هۆ دەدەینەوە سەر کتێبی (خواوەندی ئەلەموت) کە نازناوی پێشەوای باتینیەکانە. کتێبەکە لە نووسینی (پۆل ئامیر)ە و لە دوو بەرگدا لە شێوەی گێڕانەوەیەکی سەرنج ڕاکێش ســـەردەمی گەشەکردنی گرووپی باتینییەکان دەور دەکاتەوە. کتێبەکە بە هەردوو بەرگەکەیەوە (١١٣٣) هەزار و سەدو و سی و سێ

لاپەڕەیە و (سەیدا شێخ زرار) بە زمانێکی نیمچە ستاندارت و هەندێ جـار ناوچەیی لە فارسـییەوە کردوویەتی بە کوردی و کتێبخانەی میللەتەکەمانی بەم بەرهەمە دەوڵەمەند کردووە.
لە رووی ژانرەوە سـیمای بە مێژووبوونی بەسـەردا زاڵە، چونکە بە درێژایی هەردوو بەرگەکە نووسـەر سـاڵ و بەڵگـە مێژوویەکان و ناوی راسـتەقینەی کەسەکانی بە بێ دەستکاری و دوور لە خەیاڵ بەکارهێناوە، مێژووەکەش سنووردارە و بە ئاماژەی ساڵەکان و سەردەمی حوکمڕانییەکان تەواو سەردەمی خەلافەتی عەباسییەکانە بە تایبەتی ئاخر و ئۆخری دەسـەڵاتی ئەو خەلافەتە عارەبییە ئیسلامییەی کە هەندێ خەلیفەی بێ بڕست و لاواز حوکمڕانیان دەکرد و وایان لێهاتبوو تەنها لە بەغدای چەقی خەلافەت و دەور و بەری دەستیان دەڕۆیشت و ناوچە دوورەکان سەربەخۆیی یان نیمچە سەربەخۆییان هەبوو، چونکە لەو چاخەدا میللەتانی موسڵمانی ناعارەب هەوڵیان دەدا بگەڕێنەوە سەر بنەچە و شکۆمەندی خۆیان، بە تایبەتی لە ئێرانی ئەو سەردەمەدا سـەلجوقییەکان باڵادەسـت بوون و مەلیکشای سەلجوقی و دەستو پێوەندەکەی سەلجوقی بوون.
گەر جارێکی دی بگەڕێینەوە سـەر نێوەڕۆکی کتێبەکە و لەسەر بە رۆمان بوونی ئەم تێکستە هەڵوەستە بکەین، دەبینین هەموو مەرجەکانی رۆمانی تێدایە، چونکە لەسـەر بنەمای گێڕانەوە و رووداو و کات و کەسایەتی رۆنراوە، ئەمە جگە لەوەی رووداوی سەرەکی و وردە رووداو لەسەر بناغەی چنین پێکەوە بەستراون. کەسانی زۆری نێو ئەم تێکستە لەگەڵ جیاوازی کاریگەری ئاسـتی بیرکردنەوە و چالاکی مادی مەعنەوییان لە کۆتاییدا لە پای زەق کردنەوەی کەسێتی (حەسەنی

سەبباح)ی رابەری باتینییەکاندا بەکار هێنراون، بۆیە ئەم کەسایەتییە بە شاکەسـی دەقەکە دەناسرێ. ئاوهاش ئەم دەقە دەبێتە رۆمانێکی مێژوویـی، چونکە ئاماژە و بەڵگەکانی لـە بازنەیەکی مێژوویی دیاریکراو تێنەپەڕیون.
ئەم دەقە بە نێوەڕۆك و هەڵچوون و داچوونی رووداو و کەسـەکانییەوە بـە دەوری یەك ئایدیادا دەخولێتەوە، ئەویش بیر و باوەڕ و نیازی ئەو گروپەیە کە لەسەردەمی خەلافەتی عەباسیدا بە (باتینی) ناسراون و حەسەنی سەباح رابەرایەتی دەکرد. ئەوە بوو ئەو گروپە یان بزووتنەوەیە لە هەموو قەڵەمڕەوی خەلافەتی ئیسـلامیدا بە هەڵگەڕاوە، یان بە لەڕێ لادەر دەناسران و لە لایەن موسڵمانانەوە نەفرەتیان لێکرا بوو، تا ئەو رادەیەی خوێنیان حەڵاڵ کرابوو. بزوتنەوەکەش بە نهێنی مایەوە تا ئەو کاتەی خۆیان ئاشکرا کرد و کاتەکەشیان ناونا (رۆژی راپەڕین).
وەك لە کتێبەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە، گوایا باتینییەکان لە بنەچەدا دەچنەوە سەر ئیسماعیلییەکان، یان فاتمییەکانی میسر.
وشەی (باتینی) بەو واتایە بوو بە پێناسەیەك بۆ هەوادارانی گروپەکە گوایا ئەوان دەربارەی تێگەیشـتنی قورئانی پیرۆز دوو بۆچوونیان هەبووە، کەسانێك تەنها لە دیوی دەرەوەی واتاکانی قورئان گەیشتوون و ئەمانەش خەڵکی ئاسـایی سەرجەمی موسڵمانانن، بەڵام جۆری دووەمی موسڵمانان ئەو کەسانەن کە پەی بە دیوی ناوەوەی واتاکانی قورئان دەبەن و لە کرووك و گەوهەری ئایینی ئیسلام گەیشتوون، دیارە باتینییەکان خۆیان بە جۆری دووەم دەزانی. وشـەی (باطن_ باتین _ نادیار و شـاراوە) هەر لە واتای شاردراوەی قۆرئانەوە هاتووە. هەر بۆیە پێوە بەستراوانی ئەم ڕێبازە تا سەردەمی ئاشکرابوونیان بیروباوەڕ و

هەڵوێستی خۆیان لە خەڵکی دەشاردەوە. هەروەها لە دەمودووی نێوان خۆشیاندا بە ڕێبازەکەیان دەوت (ئاینەکەمان).

پێــم وایە هەر ئەم نـــاوە وای کرد کە دەســـەڵاتداران و خەڵکیش بە هەڵگەڕاوە لە ئایینی ئیسلام تێیان بڕوانن. جگە لەمەش بە ڕابەری بزوتنەوەکـــە دەوترا (خواوەند) لە کاتێکـــدا زاراوەی خواوەند لە دوای هاتنی کتێبە ئاســـمانییەکان و لە ڕێگەی پەیامبەر و پێغەمبەرانەوە بیروباوەڕی یەکتاپەرستی جێگیر بوو، ئیدی میتۆدی فرە خواوەندی کاتی بەسەر چوو بوو، هەر وەك چۆن لەسەردەمی یۆنانی کۆندا بۆ هەر دیاردەیەك خودایەکیان دانابوو، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام ئیدی یەکتاپەرستی بوو بە باوەڕی هەموو بڕواداران.

باتینییەکان وەك ئەوەی لە ناو جەرگەی ئیسلام بە گشتی و ئاینزای شیعە ئایینێکی تازەیان داهێنابێت، ڕەفتاریان دەکرد، کەچی بە ڕواڵەت بیروباوەڕی خۆیان هەرلە چوارچێوەی ئایینی ئیسلامدا لە قاڵب دەدا.

ئەوەتا (حەســـەنی سەباح) کە پێشـــەوا و ڕابەری بزوتنەوەکە بوو لە قۆناغی نهێنیدا مزگێنی (مهدی المنتظر__ مەهدی چاوەڕوانکراو)ی بە پێوە بەســـتراوانی دەدا، ئیدی دوای گەشەکردنی باتینییەکان و وەدەســـت هێنانی هێزی سەربازی وسامانی خۆیان ئاشکرا کرد و حەسەنی سەباحی پێشەوا خۆی بە مەهدی چاوەڕوان کراو ناساند و ئەو ڕۆژەیان ناونا (ڕۆژی ڕاپەڕین)، بەڵام ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت لە دوای ڕۆژی ڕاپەڕینەوە بە فەرمانی حەسەنی سەباح هەموو ئەرکە ئاینییەکانی وەك نوێژ و ڕۆژوو گرتن لەســـەر باتینییەکان هەڵگیرا.

ئەم ڕەفتارەی حەسەنی سەباح لە لایەکەوە وەك هەندێ لە سۆفییەکان کە باوەڕیان بە (الفناء فـــی اللە— توانەوە لە زاتی خودادا) بوو، لە

لایەکی دیکە ئەم باوەڕەی حەسەنی سەبباح دوای نزیکەی حەوت سەد و هەشتا ساڵ شێوەیەك لە ڕەفتارەکانی (حەمە سوور)ی گوندی کلاوقوتی دەڤەری شوانی کەرکووکمان دێنێتەوە یاد، چونکە حەمە سووریش دوو توخمی سەرەکی لە هەوادارانی خۆی قەدەغە کردبوو، یەکەم وەچە و زوڕێت نەخستنەوە، دووەم جێبەجێ نەکردنی هەندێ لە ئەرکە ئاینییەکان بوو وەك نوێژکردن و ڕۆژووگرتن. دەبینین لە بارەی زوڕێت نەخستنەوەوە حەمەسوور بەردەوام ئاماژەی بە ئایەتێکی قورئان دەکرد (بسم الله الرحمن الرحيم: انما اموالكم و اولادكم فتنه و الله عنده اجر عظيم— سوره التغابن، ئایەتی ١٥). دەبینین باتینییەکانیش کۆمەڵێکیان دەخەسێنران تا وەچە نەخەنەوە.

هەر لە روانگەی ریزپەڕییەوە دێینە سەر رەفتارێکی دیکەی باتینییەکان، ئەوەی زۆر سەرنجی راکێشام ئەو مامەڵە دەروونی و چەوساندنەوە جەستەییەیە کە پێشەوای باتینییەکان لەنێو پێوەبەستراوانی خۆیدا پەیرەوی دەکرد، بە تایبەتی ئەوانەی لە هەرەتی لاویدا بوون دەستەیەکیان لێ هەڵدەبژێررا و دەخەسێنران و لە هەست و چێژی نێرایەتی بێبەش دەکران. ئەمانە دوای ئەوەی بە کارەکی دەخەسێنران ناویان لێ دەنرا (خۆ بەختکاری رەها). خۆبەختکارانی رەها لە قەڵاسەختەکاندا پەروەردە دەکران و لەگەڵ دنیای دەرەوەی قەڵادا بە تەواوی پەیوەندی نەدەما و هاوکات جگە لە فەرمانی پێشەوا پەیوەندی بە خودی خۆیشیەوە نەدەما، واتا نە سۆزی بەرانبەر کەسوکاری خۆی دەما، نە ئاگای لە ئەرکە بایۆلۆژییەکانی جەستەی خۆیەوە دەما. ئیدی وەك رۆبۆتێك بە نەمانی هۆرمۆنی نێرایەتی تووکی دەموچاویشیان هەڵدەوەری و دەبوونە بوونەوەرێکی نە نێر و نە مێ (نێرەمووك). ئەم

دەستە نەزۆکە بۆ لە نێو بردنی نەیارەکانی ئایینی باتینی تەرخان دەکران، بە تایبەتی ئەوانەی بووبوونە مەترسی و تەگەرە لە ڕێگەی بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی باتینی. بە هۆی ئەم دەستە نێرەمووکەوە کەسانی زۆریان لەنێو برد وەك خواجە نیزامولمولکی وەزیری گەورەی مەلیکشای سەلجووقی و تورکان خاتوونی بێوەژن کەوتەی ژنی مەلیکشا.

بێگومان لەگەڵ پەیدا بوونی مرۆڤ ناکۆکی و رق و تۆڵەش سەری هەڵداوە. گەر لە سەرەتادا ناکۆکی و لەنێو بردنی یەکتر بە شێوازی ئاشکرا و نەخشە بۆنەکێشراو بووبێت، ئەوا لەگەڵ رەوتی رۆژگاردا شێوازی یەکتر لە نێو بردنیش شێوەی دیکەی وەرگرتووە و بە نهێنی و دوور لە چاوی خەڵك نەیاران لەنێو براون. ئیدی پێ بە پێی گۆڕانی شێوازی کوشتار جۆرە کوشتارێکی دیکەی نهێنی پەیدا بوو کە لە سەردەمی ئێستاماندا ناوی لێ نراوە (تیرۆر). پێم وایە کاری تیرۆر بەو شێوە نهێنی و بەرنامەڕێژییە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی باتینییەکان و ئەو دەستە هەڵبژێرراوە خەسێنراوە رادەسپێرران تا بە نهێنی نەیارە سەر سەختەکانی باتینییەکان لە نێو ببەن.

نووسەری ئەم کتێبە (پۆل ئامیر) دەڵێت «ئێمەی ئەورووپی وا دەزانین یەکەم تاقمی ئایینی کە لە هەمان کاتدا لایەنی سەربازیشی لە خۆی گرتبوو لە ئەورووپا سەری هەڵدا، لە کاتێکدا یەکەم کۆمەڵەی ئایینی و سەربازی لە ئێراندا هاتە کایەوە و لە ئایینی باتینییەکاندا وەرزش و راهێنانی جەنگی بە ئەرکێکی ئایینی لە قەڵەم دەدرا». بۆ پاڵپشتی ئەو وتەیەی نووسەر ئەوەتا باتینییەکان لە قەڵاکانیاندا لەگەڵ مەشقی سەربازیدا بەریتمی تەپڵ لێدان مەشقکاران ستایشی پێغەمبەر (د.خ)

و حەزرەتی عەلییان کردووە، هاوکاتیش یەکێك شیعرەکانی (فیردۆسی) ی شاعیرەی گەورەی ئێرانی خوێندووەتەوە، بەمەش حەسەنی سەبباح ویستوویەتی سێ لایەن لە هەوادرانی خۆیدا جێگیر بکات، یەکەم ئامادەکردنی جەستەیی بۆ کاتی بەرەنگار بوونەوە، دووەم ئامادەکاری روحی و بزواندنی گیانی شیعەگەرایی، سێیەم جۆشدانی هەستی نەتەوایەتی و ئێرانگەرایی.

ئەوەی لەم کتێبەدا سەرنجی راکێشام جگە لەوانەی باس کران ئەو وتە کاریگەرەی حەسەنی سەبباحی رابەرە «تا ئەو رۆژەی بیر و هۆشمان لەژێر کاریگەریێتی عارەبدا بێت، ئێمە هەر کۆیلەین و رزگار نابین.» رەنگە تەنها ئەم دەربڕینەی پێشەوای باتینییەکان بەس بێت تا خوێنەر لە خواست و نیازی باتینییەکان بگات، چونکە ئەو هەستی خۆ بە کۆیلە زانینە لە حەناس دەسەڵاتی عارەب کە رابەرایەتی خەلافەتی ئیسلامیان لە بەغدا دەکرد بزوێنەری یاخی بوون و هەڵگەڕانەوەکەیان بوو، بۆیە کرۆکی هەستی بەرهەڵستکاری لای حەسەنی سەبباح و تێکرای هەوادارانی کارکردن بوو بۆ گەڕانەوەی شکۆمەندی و دەسەڵاتی کۆنی ئێران. هەر ئەم هەستەش وای کردبوو کە بانگهێشتکارانی باتینی لە هەر شوێنێکی ئێران دەرفەتیان بۆ بڕەخسایە لایەنگرانی خۆیان هان دەدا کە شارەزایی لە مێژووی خۆیاندا پەیدا بکەن و هەوڵیان دەدا لە هەموو وڵاتی ئێراندا زمانی فارسی بەکار بهێنرێ و زمانی دەسەڵات کە عارەبی بوو وەلاوە بنرێ، چونکە بە زمانی داگیرکەریان دەزانی. ئاوهاش باتینییەکان هەوڵیان دەدا بۆ گێڕانەوەی شکۆمەندی ئێران ئایینی ئیسلام بکەنە دەسکەلا و لەو رێگەیەوە بگەنە مەرامی خۆیان، لەمەشدا لە پاڵ پەردەی ئیسلامەوە شیعرەکانی

فیردەوسی شارعیریشیان لە بیر نەچووبوو، چونکە نێوەڕۆکی شیعری فیردەوسی ژینگەیەکی باش بوو بۆ وەبیر هێنانەوەی ئەو رابردووە پڕ لە شکۆمەندییە.

گەر لە میانەی خوێندنەوەی ئەم کتێبەوە هەڵوەستەیەك لەسەر کەسێتی (تورکان خاتوون) بکەین، دەبنین ئەم بێوەژنە دوو ئەدگاری فریودەرانەی هەبووە و پیاوانی سەردەمی خۆی سەرسام کردووە، یەکەم جوانییە بێ وێنەکەی خۆی بەردەوام چون چەکێك بۆ فریودانی پیاوان بەکارهێناوە، دووەم شارەزایی و زیرەکی و فێڵ و فڕی ئەو تۆی بە کارهێناوە بنیادەم سەری سوڕ دەمێنێت. ئەم ژنە هەر دوو خەسێتەکەی وەك شمشێرێکی دوو دەم دژی نەیارانی خۆی بەکارهێناوە بە تایبەتی دژی باتینییەکان زۆر بە وردی مامەڵەی کردووە ئیدی بەم ئاوهایە کاتێ ویستبێتی بگاتە یەکێك لە مەرامەکانی چەکی جوانییەکەی بەکارهێناوە و چۆکی بەسەر سەختترین نەیاری خۆی دادەدا، ئەو پیاوانەی بە دەستی تورکان خاتوون فریویان خوارد تەنیش شوبرای خۆی و فەروخ سوڵتان کە فەرماندەیەکی سوپای عەشایری کوردەکانی کرماشان هەروەها کار گەیشتە ئەوەی بانگهێشتکارێکی گەورەی باتینییەکانیش بکەوێتە داوی ئەفسوونی ئەو ژنەوە کە ئەویش(جەوادی ماسالی ) بوو، ئیدی تا ئەو کاتەی تورکان خاتوون بە دەستی یەکێك لە خۆبەختکارانی رەهای باتینییەکان لەنێو چوو چەندین پیاوی دەسەڵاتدار فریویان خوارد و ئەنجامیش بەدەستی خۆی لە ناوی بردن.

پێم باشە رۆڵی کوردیش لەو سەردەمەدا کەمەکێك دەور بکەینەوە.

ئەوەندەی من بۆی چووبم لە رووداوەکانی ئاخر و ئۆخری خەلافەتی

عەباسی وســـەردەمی گەشەکردنی باتینییەکان ئەو خێڵە کوردانەی بەشداری هەر رووداوێك بووبن بە هیچ شێوەیەك لایان بە لای کێشەی نەتەوەیی خۆیاندا نەکردووەتەوە، بەڵکو لە نێو ململانێکاندا بۆ مەرامی هێزە دژەکان بەکارهێنراون و بەردەوام وەك سووتەمەنییەك لە جەنگی ئەم و ئەودا بە خۆیان و خاکییانەوە بەکارهێنراون، لە کاتێکدا لەو سەردەمی لاوازییەی خەلافەتی عەباســـیدا دەیانتوانی بناغەیەك بۆ ئێستامان دامەزرێنن.

باتینییەکان دوای نەوەت و پێنج ســـاڵ گەشەکردن و بەهێزی لە دەور و بەری ساڵی ٦٥٤ی کۆچی دواهەمین قەڵاسەختەکانیان لە لایەن هۆلاکـــۆوە تەفروتونا کران و جارێکـــی دی کەوتنە قۆناغی کاری نهێنییەوە.

## ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەرانی کورد پاش کۆنفرانسی ئازادی بەچاپی گەیاندوون جگە لە گۆڤاری گزنگ کە بەردەوام مانگانە دەردەچێت

| ز | ناوی کتێب | بابەت | نووسەر | وەرگێڕ | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٠٨ | خوێندنەوەی چەند دەقێکی ئەدەبی و فیکری | خوێندنەوە | سامان محەمەد | | ٢٠١٠ |
| ١٠٩ | هەرمێیەکانی فیرعەون | شیعر | ئەحمەدی مەلا | | ٢٠١٠ |
| ١١٠ | تەونێك لە شیعر و وشە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | مەحمود نەجمەدین | | ٢٠١١ |
| ١١١ | ١ ١ ١ نامەی سۆزداری | تێکستی دڵداری | کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: حەمە سەعید زەنگنە | | ٢٠١١ |
| ١١٢ | دانای کوێخا شەوکەت | ڕۆمان | موعتەسەم ساڵەیی | | ٢٠١١ |
| ١١٣ | سەمای روح | کورتە چیرۆك | نەوزاد یوسف کاکەیی | | ٢٠١١ |
| ١١٤ | سلێکوك هۆکلێر عاجباتیی هەشتەم | ڕۆمان | عەبدوڵڵا سەڕاج | | ٢٠١١ |
| ١١٥ | خەزان و شنەی بەیان | شیعر | غازی ڕەشید زەنگنە | | ٢٠١١ |
| ١١٦ | بزووتنەوەی روانگە و شاعیرانی حەفتا و هەشتاکانی هەولێر | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | د.هیمدادی حوسێن | | ٢٠١١ |
| ١١٧ | ئاوابوونی جەستە لە سەفەری دڵدا | شیعر | ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان | | ٢٠١١ |
| ١١٨ | دەرگاکان | کۆچیرۆك | خالید مەجید فەتحوڵڵا | | ٢٠١١ |
| ١١٩ | تەنیا لەبەر مەعاشەکەیە | کورتیلە چیرۆك | بەکر دەروێش | | ٢٠١١ |
| ١٢٠ | گەشەکردنی زمانی منداڵ | زمانی منداڵ | | و: د.ئازاد باخەوان و ناصح محمد | |
| ١٢١ | لە لووتکەی ئەدەبی ئەڵمانەوە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | عومەر عەلی شەریف | | ٢٠١١ |
| ١٢٢ | وازیەکانی رەشە گۆم | ڕۆمان | کاکە مەم بۆتانی | | ٢٠١١ |
| ١٢٣ | شاری لەغەم ئاوسبوو | ڕۆمان | سالار ئیسماعیل سەمین | | ٢٠١١ |
| ١٢٤ | ململانێ لەگەڵ پرسیاردا | کۆدیدار | دانا عەسکەر | | ٢٠١١ |
| ١٢٥ | ئەو نامانەی بۆ پیرێتی خۆم دەیاننێرم | دەق | سوارە نەجمەدین | | ٢٠١١ |
| ١٢٦ | عامُ الصِّفْرْ | شعر | صباح ڕەنجدەر | ترجمة: المهندس محمد حسين رسول | ٢٠١١ |
| ١٢٧ | ڕاکشان لە تەنیشت تارمایی نیشتمانەوە | چەند دەقێکی شانۆیی | عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) | | ٢٠١١ |
| ١٢٨ | لقاءات تحت أشعة الحروف المشرقة | مجموعة حوارات | سردار زنكنه | | ٢٠١١ |
| ١٢٩ | دزەکان | کۆمەڵە چیرۆك | | ئازاد نەجم | ٢٠١١ |
| ١٣٠ | ڕووبەرێکی ڕەخنەیی | ڕەخنەی ئەدەبی | د. فوئاد ڕەشید | | ٢٠١١ |
| ١٣١ | کتێب | خوێندنەوەی تێکست | جەلیل کاکەوەیس | | ٢٠١١ |